# یاد و ئاوات

# و

# دەردەكورد




# یاد و ئاوات و   دەردەکورد

نووسینی : مەحموود زامدار

بابەت: یادەوەری

تایپ و هەڵەچنی: سۆنیا عەباس محەمەد

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

تیراژ:٧٠٠ دانە

نرخ: ١٢٥٠دینار

ژمارەی سپاردن:١٧١٩ ی ٢٠٠٩

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان– سلێمانی
www.serdam.org

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

# یاد و ئاوات
# و
# دەردەکورد

- یەسنایەکی تر-

خامەی

مەحموود زامدار

سلێمانی ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥١٢)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

***ئازاد بەرزنجی***

( (کدا، مەزدا، مان نەروئیش
نەرو، ویسپنتی؟))

ئەی مەزدە
کەی هەموو جیهان
ڕوو لە ڕاستی دەکەن؟

# نازدارە بێنازەکەم

ئەو ڕۆژگارەی کە هێشتا ئەم هەموو دووفاقی و دەفاقییە و ئەم بەند و باوانەی ئەمڕۆمان نەدەزانی، نەمدەزانی گوڵمەی ڕان لە کام لاوە دەستی بۆ درێژدەکرێ و چۆن نوقورچی لێدەگیرێ و بنهەنگڵ چۆن بۆن دەکرێ، پارووی چەور چۆنە و چۆنیش قوت دەدرێ..! نەماندەزانی لە کوێ چەق ببەستین و لە چ تانۆک و تەیمانێک هەڵبەزین و لە قوڕ و لیتاوەکاندا چۆن ئەزنەق بدەین..! لەو ڕۆژگارەدا کە تازە گوێچکم لە بەچکم ڕوابوو، بە وشە و خۆنواندنێکی گیانییەوە، کە خوا و پێکەنین و جوانی و سادەیی لەسەر لێواری لێوماندا مەیی بوو، لە دیدەمانا ئەڤین چەخماخەی دەدا.. لێواری کەرتکەنان و پەلەپفێمان دەکرۆژی، چ لە حەقی ڤیتۆ و چ لە ڕازی TNT دەگەیشتین، چ لەنێوان کۆڵانی ئێمە و ئێوەدا پەساپۆرت هەبوو..! بە خۆشەویستی بەنج کرابووین، هەڕەمان لەبرە نەدەکرد، پرقەی نەرمە خەنینە پرزەی بڕیبووین، لە دۆغە دۆغی کۆترە تەریوەکان، یەکزمانیی فێردەبووین، گلێنەمان لە هێشووە ترێی ئارگۆناوی ساپیتەکان بڕیبوو، بە ڤزە ڤزی پۆرەی هەنگەکان شارێگەمان دەدۆزیەوە، هێڵنجمان لە هێلکەشەیتانۆکە دەدایەوە، کە مامان و پاشمامانمان دەدی، گوڵەباخمان بەدوای

کۆڵوانەکەیان دەڕشت..! بە کەشارەی دەست بە نەرمی لە مل و گوپ و ڕوومەتی یەکتریمان دەدا... بە (ئەرێ مەرێ)ی دەمەدەمی شێوان یەکتریمان دەخلافاند.. جارناجاریش سووکەڵە ماچمان لە یەکتری دەڕفاند... ئەوکاتەی دایکت و خوشکی گەورەم کە بۆ ڕاز و مراز دەچوونە جێ نزرگەی: (سوڵتان موزەففەر) و (شێمحەمەد خۆراسانی) و (شێخ گەزنە) و (شێخەڵلا)[1] جزمەی زەرد و پێچەی خەپەنگ و چارشەویان لە خۆ لوول دەدا..! بە دەسگەمەی پڕ لە سۆزش و گۆداز و بە (شێر و خەت) و (مۆری مۆری) یەکتریمان دەلاواندەوە.. کە شەوانی هاوین و زستان لە بەردەم قوتیلەچرا، یا فانووسە ملخوارەکە، بەدەم چەرەز شکاندنەوە، داپیرەت بە ڕاوڕێسێکی شیرینەوە، بە حیکایەتی (شەولەبان و دێوی ڕەش و سپی و ئەژدیهای تووکن و سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس) و بە سەربەندی (هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کۆسە مرد کفنی نەبوو، هەڵیان گرت جێگەی نەبوو، دایاننا ڕێگەی نەبوو، نایاننا ناو تاقەوە، چاوی دەزەقایەوە، مەشکە، مەشکە نەبوو، کارخانەی گوڵ بوو، هەرکەس دۆی لێخوارد فێنکی دڵ بوو..) باریکان و باریکان وەختی پێدەبڕین، وە نەوز چاوی ماچ دەکردین و هەریەکە لە باوەش یەکێکدا، تۆ لە باوەشی دایکت و منیش لە هەمێز پوورم، یا کچە پوورم، بە تاسە و لەرزەیەکی تینوارەوە، کاسەی چاومان پڕ دەبوو لە شەبەنگ و دەخەوتین!! یا دوای گەڕانەوەی من لە حوجرە و جارجارەیش بە فەلاقە و شوارکی بەلەززەتی مامۆستا، لە کۆلانە دێرینەکەی باب و باپیرانمان، دەستمان دەکردەوە بە خواردنی (قاویت) و (دانوولە) و (عابل عوودە) و بە گەمەی (سەرەسیفۆن) و (بەردبەردانێ) و (کاغزی چوکلێت)، چەل نا

---

١- جێ نزرگەبوون.

چەلیش (کەرەمستانێ)[٢] ی بڕس بڕسی نێوان هەردوو بەرەی کچۆڵە و کوڕۆڵانی لاگەڕەک، دەکەوتینە بڕێس بڕێسی (جلیت بازێ) و ئەو (خەجەڕۆ)یەی کە یا پەڕۆی دەهێنا، یا نا، تا گرەوەکە بباتەوە..! یا بە هەللور بەللور تەکامەوە، دەمەلاسکەی یەکتریمان دەکردەوە..! یا سات ناساتێ (دارلاستیقەکەت) لێدەشاردمەوە کە چۆلەکەم پێدەکوشت، تا بە دوان گرمۆڵەبین و بیبرژێنم و پەل پەل بیخەمە ناو دەمتەوە! یا کە منداڵانی گەڕەک خۆمان دەخستە ناو دەرپێ و (قاشوانێ)٢ۆزەکەی بەری ئاسمانی دادەگرت!!

****

# گوڵنەزادەکەم

بەدەم بەڕوو برژاندنەوە: (سەری بە خۆت و بنی بە داکت) و (هەموو شتێکی لە بنە) و (ئەگەر ئاقڵی و ئەقڵت تەواوە، سێ پەڕە و دوو شاخ چ مەلی ناوە) و (خەنە هەی خەنە، زەردە لۆخەنە، سەد سندووق لەسەر، سندووقێک بەنە) و (سەرەکەی تەسکە و بنی بڵاوە، کەرەکڵاوە کەرەکڵاوە) و سەدان هەڵهێنانی وەک ئەمانەیان، لە دەوری گۆڕ کە قوڕینەی پڕ لە سەرە بزوتێ، شەوانی درێژی زستانی بە تەپونم و تاووتۆف و تووشدا، داپیرەت سەری پێهێڕ دەکردین و دەیخستینە بەردەم ئاوڕینگی بەراورد و لێکدانەوەیەکی ئەنگوستبەست و قووڵ بێ ئامانەوە، مێشکۆڵەمان

٢- خواردن و خواردنەوە و یاری منداڵان بوون.

گچکە بوو، بەڵان پرساو تەڕزمان و زیتەلە بووین، هەندێجار بە فچە فچەوە یا هەڵماندەهێنا، یا پەککەوتە دڵەکوتێ دایدەگرتین و قەڵانقوپ و بە پەنجەی دەستان، ئەو شەوانەمان دەبڕی، ئینجا لە ئێمە گەورەتر بۆی دەدرکاندین.. ئای! چەند دەرزیلەیەکی نووکتیژ بوو لە شادەماری مێشکیان گییردەکردین و ئاو شیلەی شەکرە بییریان پێدەڕژتین..! خۆ کە گاڤگاڤ دەستیان بە ژێ و سینە سۆزەی ((لایلایەولایە ڕۆڵەم لایلایە و زیدەم لە بابی، دوومین لە دایە))[3]دادەهێنا، دەخشاینە نێو قەڵبەزەی خەوێکی پڕ لە پرخە و پڕ لە دڵنەوایی و پڕناخمان پڕدەبوو لە بۆزەن و بەرامەی باڕژنێکی بەتام..! بە دەم گۆرانی ((هۆمیانە و هۆمیان بەرخۆڵەی دایێ، سەرم هەڵدەگرم دەڕۆم، ناسکۆڵەی دایێ))[4] بە مرۆچەوە دەیەها قایغی ڕەنگاوڕەنگمان دەنەخشاند و لە بانیژەی زرێبارە شینەکان و پەراوێزی ئاسمانەوە، بەسێڵەی گلێنەی بریسکەدارمان، دەمانڕوانیە گەردوون، گەردوونی منداڵان و تێرتێر لە کورکە گریانمان ئەدا..!

****

٣-گۆرانیی منداڵانە بوون.

٤- گۆرانیی ساواین بوو.

# یادگارەکەم

لە خۆڵەپۆت و قورەسووری بەست، ئاوی ئەو مەسینە قورپینەی کە لە ماڵەوە دەماندزی، ئای! چۆن (حەمامۆک)ێکمان دادەمەزراند، ئینجا یا بە گەرمای هەتاو، یا گەر بە پەلە و بەلەز بواین، بە پووش و پەڵاش و شڕکە و پڕکە و خاشاک و سەرەپاکەت و تەپەدۆر و کاغزی مقەوای ناو گوفەکەکان کزرمان دەکردەوە، ئینجا، شوێن تەقاندنیمان بە چەقۆی دۆڵمە یا چیلکە، ئەندازەکێش دەکرد، هێدی هێدیش هەڵماندەکۆڵی و زگیمان دەپژاند و لە پاشا ئاگرۆکەیەکی ناسکۆڵەمان لەنێو پزانگیدا دادەگیرساند و دەبووە گەوهەری شەوچرا و بەژار و ژەنگەوەیش لە بەریدا سەمایەکی پڕ لە تەوژممان سازدەدا و بە زگی برسیش ئاگربازیمان دەکرد! وەک بڵێی: یادی ئاتەشگەرەکانی باوباپیرانی زەردەشتیمان بکەینەوە، یا دورستکەری تاقی کیسرا و ئەهرامی فیرعەون و شوورەی چین، تەنیا هەر ئێمە بووبین!؟ بە سەر ئەم پلیکانە باڵابەژنەدا، ڕۆژ تا ئێوارە بەرەو زەردەپەڕ سەردەکەوتین و ئارەقەیەکی تەڕچکمان بۆ هەڵدەڕشت و دەکەوتینە نێومەکۆی باوەخوڵێی سامۆتکی ئەندێشەیەکی تلێسەوە..!

****

# سەرگەردانەکەم

منی ئەوێستاکێ، ئەو ڕێڤینگە بەزاجو پەرچەمەی پێرێ نیم، کە بڕنووتیم هەڵدەمژی و بە بەردەستێی مامم قونکە جغارەی قامیشم پێدەکرد و بە سۆتکەکەیشی وردە برینی پەنجەتم پێ دەبرژاند.. ڕۆژانی (ئەسپە دارینە) و (قەلەڕەشکەڕاونان) و (سەپانێ و چاوچوقانێ) و (ڕێزرێزانێ و کۆسەبەبە و بەردەقانێ و پێبلّقە و پەلیکانێ و بازبازانێ و جگجگانێ و زللیت)[5] نیم..! تۆش ئەوەی ئەوسای (ئاڵەبووک و گوریسانێ و حەجانێ و جۆللانێ و بەردانێ و خانەخانانێ)نیت، نەتۆ کیژە خڕکەڵەی (حێللانێ و هاتم یەک و هاتم دوو و دێم دێم و فاتێ مەگری مەگری)[6]ت، نە من ئەو کوڕیژگەیەم کە بەخۆم و دیژداشە پنپنەکەم: نوێژی بەیانیان لە مزگەوتی گەورەی ناوباژێر و نیوەڕۆ لە ئاڵتی بارماغ و جەژن لە مزگەفتی گەورەی قەڵا و هەینی لە خانەقا و نوێژی خەوتنان لە شێخی چۆلّی دادەبەست، نە من و تۆی ئەمێستاکێ نەوەی بەستڕپێرێی خامکاری (هەی بەللار و هالەیلێ و نەشمیلانێ و یار زەینەب و هەنارە و کراس زەردێین)[7]نە (مشکۆ و حەیدەرە کەچەڵ و کۆرە و سدیقۆک و جەمیل قەپقاپ و حاجی عەبۆی دەفزەن)[8] لە باودایە.. چ کارێکیش بە دەمانچەی جووت لوولە و تفەنگی جانبێزار و یەکتیر و ماووزەری

٥- یاریی منداڵانەی کوڕانە بوون.

٦- یاریی منداڵانەی کچانە بوون.

٧-گۆرانیی میللی بوون.

٨- گۆرانیبێژی میللی بوون.

(وەستا ئەسوەد) ئەکرێ! ئێستا ڕۆژ ڕۆژی تۆ کاریۆف و دۆشکاو کاتیۆشایە..! چ برازای من و چ خوشکزای تۆ، سەیرانگاکانی ڕەشە بەهاری هەولێری نیگارینی (ئاوبەر و ئەسحابەڕەش و ئاوی میری و میفتاح و باغی سەعیداغا)[9] دەناسن، چ وەک دوێنێی ئێمە، بە چایە و سەماوەر و دۆڵمە و هێلکە و توورشیە سوورەی (مام نادر) و (ڕەمۆ)[10]و بە پەنیر و نانی تیری و کەرەی ماست و پلاوی گژنیژەدار و بەڕەو مافوورەوە، ڕوو لەو چەمەنزارانە دەکەن! چ بەندیواریەکیشیان بە تۆزڵقانە نەبێ بە (خوففاش و تارزان و عەنتەر والی و حەدداد و قاهیرولجەواسیس و بەدرلامە و چاپوک والی و فریدالاطرش و سامیە جەمال)[11]ئەو دەورو زەمانەی سینەمای حەمرا و سەلاحەددینە ماوە!* گەر لەو سەروبەندانەدا عەمبارەسۆت و ئاگرباران و ئەتڵەس و گوڵباتمان مەزاقی گەرم بوو، نهۆ دیۆلین و جەرسە و پلیسێ و پۆپین و پیکە و نینۆ و پرلۆن و ئەنگۆرە و چەمی ڕێزان لە کایەدایە.. خۆگەر دوینێ دەست و دیاریی زاوا، کلچووک و کلدان و دووکیسەی خەنە بوو، ئیمڕۆ ریمیڵ بڕژانگ و پێلووچاو، دەکا بە چاوی شمقاڕ و مامز و خەرچەنگ و بگرە جوانتریش، ئێستا لە جیاتی (گوڵاو) کشمیر و ڤینیس و ڤیگی و لیزەیە.. لە جیاتی ئەو عەریجەی کە کوتکوت دەمخستە سەر لێوت، مۆتە و کرێمەستیکە، لە باتی شرووب و سیفۆن و (لەوزینە و فەریکەنۆک و فەریکەگوێز و مەحچەچە و خرنووک)[12] سێڤن ئەپ و کراش و مشن و تراوبی یە، لە بری لەگلەک و گەنمەشامییە سوور و سەوز و زەردەکەی (مام عەلیبۆت)، سەردین و کۆنسرۆت و پەنیری

٩- سەیرانگەی بەهاران بوون.

١٠- تورشیفرۆش بوون.

١١- فلیمەکانی ئەو زەمانەبوون.

١٢- خواردن و خواردنەوە و یاریی بوون.

کرافتە، لە جێی (تەیرۆکە) و (پونگە) ئایس کرێم و تیپتۆپ، لە بری (فرِفرِۆک) و (جغجغە) و (فشفشە) و (ڕەوڕەوە) و (فەنەر کۆللارە)[١٢]ی خۆمانی، ئەمڕۆ هەزار چەشنە بووکە شووشە و بووکە نایلۆنە و بووکە پلاستیک و ئاسنەی وڵاتی هیرۆهیتۆی خواوەند، بازاڕی منداڵانی کوردی تەنیوەتەوە..!!!

****

# دڵاوێزەکەم

بەدەم پیفۆک و ڕێواس مژین و کرۆشتنەوە، گوڵە پێغەمبەرم لە بەرۆک ئەدا و چیچیلە و مژیلانگتم ڕادەمووسی.. بە ڕۆژانەی دوو عانەییم دەسکەنەی گوڵە ئەشرەفی و نێرگز و ڕەشەڕەیحانەتم بۆ دەسەندی..! لە بیرتە؟ ئاخ! لە بیرتە؟ کە زاوا بە خۆی و برازاوا ئاشنا و ڕۆشنا و دەستەبرا و خزمایەنیەوە، لە شانشینی سەربانەوە: چەرەز و نوقڵ و شەکرۆکە و فلس و دوو فلسیی و دە فلسیی و عانەی دەباراندە سەر بووک، منیش بە هەزار نقوجڕ، خۆم دەقورتاندە نێو ئەو گەڕەلاوژەیە و ئەوەندەی دەهاتە دەستم دەمخستە نێو گیرفانۆکە پینەدارەکەت..!؟ ئای! لەو بەربووکە چەفتلێس و چەقاوەسوەی، کە بەخۆی و ئاوێنەی باڵانوێنی دەستی و بە دەم گۆرانیی (بووکانە بووکانە بووکێ) و چەپڵەڕێزانێ و هەلهەلەی چریکەداری دەستەخوشکانی بووک و کچیلە و ژنان کە بەتاس و لووسەوە، بووکیان دەخستە سەر کورسی و لە دەوریدا چەپەریان دەبەست و نزیک بە بانگی شێوانیش، پەلکێشیان دەکردە نێو (پەردە) و هەر دوای چەندانێک شەرمەشکانێ پێدەکرا

و (پەردە)ی دەپڕا..!! درێغا! لە ڕۆژانی سێیە و حەفتە و باوەخون و حەفتە حەمام و وای! بۆ شەوانی خەنەبەندان! کە هەر ساتێکی جڤجڤانێک و تازەکردنەوەیەکی تازە بوو، لە ڕۆژی بارگەی بووکێ: بوخچە و کودەری و شەوکراس و پەشتەماڵی سورمەدار و مەخمەری کاشان، مەمکبەند و کەتانچین و ئاوەڵکراس و کرمۆکە و کەمەرچین و لوولە و زنجیر و دورج و فینجانی چین و تاسوتەبەق و جەزوە و قاوەسینی و کەوچکدان و فەخفوری و ئاسنجاو و گومگومە و چادان و جامۆلکە و نانگیین و لەگەنی و هەزار پێشە و کەوچکە دارگوێزی نقێمدار و لێفە و دوگرد و بالیفی چنراو.. ئای! درێغا! بۆ دۆشەگە پانوپۆڕە نەخشاوەکەی بووک و زاوا، بۆ ماڵی زاوا! تەحا! بۆ شەوانی پڕ لە چرپەی نێو (چیغی ئەسمەر پێچ) و (کوللە و پەردە)ی سپی پاتی نۆ بووکی گێلگێلەدار و تازە زاوای چاوەمستی ژێرسایەی ساماڵاوی و جریوەداری هاوینی شار..! لە بیرتە؟ واخ! لە بیرتە؟ خڕوگز، منیش، منی سەوداسەر، هەر بەدەم پێلی ئەم ئاواتانەوە: کڵاودەسرۆکێکی دزەییانە و پاشەسەرێکی حەیدەریانە و زنجیر و کرمۆکەیەکی گەردیانە و بازن و خڕخاڵی و تاسی خۆشناوان و سەرپێچێکی کۆییان و بە پژدین و خناوکەی سیان و زراریان، بە کوڵەنجە ڕێ ڕێ و کورتەک و قوتکەی دۆغرەمەچیان، کەواو کراس و خامەک و دەرپێی گوڵدار و کڵاوی سورمەچن و سینە بەند و سەرو دەسماڵ و مێخەکبەندی بۆزەنی خۆماڵی، هەر بە دیدی سیتاڤگەوە، تۆم دەخستە نێو کۆشکی (بورجی بەڵەک)[١٣] و وەک نیگارمەندێکیش دەمتەوزاندی و ڕمووودت دەبووم و بەڵکی گوێچکەتم دەگرت و دەمگڵفچاندی و دەمکردی بەو نۆ بووکەم کە خۆم بە تامەزرۆییەوە، تاسەداری بووم و گوێزەبانەم بۆ دەکرد و خەرامی

١٣- کۆشکی ئەفسووناوی مەمی ئالانە.

نازیم هەڵدەگرت و بەدەم نزاوەش دەمگوت: خوا دوەردی من و تۆ لەیەک بچەنێ..!
ئەمڕۆ کە گەرووم بەرچیچکە دەگرێ و چاوەکانم لە سەریەک دەنێم و توند دەیاننوقێنم، تاپۆونیسی شەنگیی تۆ و هەموو شتێکی پاکیی تۆ لەسەر توێخی گلێنەی ڕازاومدا دەبینم..! هۆیە، هۆیە! چەندم حەز لێبوو باخچەسەرای چاوم هەروا بنووقایە، نەء، کاشکی هەر کوێربوومایە، تا دنیای سادە و بێخەوشی تۆ، لە تەکما هەتاهەتایە بژیایە!! لە بیرتە؟ ئەهای! لە بیرتە؟ درێغ! کە ژنانی خۆشڕاوێژی گەڕەکۆک، دایکت و خوشکم، خزم و خەزوران، لە پاش گەلەڕاوێژێکی دوو سێ ڕۆژانەکە: ئایا بچنە حەمامی (عەلیاغا) یا (حاجی قادر) یا (گەورە) یا (قەڵا) یا (گچکە) ئەوجا لەسەر حەمامی (مۆدە) [14]گیریان دەخوارد؟من و تۆش لەگەڵ ئەوان لەنێو حەچەلوورە و تریقوهۆڕ و چڕە تەمی حەمامدا، بە سەراسیمەیی تەماشای ئەو شۆڕەکچ و ئەو تەڕەئافرەت و ئەو ژنە خیپ و قەڵەوانەمان دەکرد، کە لەنێو (جورم و عەمبارە)کاندا، هەریەکە بە چەشنە لیفکەیەک و سابوونی حەلەب، خۆیان دەشوشت! کە بژبژ (گلەسەر)[15]یان دەگرتەوە، دا ئەوساش دانەڕیچەمان تێدەکەوت و سەرمان دەئاوسا و نەماندەزانی بۆچییانە و بۆ وادەکەن و چی لێدەکەن!؟ بۆ گوایە: حەمامە پانکەڵەکەی ئەوسای شار، بارەگای کۆنگرەیەکی فراوان نەبوو، بۆ گەردن کێلان و بۆ شۆڕەکیژانی کەمەرباریک و تەڕدڵی (قەڵاو تەیراوە و سەری بەستێ و عارەبان و سەعدوناوە و تەعجیل و ئەوبەری بەست و گۆمەپیس)[16] بۆ ئاڵوگۆڕکردن و قۆزتنەوەی فەریکترین زڕەبوختان و چەکڵ و پیکان و بگرەو بەردە و بلسوخولسی

١٤- حەمامی ئەو زەمانە بوون.

١٥- دەرمانی (سەر) و (بەر)ی ژنان بوو.

١٦- گەڕەکە کۆنەکانی ئەو زەمانە بوون.

ژنهێنان و تەڵاقدان و و شەیتان ئاوس و مارە بە جاش و لە بارچوون و بەدوکەوتن و مردەزێ و پیرەزا و دۆستداری و عەشقبازی!؟ چش لە بارەگا و یانەی یەکیەتی ئافرەتانی ئەم زەمانە خۆشبەزە!!!

لە بیرتە؟ خڕوخەپانێ لە بیرتە؟ زەنگینە باڵابستە و تف خۆر و ئاخورچەورەکان، چۆن بە بازنە و خلانکە و کووژەکەی شین و مووروزەروزەنگیانە و حەتحەتۆکەی جۆرانجۆر، دەسڕازە و لانکی ساواکانیان دەڕازاندەوە، بێدەست و نەدارە قیڕپەقەرەسەکانیش غولغولە و چەند جگێکی ڕەنگاوڕەنگی کونکونکراویان لە دارلانکی زارۆڵەکانیان دەلکاند..!!

لە بیرتە بۆ ئەم دیمەنە ڕیسوایە چەند برک و ژان دایدەگرتین و بەر نەفرەتمان دەدا..!

ئەی لەبیرتە؟ خۆشێ لە بیرتە: ئێمەی بە (ڕۆژوو) چەواو چەند بە هەناسەبڕکێوە، چاوەنۆڕی بەربانگمان دەکرد، تا گوێمان لە دەردەنگی تۆپی ڕەمەزانی (فەتاح ماسێ)[17] ببێ؟! تا ئەو وەختەیش کە لە ئاسمانی هەولێردا، گوێم لە تەقینەوەی دەنگی دەبوو، موچڕکێکی بە فرینی بە پڕوپۆ دەیتاساندم، بۆ؟ نەمدەزانی! بیبیلەم ڕاوەدووی تیمتیمی چۆلەکە و ڕەشۆڵە هاژوواژەکانی سەرقەڵای دەنا، ئەمڕۆ بە هزری تیژم بنەکۆکی ئەوەم بۆ ڕوون دەبێتەوە، گەر: بهاتایە، بەدرخان پاشا، بابانیەکان، یا پاشای کۆرە، هەر تەنیا دووسەد تۆپی لەم چەشنەیان بوایە و بەزانایی و بەجۆش بەکاریان بهێنایە، نەخشەی کوردستانی ستەمزەدەی ئەم چاخە ئاوسە، بەمجۆرە بێدەسرەنج نەدەبوو، ئاوایش لە خوێنی خۆی نەدەگەوزی و ئاوایش نەدەکزایەوە، ئاوایش لەبەر شەڕی براکوژی ڕێزاڵ ڕێزاڵ نەدەبوو، ئە ئاوایش تاڵان و تاژان نەدەکرا..!؟

---

١٧- بەرپرسی تەقاندنی تۆپی بەربانگی ڕەمەزان بوو.

# نمەکناسەکەم

منی سەرشێت و درێژدادڕ و عەرەقخۆری ئەمڕۆ، ئەو قەراژییە هاروهاج و لاسار و کالۆڵدارەی ڕۆژانی جەژنی بن لەلووک، و (چەرخ و فەلەک) و (حندرحۆپ)[18]و (باداوە بایداوە) و (عبدالعزین) و (ستی ئیمامی)[19]نیم.. تۆش ئەو کچیلەیە نیت کە تازە بە تازە ڕەسیدە دەبووی و بن مەمکت گۆی دادەناو پشت و کەمەرەت دەبەست و دەسرۆکەی سپیت لەسەر دەپێچا، تازە بە تازەش سوورەتی (فاتیحە و ئەتەحیات) فێرببووی..! نە تۆ ئەو، نە من لە نەوەی ((بەگوێی مامۆستا و بەردەمەنقەڵە و تەندورە خەراپ و فاڵپەڕۆ و دەسدەقە و حیکایەتی عەنتەر و ڕۆستەم و فتح الشام و ئەمیر ئەرسەلان و مەولوودنامەین))[20]

نە ئەو نەوە بەردڵکەیە ئەمڕۆ لە کایەدایە، ئەمڕۆ شەترەنج و بلیاردۆ و یاری سویدی و مینی و چارڵستون و کاوبۆی و ماکسی و نیگرۆ و مێش و پێرم و هایلایت و میدی و میکرۆ و شەرابی شەقلاوە و عەرەقی عەنکاوە لە باوە.. تەلەفزیۆن سەرنویشتەی جارانە، باسی ((ئەحمەدشا و سوڵتان مەحموود)) گۆڕا بە مارکس و ماوتسی و هۆشی مینە و گیڤاراو کاسترۆ..! شاخێوەتی شانۆ خولی خوارد، مۆمەکان کوژانەوە، شانۆیەکی بەرهەرای وەک جامی جیهانبین، لەنێو چلچرای پەلکەڕەنگینەیی و دیدەیەکی بێدار

١٨- یارییەکانی بنلەلووکی ڕۆژانی جەژن بوون.

١٩ گەڕەک و جێنزرگەی دوورە دەستی شاربوون و منداڵان بە سواری کەر و پاسەوە لە ڕۆژانی جەژن بۆی دەچوون.

٢٠- یاریی و حیکایەتی میللی و دینی و دابونەریتی میللی بوون.

هاتەڕوو..! ئەمڕۆ شاری جابوڵقا بووە بە نیویۆرک و قوللـەی قاف بە مۆسکۆ دوڕگەی واقواق بە پاریس..! شەڕی عێلاتی جاف و بڵباسان، دومڵی و ئیزۆلی، هەمەوەند و شێخ بزێنی، بووە بە شەڕی ڕزگاری قەڵاوکاخی ڕۆژپەرستان..! شەڕەگەڕەکی نێوان قەڵاوتەیراوە، بەردەفرکێی قەساب و کوورەچیان، بە شەڕوبناری کورد و دێوەزمەکان، ڕۆستەمی مازەندەرانی دوێنێ، پێشمەرگەی بیرای ئەمڕۆیە و بناوان هەڵەدەبەستێ و کێو لەبن دێنێ و نان و خەون و خۆر، بۆ کورد دێنێ..!

****

## بەرگەشتەکەم

بیست و شەش و بیست و هەشت بە هارستان و خەزانستان لە تەمەنی بێهودەیی بوو بە ساوسێبەری ژیانمان، بەهاری من ئەو کاتە بوو، کە چاوم هەڵگلۆفی خۆم ناسی و تۆم ناسی، برا و باوک و خوشک و مام و پلک و خزمانم ناسی، گۆڕی دایکمم ناسی.. کۆڵان و (قارنچاغە)[21]م دی.. شارە بەرتەسک و خنجیلەکەمانم ناسی (سێفاقۆچکە)[22]و (سێزدە عەلەتریک)[23]و (ئاوی میری)[24]و منارەی چۆڵی و بەندەنی قەڵا (شەموولە)[25]و (سەلیم قاقا)[26]و (غازی و

٢١- گروێکی دێرینەیە کەوتۆتە تەنیشت مۆزەخانەی شارستانی.
٢٢- شوێن ڕاوەستانی پۆلیسی ڕێوان بوو.
٢٣- فلکەیەکی بچووک بوو (١٣) گڵۆپی هەبوو، نزیک وەزارەتی شارەوانی.
٢٤ - جۆگەیێکی بەپیت و ڕێژەن بوو، لە کارێزەکانەوە هەڵدەقوڵا و لە یانەی مامۆستایانی ئەمرۆ دەستی پێدەکرد و بەرەو گەڕەکی کوڕان دەبووەوە.
٢٥- کابرایەکی بابەعەمرەی قوتەبنەی قۆشمەبوو.
٢٦- کەسێکی ڕوحسووکی شارە و ئێستاش ماوە و بەرپرسی هەر هەموو ڕاوەچۆلەکە

حەمەشێت و دەروێش عەلی وکسۆک و یاهووم))[27]دی و ناسی..!
((مامەگیو و هەتاو)) و قاوەخانەی ((عەبۆ و حاجی مستیل و مەچکۆ))[28]م ناسی..! ئەم خەمستانە گەڕام، سەراپای گەڕام، جوانیەکی ئەوتۆم تێدانەدی، جگەلە سەرابستانی پۆستنشین و زڕمەلای چاوبەکل و زڕشێخی لوقمە باتمانی و سمێڵ بابڕ و زەرگ و شییر و دەفزەنجار و تەپڵ و مەتاڵ و دایرەزەنگی و ئاڵاشڕەی تەکیەکان نەبێ، پارووی شەوەساری تامسار و زنجی هەلار هەلار و دەرەبەگی بە سمێڵە خنچکە و وەسمەکێش و بازرگانی بە گەدوگیپاڵ و کەللـە کەل و ژەهرخەنە و هەتیمچەی ناو بازاڕ و خەڵکی مرادخانی پینەکراوی دیدەکزی دڵ پڕ لە زیمار نەبێ..! وای! لەو ڕۆژەی چوومە ڕیزی دەستە بەندی کوردایەتییەوە و بەسەراسایی دەمم لە قەڵبەزەی خەمە شینەکانیا تەڕکرد و (مەئموون دەباغ)[29]و (مەنگوڕی) و (عەلی هەژار) دەستیان گرتم، تا ئەراراتی ژانم هەراسانی کردم و لە هەرکە هەرکە و زیرڕنی دا،ژانم لێبوو بە نەینۆکێکی مژمرک و ناوپەنچک و بەردەمی سوریچک و دڵی گرتم..! لەگەڵ مارشی بەزارەزاری (ڕۆژا ئازاد سەرتەهەلات) کەوتمە ماخۆلان:

ئاگری ئاگری، تو ئاگر بوو
لەناو دنیا، سەربڵند بوو
لسەر کوردستان، چرابوو
هەڵبە ئاگری، هەڵبە ئاگری

---

و ڕاوە ڕەشۆڵەی ئاسمانی هەولێرە.
٢٧- هەندێ کاڵغام و گێل و شێتانی شاربوون.
٢٨- قاوەخانەبوون و بە ناوی خاوەنەکانیان بوو.
٢٩- تێکۆشەرێکی نێوڕیزی قوتابیانی کوردستان بوو، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول شەهیدکرا.

ئاگر دەڕژاندە، سەر سەران
ڕوناهی دەڕشاندە، هەردەران
ئەردی دەهژاند، جارجاران
هەڵبە ئاگری، هەڵبە ئاگری
ڕوناهی تە، دەریا رشاند
ناو میللەتا، ئازادی چاند
هەڵبە ئاگری، هەڵبە ئاگری[30]

وایشم دەزانی! ئەگەر یەکێک هەبێ ئەم خاکە هەڵقرچاوە ئازاد بکا، سەرماو سۆڵەی ڕێبەندانی کوردایەتی بخاتە چاڵە بەردینەکانەوە، خۆشەویستی کورد لەلایدا، وەک میهری شاخ بێ بۆ پێدەشت..، کەشتیی بێ بۆ لافاوە داخدارەکەی نووح و هەڵە مووت و ماهووری چیای ((جودی)).. چەم بێ بۆ زەریا، تیرەشانەبێ بۆ دڵشکاوان... ((حاجی)) بێ و مۆریجانی بکا بۆ ((خانی)).. ئاوێزانی ((با)) بێ دەگەڵ ئاور.. دەستە هەتوانێک بێ بۆ سەر کوڵکی هەموو تەنگژەکان.. زێڕباران بێ بۆ سەر تێکۆشەران... ڕەشبەڵەکی مەرگ بێ بۆ نەیار و جگپەلان... خونچەی ئەڤین بێ بۆ زیندانییان.. مەمکەمژە بێ بۆ دایکانی ڕەشپۆش.. شانەشیلەی ماچ بێ لەگەڵ نەورشتە و بەنگینان.. کولیلکی داران بێ بۆ پەرپەریلکەکان.. هەنگەژاڵ بێ هەنگدۆزەکان.. زڤنگ بێ ژبۆ ڕێڤینگانی جوانی.. شەڕی کە پەزی چیابێ دەگەڵ باهۆزە شێتە.. گەنمی حەوتگوڵە بێ بۆ تەنگدەست و بێنەوایان.. بەختە بارانەبێ بۆ وەرزیڕان.. بەیداخی شادمانی لەسەر هەموو دارو پەردوییکا بەرز بکا، کەڕەکیفەی

---

٣٠- مارشی شۆڕشی ئاگری یە و لە ژمارە (١٥- ١٧- ٢٤)ی ڕۆژنامەی (کوهستان) ی ساڵی ١٩٤٤ بڵاوکراوەتەوە.

سەر پەڕەی قەتماغەگرتووی دڵی کورد، بە خەنجەرە مووکار و جەوهەردار و درەوشاوەکەی ناو قەدی ((بارزانی)) ڕابماڵێ، بەستەیەک بۆ خاڵۆزای دیاربەکری و خوارزای سابڵاخی و ئامۆزای کەرکووکی بڵێ؛ تەنیا هەرمنم، گازەرای پشتان منم، شەیدایی منم، شێرامنم، من منم، من و بەس..! تا دەشهات با بلیسکی بناشتم جۆشی دەسەند، خەمەکانم ڕەنگی ئەرخەوان سووریان دەپۆشی، زۆرجار بۆ داستان و مەرگەساتی میری بەدلیس و نەهری و شێخی پیران و شێخی زیندوو، هەنسکی خوونین قوڕانچکی دەگوشیم، جارناجار ئەرێ نەرێ و دڵاودڵ و تەرفەتین دەبووم، لەنێو بوغێکی تەڵخ و لێخن و پۆقژەداردا قانگ دەدرام، گەلێ جاریش گرەوم دەدۆڕاند، زۆرجاریش بریسکوهۆڕی نێرگەی ئاگری هیوا، چەچ و تل و پل و دڵی گەرم دەکردمەوە..!! بەسۆسکەی تیژم لێکدا لێکدا ئەو ڕاستیەشم سماند کە: ئێمە لەنێوان سەرلەبەری ئەم زەمینە زەنگبردووەدا ((بێکەسین))..!کەسمان نییە، بابەقەد ژمارەی هەڵهێزاندنی زامەکانیشمان تیرەندازمان کردبێ و گوللەمان تەقاندبێ..!! ئەوساتە ناسکانەش هەرگیزا و هەرگیز فەرامۆش ناکرێ کە: لە هیکرا و بەهزری بزبزۆکم دوچاری نەخۆشی ((دەردەکورد)) بووم..! بڵێ: شێرپەنجە، بڵێ: لۆکیمیا.. ئەو دەردەی کە گەورە و بچووکمانی داگرتووە و هەمووومانی بێ حەجمان کردووە، ژان و کوانی دەردی: خۆخۆری کورد و دەسبەدامانی کورد و جێماوی کورد و سەرسامی کورد و گەرووی پڕ لە زێرووی کورد و پەرتەوازەیی کورد و خۆداشکاندنی کورد و خۆهەڵفڕیواندنی کورد و ڤەلووراندنی کورد و کورد و دەردەکورد..!!!

****

# هاوڕێیەکەم

خانوچکەکەمان، ژوورە پەڕپووت و جێژوان و خەواڵوەکەی من، کە تۆم تێداناسی، ناسینێکی پاک، ژبۆ یەکەمجار هەر پێنج پەنجە بەللورینەکان: ((قولینچک، بابالینچک، دۆڵەدرێژە، شادەنوێژە و سپێ کوژە))تم تێدا ماچ کردی و گوڵی ڕووتم مژی، کەزی و ئەگریجەتم تێدا ئاڵاندە ملم، ناونیشانی خۆم کرد بە : دڵپێچە و پەژارەیی و گەرمەزام، تا هەزاران هەزار بزمارە گوڵمێخەی مەینەت و پەرژەنگ لەنێو سپێنەما، لە ڕۆخی گلێنەما چەقی..! ئەو، ئائەو شوێنەم کردە هەگبەی کتێب و کاغەز و قەڵەمی جۆراوجۆر و ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و بەڵگەنامە، لە هەموو بابەت و هەر ڕەنگێک و کێڵگە و ئاستێک، وایلێهات سوژنی تێدا نەدەکەوتە سەرزەوی..! شەو تا لالانەوەی کوێشکە دڵدارەکان، دا گەنمەشامی هاینۆک هاینۆک و لۆبیە قاوەییەکەی (حەمەڕەحیم)ی هەر چوار وەرزی ساڵی بەیانیان، گوێی لاکۆلانی کاس دەکرد، نەدەخەوتم، بەربژارێکم دەکرد و دەمخوێند و دەمخوێند و دەمخوێندەوە، بێ پسانەوە، بێ جاڕس بوون، تا شلوکوت دەبووم و هچ پەرژەییێکم لە دەس نەدەدا..! لە دوای شتێ سەرەسۆسەم دەکردو دەمڕوانی، بەڵام چی بوو، هێشتا بە باشی نەمدەزانی!!! لە ژیانی سەرمەستانەی پڕ هزری ئەفلاتوون، ئاتەشگەدەی زەردەشت، ڕیشی حامورابی، چرپەکانی کۆنفۆشیۆس، نێرڤای بووزا، کفنی ئەسکەندەر، ژێر عەگالەسەوزەی حەزرەتی موحەممەد، خاچی عیسا و گۆچانی مووسا و ڕدێنی مارکس و تاگوورو شەڕەتبوونی ڕامبۆ، ناکۆکیەکانی

سارتەر و ئارەزووی ناپلیۆن و لووتی گۆرکی و قامکی گۆتەنبورگ و گوێچکەی ڤانکووخ و تیژبینی گالیلۆ و ژانوهەژانی کامۆ..! دەگەڕام و دەدوام و دەگەڕام و بناشتێکی قووڵی دەروونیم دادەنا، کاروانۆچکەی ئەڵهام سەری لە تەشقی کاکێشان دەهاڵاند، لە گاتاو مهابارتاو ئەپانیشاد و لالانەوەی ڕەبەنەهای فیرعەونستان و مایا و ئیلیازە و ئینجیل و تەورات و شەرەفنامە، شتم هەڵدەکڕاند..! یەکەمجار بوو، یەکەم نەفرەتم لە ڕووی باوکم و برادەر و پیرەمێرد و ژنانی لاکۆڵانەکە تەقاند و ڕووبەندی ڕەشی درۆکانم سەرەندازکردەوە و قیژاندم: ((ئێوە هەمووتان بە دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون و چاوەڕێی دەجالی یەکچاون..!)) بەسەرچڵییەوە حەزم دەکرد، تەمبەڵخانەکان بکەم بە فابریقە و تیمارخانە و پەناوپەسێوی گلاراو بێدەرەتانان، لە کەرپووچەکانی ئۆپیراخانەیەکی بە سام و گەورە بڕەخسێنم و تریستان و ((سەرتاشەکەی ئەشبیلیا))ی تێدا بنوێنم..! شەقامەکان بە گوڵاڵە و گوێزەڵان و دارشمشاد و سوورەچنار و گوڵەشیلان و گێلاس و ئارەوەن و تووله نەمامی کاژوهەڤریسک بڕازێنم، بە نارنجستان و ڕەزەمێویش بیئاراستم..! هەر تەنیا لە ناو شارەکەی خۆمدا، هەزاران قوتابخانە و دەیان دە ئامۆژگە و دەزگای ئێزگە و تەلەفزیۆن و وێنەگە و چاپخانە و پەیکەرتاشی و نامەخانە و مەڵبەندی ئەرشیف و لێکۆڵینەوە و دەکۆمێنت دامەزرێنم، مۆزەخانەیەکی هەمەلایەنەی کوردی، لە قەڵای کەونارادا بکەمەوە، زمانی زگماکمان بکەم بە ویردی سەرزمانی نەوەی بێ حەجمان و تۆتکە، دەرگای دوو باڵی دونیای نالی و مایاکۆڤسکی و ئۆکتافیۆ و ساندو سەیاب و نیرۆداو نازم و گۆران و شەکسپیر و ئەپۆلێنێیر و برێخت و بیکیت و گۆتێ و لۆرکاو مەحوی و بایرۆن و شێخ ڕەزا و ئەدۆنیس و فەروغزاد و شاملوو، بخەمە سەر گازەرەی پشت، ببمە

کۆتەڵساز و دەیان پەیکەری ئاوێنەنوما، بۆ کاوەی نەورۆز و قەدەم خێر و ماکیبا و عەرەبی شەمۆ و تیۆدوراکیز و ڕۆپسن و ڤیکتۆرگارا و تیریزا، لە گۆڕەپانەکاندا هەڵچنم.. دوازدە سوارەی مەریوان و کاروانی داستانامێزی بارزانییان و خانی لەپ زێڕین و لاس و خەزاڵ و خانی بە قەیغان و خەج و سیامەند و گڵکۆی تازەلەیل و میرمەم ویای زین و بە کرۆکە و شەم و شەمزین و برایمۆک و لەشکری و برایم خانی دەلۆ و قەڵای شەنگار و بورجی ماردین و کاخی بارگر و قەڵای قەرە ئامێد و تاقوەسان، لەسەر گەورەترین شانۆی شاردا بجووڵێنم و بیکەمە دەستودیاری بۆ شارستانیەتی ماندوو...!!!

سینی و خوانی چێشتخانەکان پڕکەم لە خۆراکی: ((کەنگروماست، شلکێنە، سەرتوو، لۆر، فرۆ، ساوار و هەگویناو، کولێرە بە گۆشت، داندۆک، چەلاو، کەشک، کفتە و کەسکاو، شییربرنج، گوێز و خورما، مێوژو گوێز، تلیتی هەنگوین، دۆڵمە و تیکمەی باینجان، ناسکەنان و ژاژی و کەرە، بەربەسێل، برنجی عەمبەربۆ، شیرەمەنی، چزیلک، شەربەتی ڕێواس، کاهی بە قەیماغ و خۆشاوی زەردەلوو، خورماوڕۆن، گەنمەکوتاو و دۆینە و لۆڵکە و تەڕەسازو جرپڵ و ئاردوڕۆن و حەڵوای تەڕ و شەربەتی مێوژ، پەڵۆڵە و سازک و پیرخەنی، پەپکەبەکونجی و مزرۆکە و پەڵۆڵە و قەرەخەرمان و کاردی بەترش، قاورمە و تەڕەداندوک و یاپراغ دیبێ و دومەڵان و شفتە و کازم کەبابی، فرووجاو، ئاردەنۆک و قاویت و ڕۆن و هێلکەبەڕۆنی کوردی...!!))[٣١] دەمویست بەڵگەنامەکانی شۆڕش و کوردایەتی لەبەر هەراوترین پیشانگادا ڕیز بکەم و دایچنم.. دەمویست نرخی ڕۆژنامە و پاس ببێ بە فلسێک، ژنهێنان بە ئەنگوستیلەیەک، بییرەووێسکی بە دوو پێنج فلسیی، دختۆر بە بەلاش، دەرمان بە خۆڕایی..!

---

٣١- هەنێکیان لە خۆراکە بە تامەکانی ئەو سەروبەندانە بوون.

دەمویست و دەمویست.. دەمویست ئاسنەڕێی شەمەندەفەر سەرێکی لە دەرسیم و ئەوەی تری لە کرماشان و سەرەکەی دیکەی لە قامیشلی بێ..! قەوانی سەید عەلی ئەسغەر و تایەر و ماملێ و جزیری و زیرەک و گەردی و شەماڵ و خالیقی و گەرمیانی، بە خۆڕایی دەسکەوێ.. سەدان تیپی تووندوتۆڵ و دڵوریای باسکتبۆل و رێکت و فتبۆڵێن و باندی هونەریی و سروودبێژان لە نەورەسیدان و و نیگارانی ئەم وڵاتە، لە شۆخەکچانی سرک و ڕەوەک و کوڕانی بە ئەمەک بخەمەگەڕ.. گوندەکان بکەم بە بووکی یەکشەوە، دوکتۆرا ببەخشمە کوڕە جوتیار و لێقەوماوان، دەزگایەکی تەکنیکاری گەورەی سینەما بگونجێنم و شۆڕشە خوێناویەکانی کوردی پێ تۆماربکەم و ئەنسیکلۆپیدیایەکی کوردی لە مەڕ مێژووی نەتەوەی خوێن و خەبات بدەمە جیهان..!!!

❋❋❋❋

## خەمەنگیزەکەم

هەزاران هەزار وردە هزر و ئەندووی ئارمووشینی خاکینە و خۆڵینەی زیوکفتی ئاواو لەمەش زەقتر و ناسکتر، لەبەر ڕوانگەی چەشممدا تافەڕەشکەی دەکرد و دەیلیزکاند و لە شەکەرگریانی ئەدا..! یەکەمجارم بوو، لەبەر خۆرکی وردیلەی شیعردا، بە باڵەشنە و موچڕک و کسپوکۆی دەروونەوە، دیوانێکی گردە بەژنم بەم شتانە قەفەگوڵی کرد و قەتارەی بەست، بەڵانەکی هێشتان لە شەرمان ناوێرێ بلێ لەل و سەرەتاتکێ بکا..! تومەز چونکە هەموو چامە کەڵەپشکۆ ئاساکان، وەک زڕەسیاسیە پیرەکە پێی گوتم: ( (هەمووی،

هەرهەمووی ڕێشگاون..)) تووخودا و بە بەخت و جوانیت: مەگەر هەموو شتێ لەبەرایییەوە بەڕێشگاوی دەستی پێنەکردووە، ئینا بووە بە کاشێکی لەبەرچاوی شاخ..!؟

*****

# گوڵە بەفرەکەم

لەو ڕۆژەی چاوت لەبەرچاوم بزربووە، بە کوێری دادەنیشم، خەنینەم خەم و سەر قەڵەمم ژان و ئەژدەری شەوەیخون ڕامدە پاررزنێ و دایڕزاندم، هەر قیچەک ئارامم تێداماوە، چاوی گرینۆکی تۆ، کوردستانی پڕ لە زوقم و بایسوور و ڕەشە ترسێکی بە چریکەنەی تێدا نقوم بووە، ئاگری لەوزینەیی نەورۆزی تێدا خامۆش کراوە، ڕووبەری خەملێنیشتووی باوەگوڕگوڕی تێدا لە کییس چووە.. منی گەردوونەی خەم، بە دوای ژانێکی قووڵدا دەگەڕێم و بەفرە ژیلکەی خەمم بەسەر دادەبارێ و لێم دەتارێ و وەک ئەشکەوتی خۆر وەنەوزانیش دلۆپە فرمێسکی لێدەچۆڕێ.. بۆیە وامدەبینی، چونکیم کلاَفەی سەرنامەی سەرباسەکانی تێدا بووە بە پۆدرە، ژوانی کۆنە یارەکانی تێدا ڕیسوا کراوە، بۆیە ئاووگڵی تۆم گەرەکە، بۆیە شامەسبەست و ئەڤینداری منی و لێم بووی بە باوبۆران و زریان و ڕەوەکاراسک.. ئەم نەوبەهار و پیرە پایزانەی بەرکوڵی یاد و ئاواتی گوڵبژێنی من، پەنا مەکێیکە و دەمەوێ بەرلە مەرگم، بە تۆ و بە وەچەی ستەمزدە و ڕق و تۆڵەی پیرۆز ڕابگەیێنم، مێشکی متوربەکراوی هەمیشە بە کفتوکۆمی پێ ڤال بکەم..!

****

# زامداره‌كه‌م

فه‌رمووت: بۆخۆت به‌ زامدار ناوزه‌دكردووه‌؟ گوتم: هه‌رچه‌نده‌ ئه‌مڕۆ ده‌رمانێک بۆ قڕکردنی مه‌رگ نه‌ دۆزراوه‌ته‌وه‌، تا زامی ڕێزه‌ له‌ ڕێزه‌ی خۆم و ملیۆنان شه‌یدای سته‌مکێشی وه‌ک خۆمی پێ ڕزگار بکه‌م، دوندی پاشه‌ڕۆژی ئاوات و ئاین و دێژه‌کانم ببینم و ببیه‌م.. هه‌رچه‌نده‌ چڵی چاوی قه‌تیسماوی بیره‌وه‌ریه‌کانم، سیچکه‌سڵاوه‌ی ده‌رداوه‌ و له‌گه‌رڵ مه‌رگ و به‌رهه‌رده‌یی له‌ ئامان وشیان دام و پۆژانی تاسه‌یه‌کی ئاگرناک له‌نێو خڕۆکه‌کانی به‌ جفتو جوری خوێنما خۆی مه‌ڵاس داوه‌ و له‌ژێر ماکی سروشک و له‌ دۆزه‌خی مێشکما جۆره‌ها زامی پڕوپۆل سه‌رخه‌وی شکاندوه‌و چه‌شنه‌ها گوڵامێلاقه‌ی ڕه‌شپۆش له‌نێو کسپه‌ی دڵمدا یاخی بووه‌ و نێرینه‌ی گڕی نه‌ورۆزه‌کان ده‌خرینگێنن و لێوم ده‌کرۆژن! ئاه! زامی زامستانه‌که‌ی من له‌ زارکی له‌نده‌هۆری که‌ناڵی په‌نه‌ما و ده‌رده‌نێڵ و سویس له‌نده‌هۆرتر و پڕ له‌ شیپه‌ن و ڕه‌شه‌دز و دڕکه‌جاڕ و دێوه‌ لووله‌یه‌..! به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌م به‌سه‌ و زۆریش به‌ ختسوار و دڵنیام له‌ دۆزرانی ئه‌و ده‌رمانه‌ خه‌ست و زگاره‌ی که‌: به‌رسقی دوژمنان بداته‌وه‌ و سارێژی دڵه‌قرچێی تراژیدیای ((ده‌رده‌کورد)) بکات و گۆشتازوون به‌ پفکه‌ی زامه‌ دووگیانه‌کان بهێنێ، که‌ هه‌زاران بووڵێلی ئێوارانی چله‌ی زستانی ڕێژنده‌ی پڕ له‌ تۆف و ئاڵێسکه‌ و باپووکی به‌سه‌ر ڕابوردوو هێشتا هه‌ر له‌ گه‌رمه‌ی ناڵین دایه‌ و به‌رده‌وام له‌ژێر فشاری ((٨٥٪)) ی پله‌ی گه‌رماییدا ده‌ژی و ده‌رزیله‌ی تیژۆژه‌هراوی تێده‌چه‌قێ..!

کەچی هێشتا: ڤێتنام لە هەڵپەڕکێی دوو دەسماڵەییماندا: دەهۆڵ و تووتەک و باڵەبان و گوڵێکی خوێناوییە، لە هۆرەماندا: فەلەستین دەوارێکی شڕ و پیرەژنێکی چرچ و گڕۆڵ و نارنجۆکێکە... ئەمەریکا: ئابیدەیەکی نەفرەتلێکراوی ئازادی و دۆلارێکی گەچراو جیهانخۆری و کچە زەنگیەکی گانەکی و زگپڕە.. ئاسیاش لەلاماندا: هیرۆهیتۆیەکی گێل و سواڵکەرێکی کەراچی و مەیدانی سووری مۆسکۆ و ئەژدەرێکی هەرەژی چینییە... ئەفریقیاش: جادووبەندی ماوماوو ردێنی چڵکنی هیلاسی لاسی و مناڵێکی جگەڕووز و برسی بیافراو چقڕکەی زەردە مۆز و خرتوومی فیل و قەشمەی مەیموونە قوتە و سەگسار و کاژەمارەیە.. ئەوروپاش: بورغیەکی شل و بادەی کۆنیاک و بازاڕی ڕەش و گۆپکەی مەمک و لاشاک و لاڕانی تورتی نەشمیلەیەکی نۆزدە ساڵە و فاتیکانێکی بێدەسەڵاتە...!!! من پیر دەبم و تۆش سەرت خاڵبەڵەک دەبێ، بەڵام گزیدەی ئاسۆی کازیوەی ئەم یاد و ئاواتانەم هێشتا هەر لە بریسکە بریسک دایە و هومای پەڕتیژی بەختوبارا چاوە چاویەتی..!!!

****

# فەرهەنگۆکەکەم

لەو کازوکۆزەدا کە: بەغورەم و شێتانە، باران لووتی داهێشتبوو، دەینالآند و کلآوەی دەکرد، دەمویست هاوپەرابیەک بدۆزمەوە تا: ژینمان سووربێ وەک خوێن و چاوی زستانەواری سرِی ئەم هەوارە سەمەندەر و خواویستە بسرِێتەوە، سووربێ وەک: دروشمی بەلشەفیکە شەیدا و مافخوازەکان، وەک گوڵەهێرۆ و قەیفە و دەمەشێر و پەنجەی خانم، وەک فسفۆر و زمانی زارۆ و گوڵەباخ و بەڵەبۆز و ئاگرەسوورە و بەبەشە و هەزار پۆپنەی کەڵەشێری کرماشانی، وەک: شاتوو و سماقەخۆشە و سوورتە بەش و مەرجانە سوورە و دەنووکی ماکەوولێوی ناسکۆڵەی ساوای بەرمەمکان..! سۆز و سازشی نەتەوایەتیمانیش: بنەوشەیی بێ وەک: ئەڤین و ئەرخەوان و شەوبۆ.. بیلبیلەی ئەندێشەی هەتەربووی دوارِۆژیشمان: شین بێ وە: پیرۆزە و وەک چاوی شین، وەک: مەرەکەبی داهێنەران و قەتاماغەی برینۆکە و گوڵەخەزێم و ئاسمانی هاوێنەی نێوکێوستان، نەک وەک: لەشی جەزرەبەدراوی بەرشووڵێ ژاڵە، نەک وەک: هەشو دەماری شین و شین و مۆربوونی کاربەدەستە رِوومرِچ و مۆنەکان... دەرودیوار و رِەوازەکان، خیوەت و قاسەی بانک و شۆسە و تاخ و شەقامەکان، بە زەردر، زەرد هەروەکو: گوڵەبەرِۆژە و کرۆسک و زەردەپەرِ و چرووی خەزان، وەک زێرِ و گێوژەی شاخی و ناوکە حاجیلە و پرتەقاڵ و گوڵەشلێرەی زەرد و گەنمەشامی و لیمۆ و چیلکەزێرِینە و موورووی زەرد و بەی و هەزار گەڵاو زەردەخەنە و باوەگورِگورِ و هەنگوین و پەپۆسلێمانکە و گوڵەزەردی پێنج پەرِ

و جۆخین و زەردێنەی هێلکە و چاوی نێرگز و زەرد مەمکۆڵەی کچی ئاوزەمکێ و گوڵەشیح و کەتان و هەمیشە بەهار و یاسەمینی زەرد و ڕۆنی کوردی و زەردەچەوە و پەپوولەی زەرد، نەک وەک پژدینی زەردەواڵە و میزاجی زەردی بۆرەپیاوانی شانخەڵەتێنە و هەناسەڕەش...!!! کە لەگەڵ شادڕەوان ئیحسان پاشاشدا، بە دووان سواری ئەسپی باوبۆران دەبووین و لاوکی بە چەمبەرەوزاری:

هێ مەرامۆ، لەشکرێ ڕۆمی زالمێ چوون، ترکی هاتن
داکەتن بازاڕ و گوندا
زاڵمان ل ژۆرکرن، گڕەگڕا باڤرۆک و تەیاران
لژێرکرن، تڤەتڤا تۆپان و میترالۆزان
خراب کرن بازاڕ و گوندە، ژبندە
هێ فەلەکاخاین، مێرێن مەکوشتن
ماڵێن مە تالان کرن، زارۆکێن مەسێوی هشتن
فەلەکا خاینە نەڕندە
ئیرۆ ل شوێناوارێ شێران، دواقی روڤی
د خوینە پەپۆک و کوندە
فەلەکێ یەمان، خاینێ یەمان
بێبەختێ یەمان، یەمان یەمان
لێ وایێ، لێ وایێ، هێ فەلەکێ...))[٣٢]

ئا ئەو ساتانە گەزارە و زمانیان لێدەردەکێشام و دەگەڤین و زرنچکیان دەردەدا و چاویان لێدەقرپاندم و لە مۆنیتەری ڕەنگی خەساویاندا

---

٣٢- پاژێکە لە بەیتی درێژی شۆڕشی ئەرارات و لە گۆڤاری (سروە)ی ژمارە (٤٢) و بە کۆششی ڕەزای ڕەحیمی بڵاوکراوەتەوە.

ناویان دەزڕاندم... بەڵان نەیاندەزانی کە: من درویێنەی (با) ناکەم و داڵغەی بێچوە چۆلەکەی دەردەداری سەرخەرمانان لێنادەم؛ بەڵام تەنیا ئەو نیشتمانە سەوز و خرپن و چاوگەورۆنەیەم دەوێ کە: ڕەنگی ئەم ڕەنگانەم بۆ بداتەوە و لەنێو ئەم ڕەنگانەشدا تەواری خۆشەخەونی خۆی بنوێنێ، بەژوو وشکانی ساڵانی خۆی ئاوبدات و لەژێر نووچکەی ڕەنگاوڕەنگا، لە جەنگەوهاژەی ڕەنگا بزڤڕینگێ و ئەفراژببێ، تا لەسەر باسکۆڵەی وەرزێڕ و لەسەر لێواری لێوی گاوان و لەناو مشتەکۆڵەی کرێکارە تێکسمراوەکان: گوڵ بڕوێ و ڕەنگ بخەنێ، تامیهری ئەم وڵاتە لەبەندەری دیدە خەمگینەکاندا، لەنگەر ببەستێ و کرووژمە بکا...! ئا! ئەو وەختە دەیانزانی گۆشتەزەوی ئەم داڵغە یەکتوخمانەی من، گەلێ گەلێ لە: کرێوە و ئاگر بەتامتر و لە شالق بەرزترە و لەمۆرەی ئاشقان و لە ئاوی ڕوونی سینەی تەبەشی قەدی چیاکان بە چێژتر..!!!

❊❊❊❊

## دڵنشینەکەم[٣٣]

لەو ئەلندە بەرپێوارەدا، کە شەش هەزار کوێلەی گەڕناس و هاوبنکە، بە کەڵەک و کولەک لە ڕۆماوە تا کابۆ، بە داد و فریادەوە لە چوارمێخەکێشران و بە تەوەرزین شێلدران و لەسەر خاچا شۆڕکرانەوە، ئەرژەنگی مێژوو سواری چۆمەڵەی ئەستۆیان بوو، سپارتاکۆسی دڵقایم بەرلەخۆی مایتە کحێڵەکەی سەربڕی! مارکۆسی بڵەوەرز و بەهرۆباف سەرکەوت و دڵی دنیای خەوندیدەکان هەژا...

٣٣- مەبەست لە (نوگرة السلمان)ی زیندانە.

چەند وەرزێ بەر لە ئەو کاوەی جگەربرژاو سەری ئەژدەهاکی خاکی مەزدەپەرستانی پژاند و پەرسیلەی باخی بێنەوا و زیڤاران پێگەیی و بەستەڵەک توایەوە و خورمە بارانەی خاکەلێوە، پەراوێز بە پەڕگەی بورج و باروو قونگرەکانی ئاودا.... کەسوکراتیش دەمانخواردوکرا لە هەزار، سێ سەدو حەفتاونۆ بوودەڵە و زۆڵەک و دڵدژوون و مشەخۆر، بەزرەتاوان پەنجەنومایان کردو دەماری قرچۆکی لاورگەکان کزربوەوە.. کە (بابک) لەکێوی (بەد)دا گەمارۆدرا. (ئەفشین)ی ڕزەلۆک ئالاشرە و پەتووری خۆی داچەقاند و دڵی کرمناوی نەدیتکە ووشکە ڕن و حەرامزادەکان داکەوت، چراکانی کەوتنە فرتەفرت، بەڵام نەکوژانەوە، خۆ دوای چەند هەزار وەرزێک کە تەرازووی قەڵای (هەروەخ)ی میری بۆتان سەنگەلاکرا، گڵۆڵەی ئاخی دەسبەستراوان کەوتە لێژی و کەوتە شەڕەقۆچی گابەردەکان، کاکەمەم بەرهەنسکی دەداو خاتوزین گۆنای خۆی دەڕنی، تا بە چەند گاڤێکی تر لە ئارمیتاژی خەملیوی لینینگرادا، هەر لەو وەرزاو وەرزەدا شێخ عەبدوسەلام هەڵواسرا و ئاواتە شیرینەکانی نغرۆ بوو.. سمکۆ بە جنجرۆکی چەپەڵۆک بە سەرەکان درایە بەرشەستی شەستیر.. لە تافی زستانی لافاوی بەغدادا، تاهەڕەتی مانگی مایسی ساڵی تازە ساڵ جەنگی شەرەفمەندانە و دلێرانەی (دیانبیانڤۆ) دەستیپێکرد و دڵبەکرێژو چیرەدرێژ و تەنگەستوورەکانی فەرەنگ زینچکاویان دەرداو بە ملشۆڕی پاشەکشەیان کرد و هەڵترهەڵتر بۆ ژێر زەمینەکانی شانزلیزێ گەڕانەوە و خیسان و خێورانەوە و بەشێک لە خاکی کاکی بە کاکی ڤێتنام لە ئاوی زیندەگانی پاگژتربوو..! تا دەهات شتەکان باشتر تێکدەترنجان و خۆڵەمێشەکان گڕی هەڵەپاسیان تێبەر دەبوو و دەبووژانەوە.. هیتلەور و هیستریای کەوژەکانی لێکدانەوە و بییری ژەندە و گەندەڵی هەڵکەندرا..

پەستا پەستا کەرپووچە سوورەکانی کۆشکی ڕەحاب خووسایەوە و شۆڕشی تەممووزی چواردە و مێشهەنگوینەکانی دەمی یەک خونچەیان دەمژی و ڕادەمووسی.. باستیلی (نوگرە)[٣٣]دەرو دەروازەی کرایەوە... پاکنەژاد و چەهرە و چەغار پاکەکان ڕژانە سەر سەکۆ.. (مامەکەریم)[٣٤] بە نامە زەرد و شین و سوورەکانی، بە کارتە ڕەنگینەکانی نێو جانتاشڕەی دێرینی، مزگێنی بەربەیانی لەبۆزەردەلان و بەردەلانی ئەم ئەڤینستانە دەبرد و داستانی لافاوی گەلی بۆ خەڵک دەگێڕایەوە... لە نواڵەی چیاکانی کەلبەجاڕ و لاچین و قوبادلی و یەریڤان دا، تیتلە وبیبیلەی ڕانەمەڕی شوانە گەنمڕەنگ و قەد بە بلوێرەکان تێرتێر دەکران و کوردە هەڵەتەبووەکان بە زیپک و زاکوونەوە دەبووژانەوە، سەروەندی تازەبەخشیان لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا دەکێشا، نەورۆزی کورد وەک ترگاری خوێنی شیرین و فیچقاو، ئاسۆگەی کوردی (بەخێربێتەوە نەورۆز و بەهار) دەتەنیەوە.. کۆمۆنیستە ڕاستەقینەکان یەکەم شانەی هەنگوینیان دامەزراند و بوون بە پاشبەند و سەربەندی سروودی لانەوازان.. لە یەکێک لە مانگە سەختەکانی شەڕی دووەمی سەرجەمگیردا پارتی کورد، بەهەموو تفاق و چەک و خەون و جەببەخانەیەوە ڕووی کردە خەباتی پیرۆزی نەتەوایەتی... موسەددەقی دوکتۆر بەدەس بێچاووڕووە هەرزەوەڕەکان بەندکرا، خاپەرۆکەکان بە بەشبەشانێی ناوخۆیان، بۆڕپەمارەی نەوتیان هەڵلووشی.. لە گۆڕەپانی چوارچرادا، ماردەخۆرەکان هێلکەی دووزەردێنەییان فڕدەکرد و مهابادی نازەنین، وەک هەتیوی بەرهەتاوی لێهات و مووچڕکەی مشکی و قسڵی هەڵقرچاوی: لە چاوەکانیدا زۆر بە مەلوولی خۆی دەنواند، کوردە مەردەکان تازە بە تازە و سەرلەنوێ

٣٤- پۆستە چیەکی دێرینی نێوشار بوو.

زینی ئەسپی شۆڕشیان دەدوری و پەیژەیان دادەناو بەرەو شیدی خۆر دەبوونەوە، پەنجەبازییان لەگەڵ گڤەی گژوباو باروڤا دەکرد و کاژە بەفری بەردەم دەراوی مێژووی کوردییان ڕادەمالیٚ و ئەسپە ڕەسەنەکانیان کەوتبووە حیلاندنێکی بێئامانەوە و قەنداوی بەختیان دەنۆشی و گوێیان بۆ لاوژۆکەی زەنگوڵی ئازادیخوازان شل دەکرد و لەهاتەهاتی هاتنی فارگۆنی عەودالانی مافی مرۆڤ و سەربەرزی و کولێرەی گەرم و ڕووناکی و جوانیی بوون و لە چریکەیان ئەدا و بەدەم شمشاڵژەنینی شوانەکلاشقووچەکانی دەشتی قەراج حەیرانی:
((حەیران بەکێندەریتدا هەربرێم، بەکچوکاری ولاتی کۆییٚ، هەر کە دایم عاشقن لە مەرجان و مۆری، دەبا بەژنی نازدار حەیرانیٚ لە بۆ من بمینیٚ، بەوان کارمامزەکانی شاخەڕەشی، کوڕەکەی دوو مانگیٚ، هەر کە دەڵەوەڕێن لە سەری هەرەجە و بیستانەی، دانی هێواران، هەموو دانی هێواران ئاوی خۆیان دەخواردەوە لە: جۆگەی سەعیداغا، چەند شیرنە: شەو لەوەڕی خۆیان دەهاویشتە زورگی کاوڵە ساتووریٚ..)) کەچی لەملایەوە گەلەگورگەکانی سیاسەت و پیرە گەمبۆڵەکانی کارتلی ڕەگەزپەرستی مافی کوردییان، بە چەندجار و بە دەسندە و دەستەوام دادەناو بەگویٚ پچڕ گویٚ پچڕ دەیاندا دەستی و بەهەرا و چەپڵە و فیکەفیکی ناو میکرۆفۆنە دەمشڕەکان، خەڵکی ساویلکەیان خاشەبڕ دەکرد... ئەو دەرمانەی کە دەرخواردی سەرکردەکانیاندا، لێیان دەشاردنەوە... زیلان و سۆریاوداکا و بەردەرکی سەراو نۆی حەوزەیرانیان پێهەڵدەبواردن.. بەفبەنجی زڕەبرایەتی بێهۆشیان دەکردن و مۆرفینی هاوخەباتی و هاوچارەنووسییان لە ڕیشەگەلی بناگوێچکەیان دەدان...! کەچی ئەشاوئاهورای خەڵکانی شۆڕشخواز، هەر لە بنجدا کوتان و هەر لە ئەفراندنی هەزاران پیرشالیاری کوردایەتی بوون، قسە قۆشمە و

گوللـه ئاژنەکانی ماموەتکی نەتەوایەتییان بۆ مێژوو دەگێڕایەوە و بەرز.. بەرز.. بەرز هەڵیاندەڕوانی..!

****

# هاوهزرەکەم

وێڕای ئەم هەموو هزر و سەروسۆراخ وتێڕامانە بەتەقڵودەوەم، چەلناچەل، ڕەشەتای گورچکبڕی هەڵوەستەیەک دامدەگرێ و چاوی مێشکم ژانوژووری تێدەکەوێ و واهەزارە دەکەم یا وای بۆ دەچم: ئەم هەموو حەچەلوورەی ئەم ئادەمیزادە خارڕاوە، سەرگوزشتە و جۆشیری حانەحەپەشێیەکەی، لە هەری و قسڵەوە سەری هەڵداوە، لووتیشی تۆزکالێک لە باوکەئادەمە تورهەڵدراوەکە لاینەداوە و هەربۆ ئەویش دەزڤڕێتەوە..! هەزاران هەزار ساڵە لەنێو شۆراخی ئەو هەرییە و لەسەر ئەو هەرییەدا، دەخولێتەوە و تەپاوتلەتی و نەفرەت دوای نەفرینی لێدەکرێ و پەژمردەیە و دەیەوێ بڵێ (هەم) و بەناهەقیش پەڕدەهاوێژێ و بەفاڵکەوتووە و بەرخۆرکە بەردیدەی گرتووە و خەونەساڵەکانی بەتاڵ و ڤاڵ و ئاڵوودەی وشکەدرۆ بووە..! گاڤناگاڤێ کە سەروسۆسەی ئەستێران دەکا، لاتراسکە دەبێ و قوڕکە بەرچاوی گرتووە و دەگرتێ..! کەشارستانی و ژیاریش بنیاد دەنێ، ئەوا هەر رموودی قوڕەکەیە و هەر لەسەر قوڕە و چەمکە بەرزەکانیشی هەر بەو قوڕە سواودەدا، بە تۆپە قوڕ و هەری شاران دادەمەزرێنێ و هەندێ قسەی شاتوپاتیش دەکا ناوی هزرورەوش و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و زانست و تەکنیکار و

میکانیکای ئەلیکترۆنی لێناوە..!!! ئەرێ من نازانم چ جیاوازییەک و لەمپەڕێک لەنێوان شتڵجاڕی زەکورەکانی سۆمەر و پایگەکانی ئەهرام و لالەزار و پایگە پۆلایینەکانی نیویۆرک و تۆکیۆ و پاریس و مۆسکۆدا هەیە!؟ کێ نالّی ئەو کەودەنەی کەناوی جەنگیزخان بوو، نەچوەتە دۆنی ئەو تروومانە بە هاژوواژەی کە: هیرۆشیمای خارخارکرد..؟ ئەی چ جوداییەک لەنێوان ئاتەشپارەیی یۆلیۆسی قەڕاڵ و ستالین و سەددام دا هەیە..؟ ... دەکرێ جۆرە گۆڕانێک لە شێوازەکانی ژیاندا هەبی: لە ڕابواردن و لە شخوازیدا هەبێ، بەڵام ناخ و ڕەفتاری ئەم ئادەمیزدا قوڕینە، هەر قورەگۆرینەکەیە..! هێشتا (ئەوە) تاریکستانەکەی تۆزکاڵێ ڕۆشن نەبۆتەوە..! ژوژکاساش هەر لەنێو قەپێلکە ڕەقەنەکەیدا، ناهەمواری دەکا و لە دژی (من) ی خۆی وەستاوە..! هێشتا هەر ملهوڕ و پەتیارەیە و بەرەنگاری (من)ی ژیارخواز دەبێ..! هێشتا هەر گێڕوگەوارە و لە دژی (من) ی ڕێکوکۆکە.. هێشتا هەر سەرەڕۆیە و (من)ی هزرخواز پاوان دەکا.. هێشتا ئەو (ئەوە) ناکۆکییەکانی ژیان پێشێل دەکا و لە سەرووی شوێنکاتەوەیش هەڵدەبەزێ و دەلەیزێ..!!! ڕاستە! ژیان لەسەرکەوتندایە و لە داهێنان و نۆژەنیەکی بەردەوام دایە، بەڵام وانییە ئەم پەرسەندنە هەموار یا ناهەموار، یا ڕێڕەوێکی ئیستەرەم بێت، یا بەرەوپێشەوە، یان بەرەو دواوەبێ.. لەوانەیشە ئێمە لەو ڕێڕەوە هەر حاڵیی نەبین!؟ ئەگین کێ من و تۆ ئەخاتە سەر ئەوقنیاتە کە گوایە: ئەو ڕێباز و ڕێڕەو دێژەیە: وایە و وادەبێ و دەشبێ وابێ و واش نەبوایە، وانەدەبوو...!! کێ نالێ هەڵچوونێک نەبێ بۆ چەپەلا، یا ڕاستەلا، یا خولخولەی ئاشەتەندوورەی پێچەڵپێچی نێو پیاڵەیەکی زەنگبردوو نەبێ؟ ئەرێ پێم ناڵێی: ئەم مێژووە گۆڕستان و گەنیاوە، ئەو هەموو لاشەو خاوەن ئایدیۆلۆژیا

و فەلسەفە و کارانە نارشێتەوە کە: تەنیا چەند دێڕێک لەسەر کێلە قەبریان نووسراوە و بە ملکەچییەوە داوای لێبوردن لە خوڵای گەورە دەکەن و بەس..!!

****

# هەی لالۆ

من پێم وایە: زانست و تەکنەلۆژیا، نەک وەک – هەڵوێستێکی فەلسەفەیی– بەڵکو وەک فاکتێک لەبەردەم تاسەی گڵ و قوڕینەکەی ئادەمیزادا نووچی خواردووە و دژەبایەک بەردەمی گرتووە! ئاوەزیش بەهەموو کەتیگۆریای ژییربێژی و ئەبستراکت و بارستایی سێبەرە قورسەکەی خۆیەوە، نسکۆی بردووە و هەپڵەگون و هەرزە نووسەکانی ئەمڕۆی فیکریش زۆر باش لەمە حاڵیین، ئیدیۆلۆژیا قورمیش و ئامادەکراوەکەش نەیتوانیوە وا لەو ئادەمیزادە قوڕینە بکا، تا بزانێ بەوردی و زۆر بەوردی بڕوای بە چیە و بەچی هێناوە و بڕواش بەچی بێنێ و پشتی پێ ببەستێ و بەهاڕەوشتەکانیش بوون بە بنێشتە خۆشەیەکی کلاسیک ئامێزو بە تەراتینی مشکان و گەرای وردە کرمی تێکەوتووە..!! سۆفیزمی فیکریش زۆر لەبەردەم ناقۆڵابوونی ئامرازدا دەستەپاچەیە و دۆش..!!! ئالەم ڤالییەوە پەڕژەنگەکان سەرشاردەگرن.. هەر لەوێوەش یەکاندەردوو، دڵە شکستەکان هەر لە: شپینگلەرو شوپنهاوەرەوە بگرە تا کیرکگاردوسورێل و گروتێ و هیکسلی، بە شارۆکردن و بەزایەڵەیەکی زەقوزۆپەوە، کەڕەنای ترس و بیمیان لێداوە، چونکە: ((زانست ئادەمیزادی کردە نیمچەخوایەک،

بەرلەوەی شایستەی ئەوەبێ: جارێ، هەر تەنیا جارێ ببێ بە ئادەمیزاد..!!)) ئائەوەتانێ یەکلاکەرەوەی هایدرۆژینی قورس و یەک لەوانەی بۆمبای ئەتۆمی پاوان کردوو، پڕبەقەمۆچکەی دەڵێ: بۆتان دەنووسم تا بتانترسێنم، من خۆم دەترسێم، هەموو زاناکانیش زاڵەیان ترەکییوە، ئەم زەوییە پەڕهەڵاویشتووە و شۆراخەکەی کە بۆتە مایەی ترس و نادڵاوایی، تۆبڵێی: کاروانەکەی بەرەوکوێ و بەتیژباڵی هەنگاوبنێ..)).. ئەم ((مرۆڤە قورپینە هەرهەموو کچێنی سروشتی لەتاندووە، خۆی بە گورگی لەدایک نەبوو، بەڵام بووە بە گورگ و گورگێکی هەرەژوهاریش))..!! کۆلۆمبس و ئەدیسۆن و بیکۆن و داروین و باستۆر و ئەوانی تر، دەیانزانی چۆن دەسپێبکەن، بەڵام نەیاندەزانی هەواری ئاوڕنگەکەی بەرەو چ زونگ و زەڵێکە..!؟ مرۆڤایەتی ئەمڕۆیش هەر لە هزی چوارەمی پاڵەوانی شانۆنامەی بیراندیللۆ دەچێ، کە: نازانێ شێتە و لەنێو کەوڵی ئاوەزمەندێک دایە، یا هەر ویستوویەتی چێژ لە شێتایەی خۆی وەرگرێ.. هەر ئەو مرۆڤایەتیەش نازانێ لەنیوان: ڕاستی و ناڕاستی، جوانی و دزێوی، ڕەشوسپی و خێرو شەڕدا، هەڵاوێردێک بکاو ڕێگاوڕێچکە دیماگۆگیەکان ڕووبەڕووی بۆتەوە..! تۆ بڵێی: هنرییەکی گژنەسەر نەبێ و تەیەوێ شێتایەتیەکەی بئەزموونێنێ..!؟

****

# گوڵبەدەمەکەم

چ جارێ فرۆید و ژیدومۆریاک و میکافیللی و گۆتێ و دانتی و وێلز و برگسنێکم نەخوێندۆتەوە، چ جارێ بە کرۆماتیی گوێم بۆ چایکۆڤسکی و باخ و برامز و ڤیردی و ستراڤنسکی و ڤاگنەر نەگرت، چ جارێکیش بۆ چەند ساتێ چاوم بە تابلۆکانی ئەنگیلۆ و سیزان و پیکاسۆ و سلڤادۆردالی نەگێڕا، لە پشت و لە پاش ئەو موتالاو تەماشا و تێڕامان و بیستنانەدا، لە چاوتروکانێکا هەستم بە نێرینەی ئازارێکی کوشندە و نیگەرانی نەکردبێ، نیگەرانییەک کە: بە دووربینەکەی گالیلۆ پان پان دەبێتەوە و بەرەزەنی کێشانەکەی سەرپەنجەی نیوتنیش تەواو تەواو دادەکشێ و لە سیپارەکانی دیکارت و هیگڵ و کانت و مارکس و سارتەردا، دەبێ بەجۆرە (ئەتاییزم)ێک و بەس..!!!

ئەمڕۆی مرۆڤایەتی وەک پاڵەوانی چیرۆکی (کێشە)کەی کافکای لێهاتووە، تاوانبار دەکرێ، کەچی نازانێ بۆ؟ کە حوکمیش دەدرێ نازانێ بۆ حوکم دراوە!؟ کە بە تەورداسەکەش کەللـەسەری دەپەڕێنن، جگەلەم وشەیە (ک)ی پاڵەوان هیچی تر ناڵێ: ((هەروەک سەگ، وەک سەگ چۆن دەتۆپی ئەئاوا...!)) ئێستا ناخی ناخی مرۆڤ وەک (تانتالۆس)ی نێو ئەفسانەی لێهاتووە و بێ ڕەگوبنەمایە و نازانێ بەرەکوێ دەڕوا و سەربەکوێیە و خۆی کێیە و لە تەنگژەدا دەبێ چی بکاو چی بێ و چۆن چۆنی!!؟ تۆ بڵێی: ئەمە کۆتایی ئەم سەرلێشێواو و نیگەران و ئاڵۆز و قوڕینەیە بێت!؟ تۆ بڵێی: هەر لە (شییوا)ی خواوەندە نەکا، ساتێ کەسەما دەکا و تەواو سیامەست

دەبێ، هەر هەموو وەچەو گیانلەبەر و زیندەوەرەکان لەژێر پێیدا هەنجن هەنجن دەکا..! ئای! کە چەند سەیریشە کاتێ کە مام بیراندیللۆی ئیتالی دێ و لە شانۆنامەی ((ئادەم و حەوا))دا کۆتایی بە مرۆڤایەتی ئەهێنێ و تەنیا ((ژن و پیاوێک)) دەخولقێنێ، کەچی ئەو دوانەیش بەدڵ بییر لە شارستانیەتە دارماوەکە دەکەنەوە..! ئاخۆ بۆیان دەلوێ ئەو گوناە و تاوانانە دووبارەنەکەوە، کە باپیران و داپیرانیان کردوویانن؟ داخۆ ئەتوانن لە سەرووی شارستانیەتی لەشە قورینەکەوە بن..!؟

****

# خوماره کەم

تائێستا ئەو مرۆڤایەتییە خەونەبینێ و چاوەڕیی (مهدی المنتظر) ە..! تائێستا کۆمارەکەی ئەفلاتوون و شارە پیرۆزەکەی فارابی و شارە شیرینەکەی ئیکارێ و یوتوپیای مۆر و ئەزموونی دەستەی ئۆیندای ئەمەریکایی، خەوەنووچکەی مرۆڤایەتییە..! هێشتا نەزانراوە (سوپەرمان)ی نیتشێ، چ جۆرە سوپەرمانێکە و لە چ قوڕێ دورستکراوە!؟ ئەمرۆی مرۆڤایەتی لەبەر فشاری دووڕیان و دەڕیانی چەندین چەند لێکدانەوەیەکدایە: مرۆڤایەتی زانستی، مرۆڤایەتی مارکسی، مرۆڤایەتی ئاینی و مرۆڤایەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و جوودی و مرۆڤایەتی نیتشەیی..! ناشزانێ کامەیان هەڵبژێرێ، کە هەڵیشی دەبژێرێ دەیڕوخێنێ و لە پاشا دەیخولقێنێتەوە و ئینجا پاردەیەکی قایمی بۆ دەکا و لە پاشا دەیڕوخێنێتەوە و .. ئینجا و

ئینجا و هەمدیس.. باز.. بەمەش هەمدیس.. باز.. هەمدیس.. باز.. بەمەش هەمدیس.. باز.. باز.. باز..!! وادەزانیٚ شتێکی بەشتێک کردووە..! کەچی ئەوەی کردوویەتی تەنیا و تەنیا دەسخستنی دڵەچکۆڵەی چۆلەکەیەکە و بەس.. وایش دەزانیٚ ئەمە ئەوپەڕی سەرخستنی پەیامەکەی مرۆڤایەتییە..! ئا! ئەمڕۆ: لەش و ئامراز و ماددە، بە جۆرێکی سەیری وا گریٚ و گرفنچکی تێکەوتووە و ئاوساوە، کە مەگەر تەنیا ئاوسانێکی هاوسەنگانەی ڕۆح و گیان جێی بگرێتەوە..!! ئا! ئەم میکانیزمە بە گوڕمژنە پێداویستیەکی زۆری بەتیوسۆفیزمێکی هاوچەرخانەی نەرمکێش هەیە و چاوەچاویەتی..! ماددەش پێداویستی بە گرشەکانی یەزدانی جوان و مەزنە و جەستەیش دەبیٚ جاڕی پاکبوونی خۆی بدا و ئەوەندە دڵاودڵ نەبیٚ..! ئا ئەو ساتە ئێمەی کوردیش لەژێر ساوسێبەری شارستانیەتێکی مرۆڤانەدا پێڕا دەکێشین و دەسێینەوە..! تۆ بڵیٚ: وابیٚ!!؟

****

# خانەگوڵ[٧]

گوتیان: کورد لەبەرەی کەوە، خۆی نایەویٚ زام و دەردەکەی تیماربکریٚ و سارێژبێت، وەک چاوە، بەرلەخۆی خەڵک دەبینیٚ، بە هەراو زەناوە سەری لەخۆی و لە خەڵک و خواکەیش شێواندووە بووە بە بووکەبارانیٚ و بە پەرێزە جاڕی کارەسات و کۆت و زەولانی لە ئەستۆ و لە دەستکراوە، کەسیرەبووە و دڵی کیسی کردووە تارای خەونی ئاڵووالای بێژاربێژار کراوە..! دیاربەکرێکی فرۆشراو

و سابلاخێکی دەسڕەفت و خانەقینێکی هەڵەتەکراو و سیواسێکی قانگدراو و هەیبەسوڵتانێکی قرسێنراو و باباشاوارێکی هەڵواسراو و کێوە ڕەشێکی هەڕاجکراو و پشتکۆیەکی پشتشکاوە..!
گوتم: وایە و وانیە
گوتیان: زیندووکوژی، مردووخواستن، هەندێکتان ئاگری بنکاو دەمییان پڕزەنگە سۆرەیە و دەسنێژی ئەم و ئەون و نانی کونماسی دەخۆن و پاسی جرتاوەیان پێ باشە و جاشایەتی بە بیرو خامە و بە چەک و بە ئاین دەکەن، بە هەزار ئاوی سورقەوشان و تانجەڕۆ پاک نابنەوە، شۆڕش و کوردایەتییان لەنێو سروودی سڕو پێڕەو پڕۆگرامی گەلۆرانەی ڕۆژانەدا خنکاندووە. فرچکدراوی گیانی ژێردەستەیی و چاوبەستەیی و سەراسیمەی ناورانەوە و بەڵێ بەڵێ و وایە وایە و ماخولیای پووچن!
گوتم: وایە و وانیە!
گوتیان: بڕێکتان بسکەی سمێڵیان دێ و تۆزقاڵێ چیە، هەر بە خەونیش بیر لە ڕزگاربوون ناکەنەوە و باوێشکێشی بۆ نادەن، حەز لە هەڵپەڕکانی شاخان و هەڵگژانی ئەو دوندانە ناکەن کە: مەرگ و ژیانی تێدا سوێنددراوە!
گوتم: وایە وانیە!
گوتیان: مایەی هەموو ئاژاوە و دەهۆوداوو جرتوفرت و تەقینەوە و بووکەشووشەی دەستی ئەملاوئەولای بەرژەوەندییەکانی خۆرهەڵات و خۆرنشینە.. خۆی کردووە بەڕیخۆڵەکوێرەی داستانی ڕەشەساڵەکان و بەتەپوتۆزی گفت و زڕەدرۆ شاخدارەکان!
گوتم: وایە و وانیە
گوتیان: هەر بە ڕزگارەوە، ڕشتەما دوای ڕشتەما، جەنگاوەرن و کەم حەز لە شارستانی هاوچەرخ دەکەن و ڕموودی خوێن ڕشتن و لە

ئاسنی حەوجۆش ڕەقترن، کارێزی مەرگەسات و ناوێکی بێ نازناو و خولەپیزەیەکی بێ پشتن..!

گوتم: با ئەمەیش وابێ!

گوتیان: لەم ڕۆژگارە ئەنگوست بە چاوەدا، کوێرانە پێنگاڤ دەهاوێژێ..!

گوتم: وایە  و وانیە و بەڵام.. چونکە کورد ئاسمانی دوور و زەوی سەخت و چرمساوە و بندەست و بێدەستە، دەستی دەستی پێدەکرێ و فیتە بەدەورەی پێدەکەن و هەر ڕۆژەنا هەرساتە بە جۆرێ تەفرە دەدرێ..! ئەو نەیارە جییوەتێکراوانەی کە لە قرتاندنی کلکی ماریش لارییان نیە، لەبردەم مزی ڕەوای ئەودا، دەمیان چۆتە کلیلە، ئاگر لە کای کۆنی بەردەدەن.. ئەم کرە دەکاو ئەوان خایە و مایەکەی دەخۆن و بووە بە مانگای شییرا و لەماڵەکەی خۆیشی مافنگی کراوە، وەک ژووژووش جەنجاڵن..! بەڵام هەر لامسەلایێ  لای لێبکەنەوە، دەستی سپی پیاوانەی بۆ درێژبکەن.. گەرکردیان!.. ئەنجار دەیانزانی کە ئەملایەمان تات و ئەولایەمان تاتە، نەشهاتووین بە شەماڵەگرتنەوە و بە کشتەک و بە دووعا پشقل بکەین بە خورما و ئەوانیش کلی چاویان نە دەڕفاندین و بۆ دەسماڵێک ئاگرییان لە قەیسەریەک بەرنەدەدا و ئاژار و گەنجی وێرانەیان نەدەدزین و هەڵداشتەی گەزەندە و ئازاری سیاسەت و ڕەندی چۆڵ و قاقڕانیان نەدەکردین  و وازیان لە داوودۆز و دەسکەنە و داوەکانیان دەهێنا و پزوودەست و حییزبگیرەکانیان لەسەر نەدەکردینە سەردار و بە گەرۆمەی ئاشاندا نەیاندەبردینە خوار و ئاشقەیان لێنەدەکردینە ماشقە وکۆسک و چەپەریان لێ نەدەروخاندین..! کە ئێمە لە ژووڕا بۆ دوژمنانمان دەچووین، ئەوان لەژێرڕا بە پێدزکێ و پاچڕکێ کنەیان نەدەکرد و

بۆمان دەهاتن و بایان نەدەدایەوە و شەویلاکیان نەدەشێلاین..!! ئینجا بۆیان ئاشکرا دەبوو کە: کورد چۆن هەراسان کراوە و چۆنیش لەسەر کێرد و هەسانی خوێنفرۆش و خۆفرۆشاندا، شەقوپیل دەکرێ و شاڕەگەی دەبڕن! دەشیانزانی بنواشەی ناسنامەی مرۆڤی کەونارا و خەمۆکی نەوەی خۆر، چ ناسنامەیەکە و شەندەش لەمەندە کەمتر نیە!! ئای! ئەو ڕۆژەی کە کاکڵ و توێکڵی دەردەکەم بۆ داژەندرا، کەوتمە سەر هەوەسی گەرمێن و کوێستانی هزری بەرهەستە، لە پێناو دووچاوی خەنۆک و ڕەشکۆکەی بارگە و بنەی عێلاتی سەربەرەوخوار و سەرەو هەورازی زێدی تاڤگە و چلوورە و پەروانەی سووورباو..! خۆ ئەو دەمەی کە بەهەزار شەڕەشەق ((ڕەگەزنامە))ی ئەم وڵاتەیان پێبەخشیم، مەڵاژووم ئاوساو دەرکم بە بێوڵاتی خۆم و بە خاڵەخەمەیی خۆم و بەبێ نەژادی خۆم و بەبەیتی بلەی کارەساتی ((دەردەکورد)) کرد..! بەڵام نەء.. نەء ئەی قەفەگوڵی بۆنرێژی سۆسەنبەر وبیژان و شەستپەڕ و بەڕۆنە و لالەباس و مالۆچە و یاسەمینی سپی و شاتەرە و گوڵەباخ و مەندی و سێوەرە و کنێر و گیاسینەم و نازناز و تاڵیشکە..! وەی هەوارگەی دەرەبەهار و قومری و پۆڕ و قاژ و شەهێن و تیترواسک و قەرسیلە سەوزە و دیلۆک و گەلە خەرمان و زورگ و تەلان و کەندولەند و بێشەلان و ڕاووشکاو و ڕەوێڵی کەڵەکێوی و هێلانەوازەی تاقتاقکەرە و دەرووی کونە کۆتری چاوشین و مادۆک و تێزانگی شنگ و ئاڵەکۆک و سەرمەشقی زەمبیلفرۆش و شۆڕەلاوی زەند و برایمی مەلازێندینان..! ئەی بنار و بەرزایی چۆم و زەندۆڵ و هۆبە هەوار و ڕەشەبا و کەڕەسیسە و ڕەندەژنی دەستەوخەنجەر.. ئەی ترس و لەرز و کەشەهەور و بەردە تراویلکەی خەیاڵ .. وەی لانەی خشندە و فڕندە و گەزندە و

باڵندەی بەرزەفڕ.. مەدەد ئەی بەربڵاو و بێوەژنکۆش و باوەپیاو و نەدار و تێر و تەژی.. دادومەدەد، وەی قەرس و نهێم نێم و بێ هێز.. مەدەد ئەی ئاگرناک و مەدەد ئەی بازی شکارەندازی تێکهەڵقڕاو.. داد، دادومەدەد کوردی بیندرریژ و چاوزیت و ئاغونۆش و بەرزەبڵێس.. مەدەد کۆرپەی مژگی مەمە و چاوڕۆشنی نەتەوەی نەورۆز.. داد و مەدەد ئەی کۆمەڵانی سەرازاد و ڕاساو فروسمێندراوم.. مەدەد مەدەد مەدەد وەی دەستە سواری تولازی فرەڕەنگ..! نەء و نەء، منی گوریس هەڵوێزەنی سەودایی، سوێندە و سوێندێکی کرمانجی: ((بە ئێزدی پاک، بە پاکی ڕووناک، بە چل و چوار هەزار پێغەنبەرانی هەناسەسوار و خەمناک..)) هەموو میهر و خۆشەویستی خۆم، پێشکێشی تۆ کردووە: بۆ زارۆکە سەراسنەو فرەشێوەکانت، بۆ بەرچیلەی کەڵەشێری هەراتیت، بۆ سوێسکە و پشەپایزە و کارژۆڵە و شەکەنێر و هیزەڕۆن و گیسکەمێ و ئەستێور و شینە شاهۆ و درەختی داپروزقاوت، بۆ ئەستێرەی ئاسمانی سایەقەدار و تلاشە سەنگی نێو کانیاوە هەڵزیپاوەکانت، بۆتۆ و بۆ دواڕۆژت، بە دڵاواییەوە، بە بەشە سوورەکانی مێرگ و دەمڕوبار و کانیچکەکان دەچنم و بە کاغزی بافرە شییرازە چنی دەکەم و بە خەڵات و بۆ ڕۆژی ڕزگاریتی دەنێرم..! هەرچەند تۆ لە دیمەندا ((بێکەس)) دیاری و گەزاف و لافی ئەم چاخەت پێلێنادرێ و وەک خەڵکانی تر قوزەکەمتیار و جگەگورگت پێ نیە و وەک ئەوانیش خەوسووک نیت..! بەڵان. لە دڵی هەرهەموو ئەوانەی تووشی لێتۆژینەوەی ((دەردەکورد)) بوون، خاکە تفتکار و ترشکار و بۆزەندارەکەت ڕەگاژۆبووە، لە پشت پشتی چاوەکانتا سەرهەڵدانی خۆر و خەونی خەمڵیو دەدۆزینەوە و پەنامەکیەکانی شۆڕش و مرۆڤ ڕەنێو دەهێنین و شنگر و شیواڵی داماوان دەدەینەکۆڵ و

کالاَ و پالاَوزەنگالێان دەپێ دەکەین.. وشەی مۆر و زەرد و خەستەک و سەوز و خالْخالْی و نێرگزنیگاکانت، لەدوا شەوەزەنگی پاشەڕۆژی ڕختی جوانتا دەبریسکێنەوە.. بۆیە نەک هەر بەزمانی زام و بەزامی زمان، بەڵکو بەهەموو زام و زمانەکانی سەرزەوی دەڵێم: تۆم خۆشدەوێ.. لە فەرهەنگەکانا بە دوای ئەو وشە ڕێزپەڕانە دەگەڕێم کە: بەقەد قەوارەی میهری من بێ و میهرەکانی من و تۆی تێدا جێبێتەوە.. لەم تەمەنە چەقوتەفەدا بۆتۆ ئەخەنم و شادەمەرگ دەبم و بۆتۆش دەگریم..! ئەی پارزۆنگ و سەربەندی هاوار و لالانەوەکانم، ئەی بێستانی ئارووی شنگ و ترۆزی گوڵبەدەم، ئەی گۆرانییە تەریوەکەی دەم کەمانچەژەنە کوردناسەکان.. دڵمان دیاریی تۆیە، کەللەمان، هێسکمان، خوێن و فرمێسکمان، بۆ دیداری نەخشەی تۆی ڕەوانەدەکەین.. لەمەودوا بەرێنموونییەوە. وەک جگ دەچەقین و درزەخەنەکان داناخەین و هیچ خەمێکت دیزە بەدرخونە نابێ و بەڕۆژە ڕۆژە تاکەساتێ بەفرۆ نادەین و دەنگوبەنگمان هەڵدەبڕین و سەررشتەدار و باو دەستێنین و هەموومان هاوئامێژەن و لە بەرنیسکێی ئاوێنە بەندتا تامەزرۆتر دەبین و بەرەو مێژووی سەرلەنوێت بانگرووز دەبینەوە.. لەمەولا ئێمەی چوارگورچک پشت ساردنابین و ورینگ ناگرین و بێ چوون و چرا چەرخیان لە چەمەر دەکێشین و ئەسیر و ئەبیریان دەردەکەین و دلاوێزیان دەبڕین و دەیانخەینە دەوەبەشکە..! چونکە تۆ خوێنگر و خوێنەستێنی ئێمەی، بۆیە داوای کوردستانی ماچ و کوردستانی چاپ و کوردستانی وشەی گەوارا و کوردستانی مرۆڤپەروەری دەکەین..!! هەموو ڕێسا و ڕەزەنێکی ترشاو و هەموو بیروڕایەکی جافیلۆک و هەموو تانە و تەشەرێکی نامەردان شاربەدەر دەکەین.. ئەو گاڤە لە ناخی ناخی هێلانەی هەردووو کاسەی

چاوتا، بلیۆن قاز و قولینگ و شالووری شەیدا لە شەققەی باڵدەدەن و تیپ تیپ لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانی سنووری شیرازەبەند و ڕەژووڕێژکراو تا، لەنگەر دەبەستن!! ئەو گاڤە سەری دڵمان دەهەنووین و بە شاباڵی خۆمان لە شەقڕن و زاخاوی چاوی مێشکمان دەدەین.. ئەو گاهە دەتوانین فییل یخ بکەین، بە قسە و پەیڤینی جوان، بەڕەوشتی بەرز و تازە و بەبییری پێشکەوتوو بەرد بکەین بە ئاو و ببینە ئاوێنەی ئەسکەندەر و بە جامی جەم و بە سەتەلایت و لە گەردنی گەرداندا ڕازەکانت بدرکێنین..! ڤی دەم بەبێ خۆشەویستیەکی مەزن و بەرهەراو، پەنجە ناکەین بە ئاوا.. ئیتر ناڵێین: ها ئەمە ملی ئێمە و ئەمەش مشتۆی چەقۆی ئێوە..!! جاخۆ منێک وەک تەیری ((زەرد و شامی)) بە شیلەی شیرینی هەنجیرە هەوێن هەڵاتووەکەت، بادەی سەرخۆشیم هەڵقوڕاندبێ، نەپشتت تێدەکەم و نە ئاژئاژکێ دەمگرێ و نەچاو دەنووقێنم، تا ئەو ڕۆژەی نۆرەم دێ و ((بابا نەورۆز))ی ڕیشسپی نوقڵ و نەبات و گەنمەسپیلە و دەستودیاریی بەسەر منداڵە فریشتەکانی ئێمەش دابەشدەکا، پاسارییە ئاگرینەکان دەکەونە جریواندن، تا (خدری زندە)ی هاوچەرخ دێتە هانای بێدەرەتان و لێقەوماوان و (گۆدۆ)ی خۆشبەختی کوردیش دەگاتە بنوار.. نووچ نادەم و دەستەوەژنۆ نابم و تاس نامباتەوە.. منێکی چارچەش لەلای بابا تایەر و خانی دا وانەکانی مەتریالیزم و ئەتاییزمم خوێندبێ، لەلای جزیری دا سێوم خستبێتە ڕووباری هەرماس و بۆ سەلمای ئازیزانی بردبێ، لە پەرستگەی نالی دا بە نەشئەی نیمنیگا تەبعم توندبووبێ و لەلای مەولەوی دا هەڵوەدای چەشمی خاتوون عەنبەر بووبم، لەلای مەحوی دا بروسکەم لە ناحەزان گرتبێ، لەلای شێخی گەورەدا حەمەی وەستا فەتاحەکانم ڕاونابن، لەلای پیرەمێردا تارام لەسەر

ڕووی بەلقیسی سلێمانی هەڵگرتبێ، لەلای هێمن دا بووبمە بستۆکە سنوورێک و لەلای گۆران دا گەل پەنجەی تاوانی بۆ درێژکردبم، لە چڵەپۆپەترین بەردەبیرۆی سەرکێوەکانی شیرین و زۆزک و پیرەمەگروون و سیپان و زەرزیوان و بێستوون و دێدەوان و ئەرارات، سەیری پەکین و پاریس و واشنتۆن و لەندەن و تۆکیۆ و مۆسکۆ بکەم، ببرهای ببڕ یە خەبەرداری تۆ نابم و فەرامۆشت ناکەم و دڵدارتم..! هەزارانی وەک ((عەلی شوون هەڵگر)) ڕادەهێنم، تا پێ بە پێ بکەوێتە شوێن دز و پاشدز و چەکمەڕەقە شەڕەنگێز و کڵاوسوور و کڵاو ڕەشە دڵڕەشەکان..! چاوەکانی (کچە نەغەدە) بە قەرز وەردەگرم و هۆن هۆن فرمێسکی خەنەبەندانی تۆڵەی جوانتی بۆ پێهەڵدەڕێژم..! جاڕی هەزاری وەک (مێمێ)[35] دەدەم، تا هەسانی ئەوکی خۆی بساوێ و چریکەیێکی شیوەنشیێوەی بەسۆز لە (بەندی تۆڵە) لەسەر گۆڕی شەهیدە بێسەرو شوێنەکان سازبدات..! منێک کە: ((تۆزقاڵێک لەوتەوێرەی یەزدانی مەزن نەزانم، کەچی هەموو شتێ دەربارەی دەردناکی کورد تێبگەم..!)) نالوێ و ڕێی تێناچێ ساتوسەوات لەسەر بکەم و ئەوەڵ مەزاتت بۆ سازبدەم و لەقە لەزگت بوەشێنم و بەرد بخەمە نێو کانیت و نانت بخۆم و ناندێنت بدڕم...! منێک کە هیچ کەسێک بەشانوباهووت هەڵنەدا، وەک نێرەکەوی ناو خەرەند و هەڵدرێرەکان بۆت بیمە سەر قاقبەقاق.. سەدان سۆناتا و کۆنشیرتۆ بۆ خەونی ڕازراڤی سپێدەی پاشەڕۆژت بهۆنم و هەزاران قەتار و ئەڵلاوەیسی بۆ دیداری جوانیت لەسەر تەختەی ئۆرکیستراپەکی کوردانەدا، لە کەرنەڤالێکی بە هاراویدا، ببم بە مایسترۆی دڵگەرمت و سرورودی (ئەی ڕەقیب)ێکی تازەترت لە تەک دەیان لەیستۆک و گۆڤەندی

---

٣٥- ژنێکی بەسینەسۆزەی سەر دولکەبێژبوو.

ڕەشبەڵەکی: سەنگین سەما و قلیمچۆک و شانعیشەکێ و خانم مەڕۆ و سۆمایی و بەدەم هەزاران دەسماڵی شین و سوورو مۆرو سپییەوە، لە مەزری فراوانترین جغزی و باڵێدا، لەگەڵ شەپاڵترین سیمفۆنیای دەردەکوردا، دەردەکوردت بۆ بنوێنم..!! هەی های! نیگابدێرە: کەتامی ڕزگاری تۆ، گەلێ گەلێ لە تامی داستان و کڕەباران و بۆنی خاک بە تامترە.. بۆیە ئەز تۆم بە سەوزی دەوێ: سەوزبی وەک چاڤی خەواڵووی کابانە کوردێکی زەندبەبازن و تل ناسک و زەرلیمۆی چاوسەوز، سەوزبی وەک سەوز، وەک کژی ڕەزبڕین و جەنگەڵی پڕ لە پێچوپلۆچی  سەوز و پڕ لە باڵندەو هێلین و پەپولۆکەی سەوز، وەک کاژ، وەک دێراوی ناسکە نەمام و شتڵەبی، وەک کەروێشکەی سەوزی قەرسییل، وەک زونگاوە تەریوەکان بە بەفراوی بەوەنەوز، وەک ئەستێرەی ڕژاو، وەک لق و خەڵفی گوڵ و گولیکەی سەد تەرز.. سەوزبی وەک ئاوی قووڵ و سەمەنی خاو، وەک نێرڤانای بووزاپەرستان، وەک ناوکی فەریکەنۆک و فستق و فندق و باوی، وەک پەشتەمالێ کابە و وەک گومەزی پێغەمبەر، وەک ئاخڵەی پڕژۆڵە سەوزەی شۆخێکی ڕەشتاڵەی شەولێگۆڕاوی تازەبووک، سەوزبی وەک گیانی سەوز، وەک خەنەی خاو، نۆبەرەی سێڤ و خۆخ و زەردەلوو، سیحری سەوز، وەک بەرامپیلی سەوز و وەک کلۆرۆفیل، تا پەرژینێکی سەوز: هەموو زەردو شینێکی ئەم ئەڤینستانە زەرد و شینە بتەنێ..!! بۆ کوشتنی هەر سفرە درِ و ڕدێن گەزە و هەر هەزار پێیەکی ئەم گەڤرستانەش، هەزاران ئافەرین لەو دەستەسەوزانە دەکەین، کە چاو لە چاندنی زەوشتی هەزاران بیروڕا و بەهاو نموونەییەکی سەوز چڕ ناکەن، تا پانۆرامایەکی ئاگرین، لەرە ساترین مەیدانە سەوزەکانی تۆدا، بەقەد تاوەری ئیڤڵ بەرزکەینەوە و لە دەوریدا

بەرفراوانترین ڤیستیڤاڵی لاوانی تۆلازی جیهان ساز بدەین، تا ڕۆژنایی پڕۆژەکتەرەکان بە سەنگ و ڕەنگەوە بنیشبێتە سەر دیدەگەش و سەوزەکان.. لەسەر بەرزترین چەرخوفەلەکێکی کریستاڵییشدا، لەهەر گەلێکی سەرپشتی ئەم ئەستێرەیە، کچێکی شۆخ و کوڕێکی زیتەڵە هەڵدەبژێرم و سواریان دەکەم، تابەچاوی خۆیان ئاسۆی ئازادی کوردببینن و هەر لەو ترۆپکەش سەیری وان و خەرپووت و سلێمانی و کرماشان و ئەڵهای بینینیان بکەن..!!!
بۆیەکە ئەی زادگەی بێ ترانزیت و سەوزم، ئەی بەندیخانەی بێدەرگای لاوک و حەیران، بێ سیکەنە و سەرخان: گەر: هەر ڕۆژ و ساڵێ، دەیانجار، ئەو دوو چەشمە پڕ لە گلنجان و بە مڵومۆشەی گەرمێن و ساردێنی من، تۆی نەکەوێتە بەر سەمت و هەمبەر و لەکەوە ڕۆژدا خوازبێنی شێرەبەفرینە و شەڕەتۆپەڵ نەکا و پایزە ڕێزەو ڕەقیتەن نەبێ و نەرمەکۆکە نەیگرێ، لابسک و کەزی و سای گەردن و بەربێنامەمکا و چیچیلەی خڕێی ڕەنگ هەنارێی پاوپووز سپی و بەلاتریسکە، لەبن کەپرۆکان و لەخەوکا پاشیڤێ نەبێتە میڤان و ئەوزەڵ نەبێ و لەتەک پەرییەکانی ئاسمان وزەرییەکانی زەریا نەبێ بەکۆڕاڵ و ئەم لاوژە پیرە پایزۆکەیە نەچڕێ:

بەهارە چ بەهارە کێ کۆکە
سێ دارێ یی لناڤ باغی شەنگە مێرەمۆکا من شین
بووینە: ئێک هژیرە، ئێک هنارە
ئێک بیْمۆکە
هەرسێ زەریی لبن سێ دارا دانیشتینە: بن دار
هژیرێ نازە، لبن دارا هنارێ نازدار و لبن

دارا بێمۆکێ شەنگە مێرەمۆکە
سێ تەیرێ لسەر هەرسێ دارا دخوینن:
سەرسەرێ نازێ د خوینیت شالوورە، سەرسەرێ
نازدارێ دخوینیت بوولبولە، لسەر سەرێ شەنگە
مێرەمۆکامن، دخوینیت ڤەحەرامە تۆکە..))

جاگەروبۆیە، بە بارانی پەڵە و شارە مێروولە، وەرزی هەنجیران و شنەشنی شاهەنگ و هەنگبڕین نەکەوێتە دڵەڕاوێچکە، ئافەرین بۆ ڕەندایەتی مێرخاسانت نەکا، هەوەسڕانی دیقەدیق و زرنگەی خڕخاڵ و پلپلە و پشکۆژ و گەردانە و کرمۆکە و دەستەوانە و گوارەی بەشۆڕابە و ئاشقبەند و پشتە سەر و هەمایل و بەندۆکی خانومانانت، دوورەندێش نەبێ و نەزەڵێ و دڵی دانەکورکێ و لەتەک لەنگینی پاوانی سینگێ زەری بن فیستانانی کیژگەلی سەربەشکوژ و زەرد و زووڵت سەرەڕێژ نەبێ و زمانی نەترازێ، بەگمەگمی گاکۆترت واقنەیباتەوە، لە دەوری سەری بەراوەکێل و مەرەزە و ناسکەهەرمێ و کالیار و مێوژەسوورکە و مزرەسێو و شەقڵی خەرمانی سوور و خەرمانلۆغەت نەگەڕێ و دانەجمێ و لە کزەی جەرگان نەدا و بە تەماشای سوورەچنارە پڕچنە و تۆقڵە دەرکردووی وەرزی داراوسانت لێوی تەتڵە نەکا و تەوەن نەیبا، بە پرزە پرزی بارانی تەڕساڵت نەبووژێتەوە، بە بژنگی زارۆڵە بێگوناهەکانت نەحەپەسێ، چێژ لە بۆژانە و فەریکەڕۆن و بنێشتەتاڵەی دارقەزوان و بادامە تاڵ و ڕازیانە و حەوینجی ناونان و کاشمەی ناو پەنیر و تۆراخت وەرنەگرێ، بۆی لەبەر چڵەچڵی ئاگردانۆکەی ناوشکەفتانت وشک نەکاتەوە، تامی چلوورەی زستانت نەچێژێ و لەژێر سێبەری چەوتەکی مێوو زەل زەندۆڵ و ژاژەلانی چەمە بۆرژاوەکانتا ڕانەکشێ، نەکەوێتە دوای بزن

و کەڵ و مێبەران وشەکە نێر و چوشتیر و کرمەبارانە و ڕاوەکانی و ڕێویە سوورە و پەزەکێوی و توولەی چەقەڵ و تاژی بناران و ئەملانەولان نەکا، لەنێو ریتمی سیمفۆنیا ئاسا و پۆرترێتی: ویقەی ڕێوی و قیرەی چەقەڵ و مرەی پشیلە و لوورەی سەگ و حیلەی ماین و بۆرەی گا و خرنگەی ئەسپ و بۆقەی ڕەشەوڵاغ و باقەی مانگاو قرغەی قەتێ و قیقەی کەڵەباب و قرنگەی قاژک و بغەی کۆتر و قیرەی قازو گمەی کوکوختی و کاڕەی مامرەبەکڕ و تریوەی چۆلەکە و جیزەی مەل و شڵخەی هەنگ و زروچکەی جووجک و قاسپەی کەو و چەهچەهەی هوزار و قوڕناویلکە و خڕەی گوێز و هاژەی گەڵاڕێزان و وژەی گەردەلوول و پروزەی پووش و زەلەزەلی قامیش و شریخەی هەورەتریشقە و هاڕەی تاڤگە و بڵبڵەی کانی و قوڵقوڵەی ئاگر و گڤەی باو گیزوگازی باهوز و جریوەی ئەستێرە و ڤزەی بلوێر وریکەی خامە و خوششەی نێرەکچی خەرامان و زووقەی منداڵدا، نەشەکێ و نەبوهژێ و نەمرێ و نەژێیتەوە، حەزی لە هەڵپەڕتاوتنی درەختی سایەبانت نەبێ و بەسەریدا هەڵنەوەزێ و شیرێژی فڕنەکا، لاوکی خوێنینی (سمکۆ) لە ڕچەی بەفری گرنگەی چیا ژەنگارەکانت نەچڕێ و بە چنگەکڕێ هەڵنەپەرکێتە سەری، لە ستران و شیعرا بۆ بارکەوتە و زەبوون و لاتولەوارانی تۆ حەجمانی لێ هەڵنەگیرێ، مژ لە مەمیلەی بەتافەتافی کانیاوەکانت نەدا و لەلەترنەدا، بەپێکی خەستەوە سەرمەستی کاروانی ڕۆژی ئازادیت نەبێ، دڵی لەبەردەم پەرەوازەی بێچووە باڵندە و زەڕنەقووتەکاندا لە بازرقەی خوێن نەدا و دانەڕژێ و نەڕوکێ، لە چراخان و بۆ هەڵکردنی ئاڵای ئاڵووالات شنگڵ لە خۆی نەدا و چرە بەندان نەوەستێ، بەهەیاران و مەیارانت، ڕەگەڵ بووکە بەبارانێت سەرەخولێ نەیگرێ، بە شاخی حەجامەتت ڕووگەش نەبێ، گوڵەباخی دەمبەیانت لە بەرۆکی گییرنەکا و

نەیکاتە سەرسەرپۆڕی تەشی ڕێسە ڕووشیرینەکانت، بە قاڵنگ هەنارە سوورەی سەرساپیتەکانت بەرنەداتەوە و هەنجیری شیلاوگە لێنیشتووت نەماشێ و گێوژەی ئەرخەوانی و سووربلەتی و ڕەش و زەردت نەلرفێنێ، بەڕاوەماسی و ڕاوە ژووۆژک و ڕاوەکەوت ئەستۆبەند نەبێ، بەشیلەی هەنگوێنی ڕنگاڵت موووڕەگەی پشتی گەرم دانەیێ و چۆقەی تێنەکەوێ، گەزیزەی پیروشیرینت نەمژێ و گیرۆدەی نەبێ، لەگەڵ گۆپاڵە بارانەی سەربەکڵاوەدا نەکەوێتە ختووکە و سەما، بەدەم جوزە جوزی پلووسکی سەماوەرەوە زاخ نەدرێ و بە شنەی سارای کۆساران دانەهێزرێ، شوکرانەبژێری کرەو دەستاڕو نانی سەرساج و زەنگاڵە ترێ و شەکرە سێوو دەنکە زیبرەی زێڕ و شۆکی شاتوو و هەڵوژە و ئاوە سەهۆڵەی بزنەوەس و کاڵاوپۆشاک و ئارمووش و شەدەی بەگیز و گوڵینکی ئەسپی سەر قەتارانت نەبێ، لەبەردەم ڕێژنەی گلیزەکانت ڕووت نەبێتەوە و پێستی لەبەر باراندۆختا نەتۆزێ و وردە برینەکانی خوز نەهێنێ و ژانەکانی توێژ نەگرێ، لەسەر تیمانجی چاوە سوورەی وەک شاهەڵۆوە سەیری ڕکەی ترۆپکەکانی ئەمرۆ و ئایندەی مەزەدارت نەکا و نەڕوانێ و گیانی خۆی لەسەر نەگێڕێ، لە فیشکەی تیرە مار و گینگڵەی ڕەقەماری نێو جوێبار و لێرەوار و زەنوێرە ڕەشڕاهاتووەکانت نەسڵەمێتەوە و بە بیری پیرۆزی نەتەوەییش شانە نەکرێ و سەرۆکو بنۆکی نەگیرێ و پێنەکا..!!! دەک ئەو دڵ و هەست و ناخ و ئەو چاوانە، مووی ماری لێ بێ و وەک دیزەی ڕەش لێڵایی پێدابێ و دابڕژێ و نووکەگاسنی جوانەگای بەرجووتی تێبچەقێ و بەر ئاوی ئاموون کەوێ..! دەزانی بۆ؟ چونکە من ژوانم لەگەڵ دواڕۆژت ڕۆناوە و لە میهری خاکە بۆندارەکەتا، گەیشتوومەتە ئاستی سووتان و دەسووتێم، توێژی زامەکانم دەسووتێ، ژێر گلێنەم باحوڕای هاوینێکە

بۆخۆی، دڵم کە شەنگ بووە و دەمارەکانم دەسووتێن و هەڵدپڕوێن و سەرسوڕکەم گرتووە، ئاخافتنم سووتاون، بەندەری خەونەکانم ئاگریان تێبەربوو، پژمینم سووتانە و خەم دەدەڵێنێ، بەڵخی درۆڕەشەکان بەرچاوی گرتووم، تۆبەرەی خامەم بەر لەسەرهەڵدانی، سەردەنێتەوە، لەبەرژان و ژووری تۆ، لە بیابانی کریکای کریکا، بەنامۆیی سەردەنێمەوە..!!!

****

# هۆناکەکەم:*

کاشکی بۆ ئەو ڕۆژەی شیعرە بەکەفوکۆڵەکانمان دادەخورپێ و دەبێ بەسێدارەی لچی شۆڕش بوودەڵە و دوژمنە قوتەگونە و بۆرە سوارانی شۆڕشی و خەساوەکانی، لینگەقووچیش پێیدا هەڵدەواسرێن.. دەبێ بە تەتەری تیسکەی تفەنگ و بەکۆڵەوژی نێو سپێنە و ڕەشێنەی گشت (مەلا خەتێ) و (مەلا ئیدریس)ێک و بە هاژەهاژی تۆپی هەڵتروشکاوی (وەستا ڕەجەب).. بە چلچرای دڵداران بۆ ڕەوالانی شێخ فەرخ و کناچانی خاتوو ئەستێ، بە دەنگی خرۆشاوی سەرکێشی ژیان، دژی کینە و ئاوزینگدان و تاتابوون، بە زمانی (دەردەکورد) و مەرگەساتەکەی، تا بەرەنگاری هەموو ئەژدیهایەکی حەوسەرە و ئاگرپژێن بوەستایە، تا هەموو نەهەگ و سەرهەڵقەنە و شەوە و ئاڵ و خێوێکی بپلیشاندایە.. خۆزگە (کوردستان) دەبوو بە سەروای هەموو شیعرێک، تا گیان و گیپاڵی کوردی تژی بکردایە لە خورمەبارانە و پەلکەزێڕینە و لێوزێڕینە و

لێوڕێژی بکردایە لە خۆر و ئۆکسژین.. ببوایە بە تانکی و زرێپۆش و هاون و بازۆکە.. ئەلف و بێشمان بە سەنگەری پیتی کوردی و بەڕۆکێتی سام، ئازارەکانمان بە سروود و میهر، ببوایە بە سیمرخ و لە قوللـەی قافەوە بە شاپەڕی زێڕینی مزگێنی ئازادی و یەکسانی و مرۆڤپەروەری بهێنایە، هەموو ڤایرۆسی جنۆکە و جوانەزما و پیرە شەیتانی ڕەشەڕشانەوەی ئەم شاخبەند و هەنگستانەی بخستایەتە نێوکڵپەی ئاگردانی کوێستانی ڕەڤەندەکانەوە.. ببوایە بە سەمەندەر و بسووتایە، بسووتایە، بسووتایە، تالاپەڕەی زێڕکەفتی دنیای ئەم گەلە دەسبزێو و بەدەمار و زیخە، بە خۆڵەکەوەکەی بنووسرایە.. هەزاران موژدەیش بۆ ئەو ڕۆژەی کە وشەی چاوەندازەی کورد، لەم دڕکەجاڕەی مەدهۆشی و کورتە تەمەنی و ڕەنگپەڕیوی و پاشاگەردانی و وێژینگیەی ڕادەپسکا، تا گزنگی سەرلەبەیان و ئێوارە وەختەی کوردایەتی: لات و نزوولەکێش و جەرگاوس و برسی و حەژمەتدارەکان، کوردایەتی خەونی دۆتە بە تاراجبڕاوەکان و زاڕۆڵە شیرەژەکانی تێدا هەوێن و هاواهەنگ بوایە و بکرایە، تا بە ئازاری میهری ئەم نەتەوەیە، دابهێزرایە و بە خۆشیی خۆشەویستی ئەو بهەژایە، ببوایە بەنان و بەگەردن ئازادی و ئەنگوتک و ڕەوڕەوە و باڵۆنە ڕەنگینەی شادمانی، بەتراکتۆر و خەرمانگێڕ و دروێنەساز، بە خانووبەرەو ساختمانی حەفتا نهۆم و بە باخچەی ئاژەڵ و ئەوزاری مێوەچێن و لۆکەچن و نەمامچێن و هێشووچن و ئاشگێڕ و مەکینەی کارگەی ڕۆن گەنەگەرچەک و کونجی و کەتان و گوێز و ماسی و فابریقەی مەڕمەڕ و گوڵاوپژێن و کەشناسی و ئاڵاوپوول، تامەرگەمووشی وشکە درۆ و قسەمێچکە و پفەڵ و فشۆڵ، لە بەندیخانەی وشەکاندا بەندبکرایە و بێ ئاووخۆراک دەسبخرایە بینەقاقای..! ئا ئەو گاڤە بەدخواز و بێ نیهادەکانمان دەدایە بەر تەوژمی پندڕیسک و ئهێو ئهێو..! ئا ئەو

وەختە دڵ و دیدەوناخمان بە وشەی خۆشمەزە و گەوارا ئاوڕشێن دەبوو، ئینجا دەمانزانی کە: ئێمەش نابێ لە بەراوی هیچ کەسێکدا، تاسەی شیرینی وشەی بەنگینی خۆمان بەخێوکەین.. خۆمان خۆمان بین و بەری چاویشمان واڵا و واڵاتر...!

****

# ناسنامەکەم!

ئێمەی شازدە هەناسە، بە دوای دڵۆپەکانی تریفەی ئەو هەیڤە شەوەدا وێڵین کە: دەتکێتە سەرکۆلیت و زنجی بەلەنگازان، ماخولیای (ناسنامە)ین و هەزاران بار چووینەتە شەرای مەرگ و سۆماییمان چووە و پرسکمان بێژار بێژار کراوە و هەزارانساڵیشە سەرسمت دەدەین و قەڵفڕ دەکرێین و پێستمان دەگروێ و زامی ڕەشمان دەرکردووە و هەر تێمان نەگەیشتوون و هەر وشکەمژین.. دەممان پڕی گوللـە و پونگە و گیابەند و پڕزە بارانە و لیسە کۆتر و ناڵەی باڵەبان و ڕنگەی قورقوشم و دنگەی ماندۆلینی خەفەتە.. نهێنگیرەکان قورتمیان گرتووین و لەشکرکێشمان لەسەر دەکەن، ئێمە هێشتا ئەڵهای ئەپۆلۆ و کۆمپیوتەر و مانگی دەسکردو لیزەرو لاپتۆپ و ڕاچەنینین، چاومان چاوگەی هەڵچوون و ئەلیکترۆتایپ و دیکۆرە بەرزەی شارستانی و سکای لاییە.. گشت زامێکی ئاو دزمان بە چاودیوە، بە شادەمار و بەدڵ دیوە، هەزاران زەخمی سەروبن کراومان ئەزمووناند و خۆمان لە زاخدا، تا گیان و تاسەی تۆقیومان لەنێو خمخانەی قوڕمتێن دا جاقی بوو..!؟ ئێمەی نەوەی ئەمڕۆ،

مێشکمان سەدان سەد ڕازی پەنجەی شێرپەنجەی تێدا پەردەپۆش کراوە، دڵمان لێواو لێوی گێژەنی وەشت و وەشەن و تافەتافی ڕاژان و کژەبارانە و خەندە و جەژن و گۆرانی و ڕاسان و ڕامووسانە، شەیدای چاوی کورد و ناوی کورد و خەون و دەنگ و مەرگ و ژینی کوردین.. سپڵ و برژانگمان، تل و پدوو مەڵاشوومان، زمان و گورچیلکمان، هەریەک توونای لایەکن، تاتاو لەتوپەت کراوین.. درووی مەم و زینان چاویان پێمان هەڵنایێ.. لێمان سڵ دەکەن و دەترسن.. بۆیە هەمیشە وەک پەلەفیرەو مێردەزمە، دەم لە هیمۆکلۆبینمان دەژەنن و هەرتێرنابن، هەر دەپرسن و دەپرسن و دەپرسن!؟ وەڵامیان چنگ ناکەوێ..!

بەر لەدایکبوونە ناویزەکەی خاوەنی خاچ، بەر لە شێرەکەی بابیلۆن و بەر لە ئاشوور و ئەستەخڕ و بەر لە ئۆدیسا و بوتستانی گریک و بەر لە ئازار و بەر لە یاساکانی پرسیپۆلیس، بەر لە شەپۆلی ڕەوەندە نەفرەت لێکراوەکان.. لەو شڵێوە و وشکەسەرمایەدا کە ئاسمان دەموچاوی دابووە یەک.. لەگەڵ شەبەنگی ئاهورامەزدا، بەرەو ئەم چڕستانە ڕێژەن و ئاوەنیایە، بە نیازمەندی و بەڕەهواری و بە تیپ و قۆشەن و چەکرێژ بە کەمەند و گورز و شیر و مەتاڵ و دووشاخەی تیروکەوان و کەر و بارگیر و ئێستر و ماین و ئەسپی تەوسەن و کار و بەردیل و پەڕبەران و جەنجەر و داس و قەیناغ و قەرانگ و هەوجاڕ و نووردوە نانی سارد و مانگاوس و بەدەم هۆرەولاوژەی سوارە ئەسپی ڕەشبۆز و سوور بۆرەوە، بەناوی:

((ئاهورامەزدا، مینویو سپینشەتە، داتەر گیتینم، ئەستەڤایتینام ئاشووم...))[٣٦] پێمان دەڕگێڤێ ناو ڕەپێش کەوتین و بووینە ڕەوتەنی..

---

٣٦ – واتە: ((بەناوی سەروەری زانا، منیووی پاکترین ئافەریدکاری گێتی مادی پیرۆز..!)).

ڤێکرا دەواچاین دەمان ێیژی:

( (ژبەر کەیناو درەوگە و ڤیمەنە و نەمانی ڤۆهۆمەتە و ئاخشتی و ستەڤ و ئارەم و رتەونی و شیاتە و کەوتنی ڤیرە بە دووی کامەکانی ئەهریمەنی بەد لەم مەرزوەدا.. ئاهورای مەزەنت، دوژەنگهوی بەفرێکی فرەتەهی هینایە ئەڤ ئاستانە و گەیتە شلەژاو ئافەنت نەماو گەیە کە تەگەرێز، ئەتا گەلە هۆز و تیرەکانی ئەڤ زامی پەیریدیزە، تەورنەیان بەرداوپتی پابوون و پەپتی بەندی خشەب هاتن و مەونگ گیرا و بوونەی ڕەچەو ستەری ڕەوخشنە، بووبە ئەسرەڤ تەنسرە و تەرشنە! هەر گەلەک بەرەو ئەڤارەک برزەت بووین.. مەکە بە ڤەچ ماچۆماچۆمانە، ڕووە و ئیرەیەن بووینەوە، ئەتا نیژاتی ئورڤەنی شما، ئوشیدانە و ژبەر ڕەوخشنەی مەژگە و ئووش و ئەورڤەنت و تڤەنتیمان، شارستانیە تا مینۆ و سپەیتە و ئەنا هیتامان ڕسکاند، ژنیەز ڕاژەکردنی ڤیدۆزی مرۆڤاتی و ئەتگرە و ڕەوچە و داتەر.. ژ برڤی سۆنگە، مەبەخشماکە و بە تەڤەکانی کەنووکە بە هیزووی ( (کوردی)) دەواچن، دەواچین: بارڤانی خۆیان ژ یووتەخازی و کەینا و دوشمەنداری بپارێزن و ئەم گاتا و ئاڤاچە، ژبۆ ئەرشتات بڤاچن، ئەگەرنا مەونگی بەختیان دەکوژێ و بەرنەفریتی ئاهورامەزدا دکەڤن و ئایزمایان دەشکێ و هەرزیان سەرەنگرێ دەبێ، ئەو گامەن ناگەنە هیچ ئاکامەک، ئەڤ سپەرەت و ئاکەسە، ژ گەوشە بگرن.. براتایاکەر...!))[٣٧]

---

٣٧ - واتە: لەبەر کینە و درۆ و گومان کردن و نەمانی ڕەوشتی بەرز و ئاشتی و ئاسایش و ئارامی و ڕاستی و شادی و کەوتنی مرۆڤ بە دوای کامەکانی ئەهریمەنی بەد، لەم کەوشەنەی زەوییەدا، ئاهورای مەزن، دۆزەخی بەفرێکی فرەی هێنایە ئەم ئاستانە و گێتی شلەژا و ئاوەدانی نەماو گیان فرمێسکی ڕژاند.. ڤیجا گەلەهۆز و تیرەکانی ئەم زەوییە بەهەشت و ئاوەنیایە یان بەرداو سەرگەردان بوون و تووشی

ئاله یەکەم شەوی کورد، کە بەزاقوزووقەوە، لە دایکبووین، باوک و برا و دایێ و مەت و دۆت و ئاپا و تیتکزا و ئاپۆژن و میتەزا و خالۆزامان دی، خوشک و دۆتمامی چەلەنگمان دی، بە هەنسک و گریان و گۆوە، دلیان زافی ئەداو بەو کوردی یە لەنگ و شیرینە دەپەیڤین و پەیمانی قۆناغ بڕینیان دەدا، سەرەدێڕی گاتاکانیان بە چووزەرەی خوێن دەنووسیەوە و ئاگریان لە جەرگەی زامی مێژوو بەردەدا، بۆن و بەرامەی تاسەکانیان، تا دەهات سەوزتر دەبوو، پزدانە بیژیەکانیان کۆرتاج دەکرد و دەوشکاندن، پەنجەرەی والای باربووی ئاریکارییان لەبەردەم وێرانە خاکی مرۆڤایەتیدا دەکردەوە..! ئالەو ڕۆژەوە، تا ئەمڕۆ، کۆچاو کۆچ و ناوەسووتین و قاوی خۆمان نەڕفاندووە و بەچنگەکرێ سەردەکەوین و هەر دەڕۆین و هەر دەڕۆین، هەر دەڵێین و هەر دەڵێین و دەڵێین و هەڵدەزووقێینەوە، بلیاران نەمامان ناشتووە، کەچی هێشتا هەر نەگەیشتووینەتە کاروانسەرا و پشوویەکمان نەداوە..! هەزاران هەزار جار، لەم دنیا بە پێچ و دەورەدا، هەر دوازدەکەلووەکانی ئاسمان خولی خوارد، ئێمە هەر

شەوێکی تار هاتن و مانگ گیرا و ڕۆژ و هەسارەی ڕۆشن، بوون بە ئەسرین و تاریکی و تینویەتی..! هەرگەلەک لە ئاقارێک بزربووین..! ئێمە کە بە ماچۆ دەدواین، بەرەو ئێریەن بووینەوە، ئینجا نەژادی پاکی ئێمە، هوشیارانە و لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەی مێشک و هۆش و چالاکی و توانای خۆمان، شارستانێیکی سپی و ڕۆشن و جوانمان رسکاند، بە نیازی ڕاژەکردنی خۆدۆزینەوەی مرۆڤ و ڕۆژی ڕووناک و دادویەکسانی، لەبەر ئەو هۆیە، ئێمە بەئێوە و نەوەکانی کە ئێستا، بە (کوردی) دەپەیڤن، دبێژین: با گیانی خۆیان لە جیاخوازی و ناکۆکی و کینە و دوژمنداری بپارێزن و ئەم سروود و ئامۆژگارییە بۆ ڕاستی ببێژن، ئەگین مانگی بەختیان دەکوژێتەوە و بەر نەرفرینی ئاهورامەزدا دەکەون و هێز و ئەزموونەکەیان تێکدەشکێ و ئازادییان پێشێل دەکرێ و ناگەنە هیچ ئاکامێک، ئەم ڕاسپاردە و ئاگادارییە لە گوێبگرن، ئەی برا جگەرگۆشەکان..!!!)).

ماین و هەر پەکبیین و هەر نەڕڤاین و هەر قسە لەڕووبووین و ڕیشەی جگەرمان هەڵنەکێشرا و تیرەگەی پشتمان هەر بەرزتر بوو.. تۆزکاڵێ چیە، بەرۆکی ژیانمان بەرنەدا، چونکیم دەزانین، هەرخاکێ، هەر کوردستانێ لە کوردستانەکانی ئەمڕووی جیهانە، ڕۆژێکی هەیە و سەرهەڵدانەوەیەکی نوژەنی خۆی..!

****

# گوڵباوانەکەم

جاران لەنێو هەر هەزار ناوێک و دەموچاوێکا، نۆسەد و نەوەد و نۆت دەناسی، ئەوێستاکێ شت بەرەواژ بووە، مەگەر بەدەگمەن خەڵک بناسی، یابتناسن، هەیهای! لەم هەموو دەمامکدراو و سۆراوسپیاوکراوانە..! تەحا! لەم هەموو کەوڵسووری بەر لەشکرانەی کە بە حەوت تەور ملیان دانا پاچرێ..! پەککو! بۆ ئەم هەموو کەوڵ مەڕ و ددان گورگانە..! ئەککو! لەم هەموو چاچولباز و دایکە ئالآنە..! ئەها، ئەهـ! بۆ ئەم هەموو ڕوخسار و شێوە و ڕەفتارانە..! تەح! لەم هەموو سەرو سەکۆت و کاڵا و جلوبەرگە جوێ جوێ و بێ زەوەرانە! پەهـ پەهـ! لەم گۆڕانە شل و شێواوە! ئەیهوو! لە ڕەنگی پەڕیوی منداڵە ڕوحسووکە پێغەمبەرەکان..! نازانم! نازانم! نازانم! نازانم! نازانم! نازانم! نازانم! لەدەوروپشتێکی وای قانگدراودا، کەچەک و چەکرێژی و چەکدار و چەکساز و چەکباز بووە بە دورشمی هەرە باڵا و بەپێڕەو پڕۆگرامێکی سەنگەلاوەمۆن و زمانتاڵ، ماچەکی و ڕەبەندەکانیش، یەکەنو جەژنی ئالووشاوی خۆیان پێکەوە دەسازێنن..! ئایا! ئایا! بیر لە (هیچ)! دەکەیتەوە، یا بەنەدیدە و نەناسراو، لە زێدی پشتاوپشت و دەسبەقەواڵە و بە قاقانی ڕەشی

خۆتدا دەناسرێی؟! یا بەنیوەچڵی مت دەبی و دەبنیسێی؟ ئانکو بیرێکی وردی لێدەکەیەوە و هێزوهەڕەنگ و بازووی بۆ دادەچنی و خۆت و هەزارانی وەک خۆت دەربازدەکەی!؟ ئان هەر وشکەڕن و دوورەپەرێز و بێ هیڤی و دۆش!؟ یان تۆش وەک ئەم هەموو پەرێزناپاکانە، پوولیکت لەلادا، لە مێشکۆڵەی مەزنی ئادلەر و ئاینشتاین و گاگارین پێ گرینگتر دەبێ..!؟؟؟

****

# دۆڵەنگێوەکەم!

شار ڕەنگوڕووی جارانی نەماوە، درمی زیتکە و باڵۆکە و گرمژنەی تێکەوتووە و بەجارێ لەنگەرەکەی لار و تابنەقاقرێێ نوقمی قوڕ و زێلاق بووە..! ئەمڕۆ لە جیاتی (قوڕەبەگ)ێک هەزارانت پێ نیشان ئەدەن، لەباتی (دۆڵەنگێو)ێکی بێ ڕەچڵە سەدان سەدان.. ئێستا لەم مەینەتخانەیەدا، ئەوەندەی بۆ نەخۆش و دەردەدار و بێچارەیەک خەرج دەکرێ، هەزار ئەوەندە دەخرێتە گیرفانی قووڵی چاوسوورەی ئاو بە ئاش و ملشۆڕ و قرژاڵدووسەرەیەک..! لە پێنج شەش ساڵ جارێ، ئەویش لە گەلاڕێزانی زێڕینا، حوشترەوانێکی لچەی چەناگەخواری لووتپانی چاو بەکڵی گرگنی چەتەوڵ، بەخۆی و حوشتریەوە، مەیموونەوانێکی چاودەرپۆقیوی خوریکەدار بەخۆی و مەیموونە قونسووریەوە، ڕووی دەکردە ئەم شار و ئەم هەوارە..!!! ئێستاکێ! ئاخ! نهۆ! هە مەپرسە و قەوزەی درۆ بەرچاوانی گرتووە و بازگەردانییە و سەیرە لە کۆیێ..! جاری جاران کە: ڕواڵ و شلە

شاری و هەرزەگۆیانی بێ لاجانگ، لە قۆجەمووسڵ دا فێری هەڵماڵینی دیژداشە و کراس و گرتنی بەرتراسکە و داگرتنی دەرپێ و ترازاندنی دۆخینی لاستیق و سوخمە و مەمکدان دەبوون، لە ڕازی گاز و مژین و نوقورچ و مڵچاندن و چنگ و پاڵپێوەنان و نیوگاز و هەڵگلۆفتن دەگەیشتن، ئەو ڕۆژگارانەی ئێمە چاوداگر و ئاگردەم، کە لە تیاترۆدا، دەسووتاین و دەبرژاین و سەرخۆش دەبووین و دەڕشاینەوە و چورکەمیز ئارامی لێدەبڕین و بەپفێ دادەگیرساین و بەتفێ دەکوژاینەوە، کە تەماشای شەپکەداری شانۆمان دەکرد، چاومان بەلاتراسکەوە، بە دەڵەدێوێ، بە شاخەگۆشتێکی چەرمە چەقاڵتە دەکەوت، ناوی ڕاستەقانی (ئارتێست) یا (راق×ە) بوو، کە: جارجارە بەجلە تەڕچکەکانیەوە، بە سمتەجووڵە لەسەر زەوی دەخشا، جارێ بەسەرو لاق و ئانیشکی، بەلاسمت و (دمتک)ی دمبەڵەک، تینووەکانی تەنگەتاو دەکرد و بای دەخستنە لووت و مەژگی سەریانی دەهێنایە لەرزە و وردەژانێکی ئاشوپاش و پەرچڤینەوە..! دەمنادەم ناوک و (بەر) و سینەی خاڵداری دەلەرزاندەوە، گەووکی مەمیلەی بەڕەڵڵا و بڵی دەخستە هەڵەکەسەما، زلەمووی بەرهەنگڵی تیسکنی وەدەردەخست، بەبرۆهەڵتەکاندن و پل تەقاندن و چاوقرتکێ و ملبادان و بەزوڵفی هەودا هەودای باوەشێنی هستیریای نێوگەڵی ئارەزوو ئاوسەکانی دەکرد و هەڵیدەخڕاندن، تا وەک شییردەپروسقان و دڵیان دەبوو، بەڕەژوو، بەتڵقەی مەشکە و شڵقەی کوندە و لییک ڕژان و دەیگەیاندنە لینگەبزێوی..! بە مشتەگان کەسییرە و زاوێر دەبوون..!!! بەڵام هەرکامیان نەدەشکا..! ئینجا خۆی هێڵنجی دەداو دەمی کەفی دەچاند و ئارەقەییکی مزر، زۆر مزر، هەر لە تەوقە سەرییەوە، تا کەڵەمووستی پێی بەنێو گەڵی دادەخزی و

هەموو روج و ماکیاجەکەی لێدەشێواند..! لە پڕێکا دەیان شووشەی وێسکی و بییرە لەژێر فیستانی خەملێوی دا لەزەوی دەدرا..! گاهێ دەحەسایەوە و پێکێکی هەڵدەدا، ئینجا بە چوار چنکۆڵە دەڕۆیی و پەلەقاژەی دەکرد و شۆست و شۆی لە شادەماری قرژاڵی هەوەسبازانی مێشکپووت دەبڕێ و دەیپونگاندن و چرکەیان لێدەبڕا..! چەلناچەلێکیش لە نکاو دەبوو، بە فییکەی تانووت و گەپچاڕی و قاقا..! کە ئەم بە خشکە خشک لە پشت پەردە چڵکنەکاندا بزردەبوو، نێرەمووکێکی قژنەسەری ورگن و چەقەوانەژەن، دەبوو بەناو بژیکەری ئەم ژاوەژاوە و سەردەکەوت و دەستی بە بەستەی ڕووتی سێکسخوازی دەکرد، تا دەنگی کەرخ دەبوو، ئەمیش هەر پێیان دەگوت: هونەرمەندی بلیمەتی ئێزگە و تەلەفزیۆن، جا یا هونەرمەند بوو، یا هونەرمەند و سەرگر و جاکێشی تایبەتی ئارتێستە بەڕەڵڵاکە بوو، خوادەزانی، ئەو ڕۆژانە هەرگیز ئەوەمان نەدەزانی، ئەمڕۆ نەبێ!!؟ کەچی ئێستا لە ڕێی گۆڤارەکانی سێکس و پارنۆگراف و ئەو وێنە ڕووتە تورکی و یۆنانی و فەڕەنسزیانەی کە: خوزاڤ لە دەما وشک دەکەنەوە، لەڕێی ستریپتیز و ستیریۆ و سیپارەکانی دەسگەمە و شەوگەمە و کێرگەمە و کوزگەمەوە، لەرێی ژنەفرەدۆست و دۆخین شل و چاونەرمەکانەوە، کچۆڵانی ئاڵوبۆڵنەکەوتووی مەمک نەپزیوی نەورەسیدە و مێرد منداڵانی لووسکە و بێمووەوە، بە حەز حەزۆکی و چاودزە و گوێدزە، فێری یەکەم ڕازی (دەسپەڕ) و (کاکەلەوبراله) فلچاندنی کێرومیتکەمژین (سەربەسەر) و چەکوچڕدانی مەمکۆڵە و قوزوناوک و لێستنەوەی بن هەنگڵ و بەرموسڵدان و ماچماچێن و هێنانەوەیەک و چاو لە چاوبڕین و هەسکە هەسک و (پانپانۆکێ) و (گانەکوزێ) دەبن..! هی وایان هەیە، لەڕێی (دوودەکیەکانەوە) فێری نهێنی

هەندێ شتی ناجۆر و تازەبابەتی هەتیوبازی دەبن، کە لە هیچ پەناو پەرێزێک و سەرزەدەی بابوباپیران، داکوداپیران، لە (ڕشتەی مرواری)[38]شدا پەییان پێنەبردووە..!؟ ئێستا باو باوی (کەببووت)ە، کەپسوولی ئاوسبوون، و لەبارچوون و بێنوێژی بازاڕی گەرمە، دەرمانی ئارایشدان هەر مەپرسە! قلەتریاک و دەنکە حەشیشە و پتێ کلۆرفۆرم، ڕادەی لە ڕادەی بیروهزری ساتەر بەرزترە، فرۆید پێغەمبەری ئاخر زەمانە..! لە جیاتی پەڕۆکۆنینەی بێنوێژی، مۆدیس ئەمدەستو ئەو دەستی پێدەکرێ، کلینیکس دەورێکی یەجگار زل و دیاریکراوی خۆی لەنێوان لفگرتن و هەڵوێژانیی کوڕێکی چاوباشقاڵ و سفت و کچێکی چاومێ و خڕوخەپانی بەگریزانگ و شەڕەتی نێوپێخەفی ئاڵووالای پانسیۆنێکا هەس..! دوێنێ گەر بەزەبری خەنجەر و بە شەڕە گەڕەک و تییرە، ڕەندەکچ لە ماڵ باوکی دەردەکراو، دەبووە قاوودەنگی گەماڵە جەنگ..! ئەمڕۆ بە خۆشە خۆشە و بەمۆزە مۆزە کچان بە: تۆقەیەکی زێڕ، ئەلبۆمێکی پوول، سپرایەکی قژ، باڕۆکەییکی گرنج گرنج، بە سویجی سۆپەر و مارسیدیس و مۆنیکایەک، بەناجیح بوونی قوتابخانەییک، بە فەرمانبەریەک، بە دەمانچەی لاتریزە و بەکاوشۆک و سوتیانێکی تەڕچک و پەکینیەکی تەنک تەنک، بە سوارێی پاریس و کشمیر ، لەماڵ و لەرێ دەردەکرێ و نافەکی دەبڕێ..! خۆشترین پاژی ئەم نمایشە پڕ لە ترشی و مزری و شیرینییە، پەیدابوونی چەندین شت و زاراوەی تازە تازە: ئۆرگازم و ئۆدیب و ناش و ساد و ماسۆشیزم و لۆکاندن و مەهەک بڕان و خەتەنە نەکردنی میتکە و قووچاندن و لێکترازان و داهاتنەوە و فیتیشیزم و کێلانەکێر و مەمک و سمتی دەسکرد و لوولبوون و تێکهەڵقژان و

---

٣٨- کتێبە ناودار و حەوتبەرگەکەی جاویدان شاد مامۆستا سەجادیە.

سایکۆسیماتی و شلەگان و تەگە و بەرانی تیژەگان و تێکبەربوون و کلکەپێوەکردن و لاشاک و پتر لە (٣٠٠) جۆرەگان و بەرشێلان و پشتشێلان و لاقوزو بنسمت و کلۆک و چووزەڵەی زەردەلیمۆ و مڕبوون و نووزەبڕین و مڕقلیدان و لاستیکیەتی پەردەی کچێنی یە..! ئێستا شارستانی و نوێخوازی و ئەفەندیانی لای هەندێ چنگە وشک و گەندە دەماخ و دڵکرمۆڵەکان ئەوەیە کە: هەم لە ناڵ بدەن و هەم بزمار، هەم خوایان دەوێ و هەم خورما..! بەڕۆژ دکتۆژیکڵ و بەشەو مستەر هایدن.. لە سووچێکا داوای سەرئەفرازکردنی ئافرەت دەکەن، لە گۆشەیێکی تریش بە دزەدزە و بەگریشمەی دیدە شەکەتەکانیان مرخ لە جاڕدانەکانی سەربەرگی گۆڤار و بادەی عەرەق و پۆستەری سینەما و سایتی سێکس و کاغەزی پەپاز و کارتی دیاریی و جەژنانە، خۆش دەکەن، کە بەلەشی ڕووتوقووتی ئافرەتەوە نەخشاوە.. لە دەرفەتێکی تردا، بەتامترین بەشی لەشی ژنی، یا دەزگیرانی، یاخوشکی، یا پوورزای، یا ئاپۆزای، یا کچییان، لە شەقام و گازینۆ و هاوینەهەوار و پلاج و ئەستێلکی مەلەوانیدا پیشانی ئەم و ئەو دەدەن و تووکەی سمێلیشیان دێ..! بەڵام لە چوار دیواری ناو ماڵا، دڕندەترین ڕەزەنی جەنگەڵیان بەسەردا دەسەپێنن، کەچی لەگەڵ چاوی شەهێن و ئەگریجەی بڕاوو تیتک و بوکڵەوسینەی تەبەش و گرمکی نەرمەڕان و کەفەڵی شل و فڵ و قیتکەی قیت و نافەکی ئاوەکیی ئەکتەرەکانی سینەما و شانۆ و تەلەفزیۆن دا دڵیان هەڵدەشێوێ و دەکەونە نێوزەلکاوی سوور و قەتمەر و ئاشوفتەحاڵ و گیانییان دادەخورمێ..! بەلای ئەم پیرە هورچ و بنکڕانەوە، ژن لە کوتاڵ و کەوڵەڕێوی و سرکەی کەسکوون و هێلکەی دەڵەمە و ملوانکەی خاچدار وگوڵدانی دەسکرد و مێزی توالێت و دۆلابی تاریکیی مایۆ و بێجامەی نایلۆن و قەیتانی

قۆندەرە و فلتەری رۆسمەن و سویجیٚ، زیاتر نیە، کچ چەند تازە و سەرگوڵ بیٚ، کچێنی خشپیلە و گزگڵ و کون و کۆن نەبوویٚ، گولینگی دەقومۆری نەشکابیٚ، ئەوەندە خۆشتام و بەلەززەت و بەهاگرانە.. ئەمێستاکیٚ دڵداری بووە بە بازرگانی و چەڵتە وەشاندن و بەرزەفتکردن، دڵداری لەلای ئەم خەساوە نۆکیسانەدا، تەنیا لەشە، لەش و بەس..! لەشی نەرم و نیان و بە کفت و کوڵ و سەرمۆر.. چاوی شین و لێوی ئاڵ سمتی خڕ و سینەی ساف و زەندی زراڤ و مەمیلەی تورت و ناوکی خز و پەنجەی نەرم و قژی خاوو ڕانی لووس و گەردن کێڵ و لووتی بادەنی و ناوقەدی باریک و ددانی سەدەف و گۆپیتەی مەمکمژین و ماچی لینج و لیچق و پاشوپێش کردن و گەوزاندن و رەپکردن و تێدەوراندن و هەڵفلیقاندن و گواندن و گەوزاندن و لێخشاندن و بە تاراجبردنی لەش و تەزی دڵ دەرکردنە لە گان و شۆڕەزاری هێز و پەرتک بڕانێکی بیٚ رۆح و گیان..! جوانییان لەلادا: ڕاستگۆیی و مشوورخۆری گیان نیە، ڕاستگۆییان لەلادا لە سروشتی پاکی مرۆڤ بەدەرە، سروشتە پاکەکەی مرۆڤیش، ئەو توانستە بێبنەی ئەندام و ژییری و دەروونی پڕ لە حاجیلە و شەوبۆ و گوڵاڵە و کوانووی بەنێڵەنێڵ نیە، تا ئەرکە شیرینەکانی خۆی جێبەجیٚ بکا..! جوانی و دڵداری، لەلای ئەم کاڵفام و کەڕۆڵانەدا: ئینگوئانگ و وێژووژکردن و ڕوو سەختی و ئاوڕینگدانی کێرو چاڵ و بلۆقی قوز و کلێنچکەی قوون و خوێنوشیانی لووت و باختیانی ڕەنگوڕوو و ڕەشداگەڕان و تاڵداگەڕانە، شێتایەتی و زمانبازییە، ڕژانی ئاوی دیدەولیک و لییری پێستە، تیرەندازێی هەڵپەڕ داپەڕی کیوبید و ڤینۆسە، هەڵچوونی سەرلێوی تاسە و سۆزێکی بەزەبر و زەنگ و دەمەکییە..! بۆیەکە: زۆربەی ئاواز و لاژە و هۆرە و تامپۆ و نۆتە و هەڵپەڕکێمان،

ئەدەبیات و کەلەپووری کۆن و نویٚ و  هاوچەرخی لوتوپووتمان، لیٚونلیٚوی ئەمجۆرە پۆرتریت و سکیٚچ و تابلۆ ڕواڵتپۆشیانەن، لە ما سۆشیرمی ژن و سادیزمی پیاوەوە، بنکاری ئەم گەرای کرمە بۆگەنە، ئەم جانبازییە ئاڵۆسە و ئەم چەشنە ئەدەبە پتواڵ و پڕقونیٚر و بالۆکە و کیٚچ و گیٚرکەیە، سەری هەڵداوە..!بۆیە کچانی شەنگوڵ و لووسکار و زووخیزی ئەمڕۆ، بە تیریٚک دەنیشانە دەپیٚکن و وەک مارکاژ دەگۆڕن و بە ئینجە و فینجە و وردەبزەوە، کڵاوی سەخرەجینیان لەسەر ناوە و وەک جیوە و ماسیین و تەڕنابن..! لە دڵیاندا یەکیٚ، لە قسە و گفت و لفتیاندا کوڕیٚکیان لەسەر زار و لەبەر دڵە.. لەڕیٚگا لاجانگداریٚ، لە ئاوڕدانیانا هەر یەکیٚ بیٚ، لە شانشین و کونی پەنجەرە کوڕە هاوسیٚ لەنیٚو پاسدا هەر ئاو بە دەمیٚک و لە ئامیٚزیشیاندا نەواخوانیٚکی تر دەحەسیٚتەوە و خۆی دەخونچیٚنیٚ و ڕۆن و بۆن و لە سینگی دەدریٚ..! کاشکی، سەدخۆزیا، پروشکیٚکی نوتونویٚ ی (بیتا) و (ئەلفا) و (ئیٚکس) و (گاما) بدۆزرایە، تابمانزانیایە: نیٚوەند دڵی ئەم خەڵک و خوایە، چەند عەڤداڵی ئەڤین و پاگژییە، چەندەیش متووی ڕق و چەندیش مەرس و کرمنن، چەندیان گانیگانی، چەندیان نانینانی و چەندیان گیانیگیانین..!! تۆ بڵیٚی گەر: هەر ئیٚستا (دایکە حەبیبە) زیندووبیٚتەوە دەبیٚ لەبەردەم کچانی ئەمڕۆ چی بڵیٚ و چۆن لە قافییان بگریٚ..!؟ ئایا بڵیٚ ئیٚوە دایکە حەبیبەی خۆتان نەناسیوە، نەتانزانیوە بە چ ناز و نیونازیکەوە، بە چ نهیٚنیەکی پاکەوە، نیوە ماچیٚکی داوەتە (باوەنالی) تا ئەو نالی یەی لیٚ بڕسکیٚ! نەتانزانیەوە بە چ ڕازیٚکی ڕازاوەوە باوە نالی لەترسی تەلعەتی هەروەکو شیٚت بۆ ئاگری ڕوومەتی کەوتۆتە کیٚوان  و ئینجا بۆی لواوە: دەستیٚ بە هەستیٚ، بەنەستیٚ، بەحەز و گزوفتیٚ لە گۆپکەی

زەرمەمکێ کە زۆر دژوارترە لە هەڵگژانی سەرترۆپکی ئەڤەریستێ نزیک بکاتەوە..! ئێ کێ دەتوانێ لەم وڵاتە بێچێژەی ئێمەدا، گەشتێکی هەودارانە بۆ سەر کەپکی مەمکی ئەڤەرێست بکا لە ساتێکا کە ئەو ئەڤەریستە هەزاران هەزار ئازو گوێزکردن و هەڵبەز و دابەزی تێدایە و ڕۆحی تێدا دەدرەوشێتەوە و خۆی لە قەرەی عەرشی پڕ لە نهێنی و ترسندەی پەروەردگار و گەردوون ئەدا.. لە ساتێکا ئەڵێ: تۆ بۆیە وا بەرزکەوتی، تالە تەنگە چاڵێکا چاوت پڕ خۆڵ بکرێ..! ئەرێ دەبێ گلارەی نالی و گرینگەی حەبیبە ئێستا چ ئیکسرێک بن بۆ ژیان..!؟ ئەی هەر نالی نەبوو دەیگوت: حەبیبە گیان! دەزانی جوانی لە چییدایە؟ جوانیی تەنیا لە جوانییەکەی تۆدایە، چونکە کە ئافەریدکار تۆی ئەفراند، تەزوێکی گەش و سامناک بەنێو جەستەی داخزی و گوتی: ((تۆ بڵێی من ئەوەندە داهێنەر بم و ئەم جوانییەم ئەفراندبێ..!)) ئای جوانی!! ئەمڕۆ بەناوی تۆوە، چەند تاوانی گەورە بەرپا دەبێ!؟ ئای! کە خەڵکانی ئەمڕۆ نازانن چۆن بەسەربەستی بیربکەنەوە، بەسەربەستی هەڵبژێرن!؟ چەندیان بەرپرسیار و سەرپشک و ئازاسەرن و دڵداریان لەلادا، دڵداری تەنپەروەری و گیان و دڵداری ئاوەز و ڕەسینەوە و ژینپەروەری و ڕۆحڕەنگینی و بەکام گەیینە.. ئای! ئەفسووس! کە زۆر لە ئێمە مانان، بووە بە مێروولەیەکی ترسنۆک، لەنێو شارە مێروولەی تێکقژقژاودا، دنیای لێبووە، بە چەرمی چۆلەکە..!؟

❊❊❊❊

# دڵمەندەکەم!

هەموو گەردوون لەنێو کاسەی چاوی شارەکەمدا دەبینم، گردو گلێری شارەکانی دنیاش لەلامدا شارەکەی منە و هیچ هاماجێکیش لەنێوانماندا نیە. سەرتاپای ئادەمزادی سەرپشتی ڕەقەنی ئەم ئەستێرە بە هەڵم و گوڵمە، لە شارەکەمدا، دەبێ بە خەڵکی تاسەمەندی شارەکەم.. بەڵان گەرهات و بەزاوەرەوە پارازتم و ئاشتی تێدا لێزەی گرت و رامپسکاند.. کوچکەلانی مژمڕکەکانم لەسەر ڕێی لادا، دەستوپێ و گوێچکیلە و لووت و تل و پلی مێشەسەگانەی تاوانەکانم قرتاند.. گەر لە جیاتی ((چبس چبس و فیتڤاتک و ئیشیتی و تۆفیق کێیە و فێسکۆیس و ئیسکیف و مقڵی و سەرسەکۆ و قرنەی گەواد خێی لەسەر..))[٣٩] مناڵە بێ خانەولانەکانمان، فێری نۆتەکانی ڤێردی و بیتهۆڤن و تۆنەکانی مۆنالیزا و ئەنجیلۆ و ژێرنیکا و پیکاسۆ و ئاگری پرۆمیسیۆس و بەردەنەفرینەی سیزیف بکردایە و کەڵەی ئاسنمان لەپێ بکردنایە و بۆقاف و داستانی گلگامش و دارستانی خمبابا ڕەوانەمان بکردنایە.. بە شیعرەکانی ڤیرژیل و شیرازی و عەتار و مەعەڕی و بۆدلێر و جامی و مەولانا و لۆتریامۆن و پووشکین و لۆرکا، فرچکیانمان بگرتایە.. هاروهاجی نیرۆن و جەنگیز و هۆلاکۆ و هیتلەر و مۆسۆلۆنیمان تێبگەیاندنایە، چریکە و ئاوازەکانی: یوسف و زولەیخا و ئەسڵی کەرەم و زەمبیلفرۆش و وەیس ورامینمان، بە

---

٣٩ - جۆرە قسانێکی بە توێکڵ و تەوس و لاقرتێ و تانە و تەشەر بوو، لاوان و بەتایبەتی چەتوون و سەرچڵەکان بەکاریان دەهێنا.

گوێیاندا بچرپاندایە.. بە چەپەلۆک شاپمان لە گوڵکەکانی عوزێر پێغەمبەر بدایە و ئۆقرەمان لە حەبیبی نەجارِ هەڵبگرتایە و ئەسپێکوژەی مەرنەمووکەکانمان لەڕیشەبکێشایە و زەندەقی سیسرکەکانمان برژاندایە و مۆرانەکانمان بهەنجنایە و دەعۆکانمان فسبکردایە و زەینکوێرەکانمان بهزراندایە.. بە چواڵدز بکەوتینایە وێزەی دەمدەمی و نۆکنۆک و خاڵهەڵکەن و قەپۆزدارەکان.. تەڵاقبەقوون و مارە بە جاش و هەوێکانمان ئاشت بکردنایە.. بێحەوسەڵە و تورِە و ترۆکانمان قاو بدایە.. قەپێلکی چاوی چاوچنۆک و سەر قفڵانەچی و پیرێژنە چنگ ئاسنینەکانمان برِەتاندایە.. بەیتو بالۆرەی بەربووکە ڕوحسووکەکان: ((سۆتی خمخم و ئەسمەسێلێو و ئەستێرە و غوربەتەباراش و خانێ و عەشۆک دەوخوار))[٤٠]و دەنگی ژنە گۆرانیبێژەکان: ((ئامینە مشکۆ و کەفۆ و مێمێ و ئامینە کۆلیس))[٤١]و مەولوودنامەی (مەلاماهیە و نوور سەباح و مەلاخەجۆ و سوڵتانە و ڕابیعەخان)[٤٢]و سەدای مەلاحافزەکانی سەرگۆڕستانی چراو گەورە و ئیمام محمد: ((مەلاهاشیم و نازم و جەودەت))[٤٣]و سەردولکەی (ئامینە مێرەمە)[٤٤]مان بخستایەتە سەر کاسێت و ڤیدیۆ و بۆ ئەرشیفی یاد هەڵبگرتایە.. سێ کەللـەسەری (دانیاڵ و جابیر و ناجی)[٤٥]مان لە فلکەی کۆتری ئاشتی دابنایە.. لەپکە و مازی و چاووزارمان لە کورتەکی زاوڵە ترِنەو بێهێزەکان بتەکاندایە.. مێردمنداڵە

---

٤٠- بەربووک بوون.

٤١- ژنە بەستەبێژی دەنگخۆش بوون.

٤٢- ژنی مەلای خوێندەوار و مەولوودنامە خوێن بوون.

٤٣- مەلای حافزی دەنگخۆشی قورئانخوێنی سەرقەبران و پرسەکان بوون.

٤٤- سەردولکەبێژێکی دەنگ بەسۆز بوو.

٤٥- سێ هونەرمەندی ناوداری شێوەکاربوون، دانیاڵ جوولەکە بوو.

تەڕزمانەکانمان بەبەندەکانی مافی منداڵان و مافی مرۆڤ بزاخاندایە.. دەخیلە قوڕینەکانمان بشکاندایە و لەباتی لگاو پیانگۆ، ڕێگای یۆنسکۆ و یۆنسیف و ڕێکخراوی ئاسایشی نێو دەوڵەتان پیشان بدایە.. قۆچی سەر دەرکەی خانووی دەوڵەمەندە پاوشک و چرووک و چەپەرەشڕەکانمان بشێلایە.. زۆر خانەیێکمان بۆ دەیانی وەک (حەمەپێپان و کەریم پاڵەوان و مام بەهرام و هاشیم کورەچی و هاشیمی مەلا و مەزۆ)[٤٦]بخەملاندایە.. دەیان دایەنگەمان بۆ (شازەمان و دایە عەیشێ)[٤٧] هەڵبخستایە.. (شانێ و مەڕۆ و فەتا و نەزۆ)[٤٨]مان لە هەمێز بنایە.. سەدان پێستی دەهۆڵ و پییکی زوڕنا بۆ (خدر دۆڵەنگێو و دێوانەی زوڕناژەن) بغارایا و بدۆزیایە.. کەسمەی هەڵەپاسە تەڵەتەقێنەرەکانمان ببڕیایە و سەدان دەفی شادیمان بدایەتە دەست (ئیسحاقە گوڵە و وەستانادر و حاجی عەولای دەفژەنو سەیدموتەلیبو پاپخو سمایلدێوەرە...))[٤٩] پێکەنینگایەکی شەوانە و بێ بلیتی ڕازاوەمان بۆ: (مام هادی و جەحۆ و عەلی عومش و عادیلماینەکۆر و نەعمان و عەباوو هەندووک و کەماڵە کەچەڵ)) [٥٠]بینابنایە.. دەسخۆشانەی (شوکرو خەتاب و برایم)[٥١] بەربەرمان بدایە.. دەیان تراموای و میترۆ و پەیتوونمان بخستایەتە جووڵە، تا لەسەر شەقام و ژێرزەوی شار و دەوروبەری سێفاقۆچکەکاندا، گەڕیان بخواردایە و بگەیشتنایە خزمەتی میوانەکانمان.. کاربۆ هەموو کەسێک، بۆ شەل و کوێر و

٤٦- وەرزشوان و زۆرانباز بوون.

٤٧- دایەن و مامان بوون.

٤٨- سەرشۆری ناو حەمامی ژنان بوون.

٤٩- دەفژەنی مەولوودان و هەندێکیشی دێوەرەبوون.

٥٠- قۆشمە و عەنتیکە و قسە خۆشەکانی شاربوون و چەندێکیان ماون.

٥١- سەرتاشبوون.

کەڕ و تێکۆکانیش دابینبکرایە.. سندانی سەردڵی هەتیوە ڕووتەڵەکانمان لە بیخ بکێشایە و ملەچورچی هەموو پەنجەبڕێکی (زۆربا)مان بقرتاندایە.. (تەهاکۆر و برایمەکۆر)[٥٢] ناوکبڕمان بکردایە بە کێخوای کۆڵانی ترسنۆکان.. جەوەند و دێمکەکانمان بە شەکراو تژی بکردایە.. جیفڵقەی فسفس پاڵەوانەکانمان دەربهێنایە و دەرگا و دەروازەی درۆبوختانمان لەرێسمە ببردایە.. پەنجەی نەدار و تەنیا باڵەکانمان بە ئەنگوستیلەی نقێمداری دۆم و قەرەجەکان مشت بکردایە.. خەنەی سەر دەرگای تەکیە و مزگەفتەکان بسڕابایە و بنەبڕی شیلانی حاجیان و بە داملی دابەشینە و بخوورسووتاندن و بەندی دوڵدوڵ بکردایە.. ئەوەندە ئازاری مرۆڤی بێگوناهی: (حەبۆڵە شێت و عەشەخانی لاالەالاالله و سمەگۆلێ و کەرەشین و چۆک بەگوو)[٥٣]مان نەدایە.. (خەجە بەرچیغ و عەشەکەلاش و فاتمە بەحللی و عەشەبلبل)[٥٤]مان لە تەمبەڵخانەی دەمەوەڕەکاندا تەمبێ بکردایە.. (وەکاشە و شێخ و سوڕەحمان و شێخی تەسکە و کەندەکۆخ و شێخی باڵەکیان و ئۆمەرمەندان و شێخەڵلا)[٥٥]و بازیبەند و هەمایل و نووشتەچیەکانمان بکردایە بە سەرگوزشتەیەکی جوان و ئەنتیک و بەس.. لەجیاتی کارگەی زیندووریی (مامەحمەدی سەراج)[٥٦]و ئاشی (عوسمان بابش و مەلا ساڵح)[٥٧] دەیانمان بنیاتبنایە.. لەباتی تیپێکی (بروسک)[٥٨]

٥٢- ناوکهەڵگربوون.

٥٣- چەند کەسانێکی پێکەسو بێچارە بوون.

٥٤- چەند ژنێکی چەقاوە سووی خۆشەویست بوون.

٥٥- چەند جێنزرگەیەک بوون، ئێستاشی لەگەڵدابێ.

٥٦- زیندرووێکی ناوداری شار بوو.

٥٧- دوو ئاشی دیاری نێو شار بوون.

٥٨- یەکەم تیپێکی وەرزشوانی بوو کە لە ساڵی (١٩٥٦) دامەزرا.

دەیان تیپی گورج و ئازامان بۆ وەرزشوانانی وەک (حەیدەرەفەندی و حەمادی وزیوەر و قەرەنی و عەزە قووتە و سەردار و یووسف و ئۆمەرەشل و مەندووب و مەمۆ و ئۆغز و یۆنان و ئەنترانیک و لەکمان)[٥٩] برەخساندایە.. شەترەنجگەیەکی شیرینمان بۆ (مام نادر و مەلامەجید)[٦٠] بسازاندایە.. بە دەنگی (حەسەن لاوک و حەمیدۆک و قادر خۆخی و سیساوەیی و سەعدی دۆم و حاجی عەبدوڵلای خەیاڵ)[٦١] نەوەی ئەمڕۆمان پێ جۆشبدایە.. دەنگی دەیان حیکایەتخوانی وەک (مام هادی و مۆشی)[٦٢]جوومان تۆمار بکردایە.. لە شەوانی سینی سینیسانێی ڕەمەزانیشدا، پاقلاوەی بەگوێز و بادامی ماڵانمان بەسەر میوانانی کەرکووک دابەشبکردایە.. شییرپاکی و سەروکاری (شێخە شەل)[٦٣]مان لەپێش چاو بگرتایە.. لەسەربردەی (مامزگوومەکە)ەوە، ژنانمان فێری چاوقایمی و خوێن لێستنەوەی پیاوکوژەکانمان ببوایەن.. ئەو بزنانەی سواری گابوون دەگەڵ نۆکەرە کۆپارە پان و گزیرە خوانەناس و بەدویژدانەکان، بە پەلاری لەندەهۆر و تەڕوتڵێس بکردایە و بەرپێنەمان بدایە بەرپێیان و تەپڵی تۆپانیمان پێبکردنایە.. لەبری ئەوەی بەختوبارا، بە مست ژماردنی سەرقۆڵ هەڵوەژاندرایە، دەبوایە شوونی (بەخت) لە ڕێی شۆڕش و ڕابوونەوە هەڵبگیرایە.. لەباتی ئەوەی بەکلکی شەیتان بەستنەوە، ڕاستیەکان بدرکێندرایە، یا بە (چل شافڵتە)[٦٤]و

٥٩- وەرزسانی فوتبۆڵێن بوون.

٦٠- دوو شەترەنج و دامەزانی شارەزا بوون.

٦١- چەند سترانبێژ و حەیرانبێژێک بوون.

٦٢- دوو حیکایەتخوانی زۆر بیندرێژبوون، (مۆشی) جوولەکە بوو، دەیان حیکایەتی کوردەواری لە ئەزبەردا بوو.

٦٣- تێکۆشەرێکی مارکسی یە و ئێستاش ماوە.

٦٤ - بۆ مرازگرتنەوە هەولێریەکان چل شافڵتەیان دادەگیرساند و لەسەر قەڵا و شەوانی ( ) فرێیان دەدایە خوارەوە.

(چل پیاو چاکەکە)[٦٥]ی سەر بەندەنی قەڵا، ڕازومرازی تەبایی و خۆشەویستی و میهر و ئەڤین بدرایە، دەبوایە لە کاتی ڕاستی گوتندا، درۆ داپرۆسقێنرایە، چوون بە (پارووی گەورەی ناوقورگەوە) نالویٚ درۆ ڕووی ڕەشبێ و ڕاستی بدرەوشێ و ئاسایش فرووزبگرێ..! دەبوایە دیوەخانەی خانەوادەی خانەدانی (موفتی)[٦٦]هەر ئاوەدانبوایە و هەزاران فرنی سەموون و کاهی لە گرەگرِبوایە.. پارچەڵە لارەملەکانمان، لە بەڵەکی و تراخۆمای وشک و زەرتک و خوریکە و دیق و تەلاسیما و سۆریکە و ئەنیمیا قوتار بکردایە.. دەیان دەرمانخانەی (وەهان و پۆڵس)[٦٧]ئاسامان بهێنایەتە ڕوو.. عەمباری دانەوێڵەی سەدانی وەک (سلێوەدیان)[٦٨]مان بشکاندایە و نۆک و نیسکەکانمان بەسەر دەسکورت و نانەزگە و ئەوانەی نانی شەوانیان نیە ببەشیایە.. دەیان دەزگامان بۆ وەستا (ئەپرێم)[٦٩]بنیادبنایە.. شۆخ و لاوەکانمان، کچی مام بەخاڵ و کوڕیلەی سمێڵ سەوزی (سەعدووناوە و تۆگانی و گۆمەپیس و سێتاقان و سەیداوە و قەڵاو تەیراوە...) بە پاسەکانی (ئەردەواس و دینەکۆر و گارۆ و ئەحمەدکەپوو)[٧٠] نەورۆزی بەستۆرەی پیرەبەهارانیان بجۆشاندایە و پەنجەیان بخستایەتە نێو پەنجە و

٦٥- بە بیرو بۆچوونی هەولێریان، چل پیاوی چاک لە قەڵانێژراون.

٦٦ - مەبەست دیوەخانەی دێرینی بەهەشتییان مەلا محەمەدی موفتی و ئینجا مامۆستا رەشادی موفتی یە.

٦٧- دوو دەرمانگەری ناوداری گاوربوون.

٦٨- کابرایەکی گەڕیدە بوو، بە باری کەرەوە، لەنێو کووچە و کۆڵانی شار دەگەڕا و نیسک و نۆکی دەفرۆشت، یادەیگۆڕیەوە.

٦٩- وەستایەکی دەسڕەنگینی گاور بوو، فیتەر و تۆرنەچی بوو!

٧٠- ئۆتۆمۆبیلی پەستەدارینەیان هەبوو.

دەساندەستۆکەش شاییەکی شیرین و گەرمیان بۆ دڵخوازەکان بگونجاندایە و بەڕەژووی (تۆربین)یش ئەو ناوەیان بە گۆشت برژاندنی کاوڕی بەغەز و بەزبۆن بدایە.. لەجیاتی ماڵە بە شووشە و ماڵە بە تەنەکە و ماڵە بە پەڕۆی (عەزە دەڵاڵ و حاجۆ و قوشە)[٧١] سەدان کارگەی مافور و گۆریە و شەدەی گولینگەدار و کڵاوی سورمەچن و ڕانکوچۆغە و شەکر و کەتییرە و دۆشاوی تەماتە و سماق و سرکەی ترێ و برمان و پەنیر و شییر)مان بخستایەتەکار، تا سەدانی وەک (عەولا گورێژ و سچەنە و عەلمۆدەخان و ڕەفۆکە و تەها مامرو حەمەدینار)[٧٢] خۆیانیان تێدا بدۆزیایە.. سەدان (حاجی یادگار و مام خورشید)[٧٣] مان هانبدایە، تا بە خۆڕایی خۆڵ بفرۆشنە بێ لانەوبانەکان و (مام کەریم و حاجی شەهاب و مام زەینەل)[٧٤] یش دەیان کارگەیان بەکەرپووچە سۆرەکانیان، هەزاران خانییان بۆ بەلەنگازان نژیار و ئاوەدان بکردایە.. بانقێکی خنجیلانەی (خوێن)ێش بۆ سەدانی وەک (گەڕەبێت)[٧٥] دابمەزرایە.. ئەو ڕاسپۆتینانەی فێری کارەکەرە خانەبێزارەکانی نێوماڵە زەنگینەکانن، ڕوویان ڕەش و بەسواری ئایشە گوێپانەوەیش خۆڵ و دۆمان بەسەردا بکردنایە... دەیان کوببەو کەباب و چێشتخانەی وەک (گەرەگۆز)[٧٦] و (هەمە ئەلی

٧١ - چەند کاسبکارێک بوون و لە کۆلانان دەگەڕان.

٧٢ - چەند کەسانێکی هەژار و قۆشمە و ساکار و کاسبکار بوون، تاهامامریش شایەرێکی میللی بوو.

٧٣ - خۆڵفرۆشبوون .

٧٤ - کوورەچی بوون.

٧٥ - کەسانێک بوو، خوێنی خۆی دەفرۆشت و پێی دەژیا و هیچ ئیشێکی دیکەی نەبوو.

٧٦ - چەند چێشتکەر و کەبابچی و قاورمەچی و کوببەفرۆش و سەروپێفرۆشی یەکجار ناودار بوون، موسڵمان و هیندی و گاوریش بوون.

هیندی)[٧٧] و (پەترۆس)[٧٨] و (سلێمان قاورمە)[٧٩] و (شاکری سەروپێفرۆش)[٨٠] کردایەتەوە .. لەبەردەم دەرگا ڕووخاوو خەمکەدەی قەڵادا، پەیکەرێکی (خانزاد) و (ئەنجیلادیڤین) و (ڤاڵنتیا)مان دابنایە، تا بمانزانیایە لەگەڵ ڕزگاربوونی ئافرەت هەر هەموو پیاوی کورد ڕزگاری دەبێ..! لەگەڵ (ئەبوتەیارە و عەتیشە و زەحلاوی) یە بەتامەکەی (مام یووسف)[٨١]یش، دڵان و چێژان خەستتر بکرایە.. ڕاوەدووی دەمەژەن و جاد و بازو بالۆرەژەن و سەڵتوقوڵتە دامەنپیسەکانمان بنایە..وەک بابایەکی هەژار، بەڵام بە جەرگ و دەمارەستوور، دڕمان بە دەستەو دایەرەی قەڵاجساز و بەرزەکی بانان، هەرهەموو بەرزەکی بانان بدایە.. لە هاویناندا، بە گوللـەتۆپی وەستاڕەجەبی ڕواندزی بە ڕوو گەرمی بەپییری دەیانی وەک (لیرخ و ئۆسکارمان و بێشکچی) بچوونایە.. وەک مناڵ ساڵەوەخت، ژیانمان خۆش بویستایە، لەڕێڕەوا پیاو، لەدڵا، لە پاکیا، لە پێکەنین و گریانا مناڵ بوونایە.. ئینجا هەموو دنیامان لەنێو باڵەخانەی چاوی شارە گوڵبەدەمەکەی خۆماندا دەبینی و دەمانکرد بەڕووگە و لە دەوریا دەخولاینەوە.. لە فەرهەنگی شێوەزاری هەولێریان، دەرکمان بە شیرینی زمانەکەمان دەکرد..! ئینجا لە هەر زمانێکی سەرڕووی ئەم زەمینە، چەندین وشەی پاک و جوان

٧٧ - چەند چێشتکەر و کەبابچی و قاورمەچی و کوببەفرۆش و سەروپێفرۆشی یەکجار ناودار بوون، موسڵمان و هیندی و گاوریش بوون.

٧٨ - چەند چێشتکەر و کەبابچی و قاورمەچی و کوببەفرۆش و سەروپێفرۆشی یەکجار ناودار بوون، موسڵمان و هیندی و گاوریش بوون.

٧٩ - چەند چێشتکەر و کەبابچی و قاورمەچی و کوببەفرۆش و سەروپێفرۆشی یەکجار ناودار بوون، موسڵمان و هیندی و گاوریش بوون.

٨٠- چەند چێشتکەر و کەبابچی و قاورمەچی و کوببەفرۆش و سەروپێفرۆشی یەکجار ناودار بوون، موسڵمان و هیندی و گاوریش بوون.

٨١- عەرەقفرۆش بوو.

و ئاودارمان هەڵدەپژنی و دەمانخستە دووتوێی زمانی خانی و مەولەوی و کوردی و مەلاپەرێشانەوە، تا هەموو لایەک: شایەتمانی بەجوانی و بە زیندەگی و بە قووڵی ئەم زمانە چوختەی ئێمە بهێنایە.. ئینجا بە هەردوو دەستم، بە هەردوو شانم، چوارزەمبیلی ڕەشەڕەیحانەی کێویلەم هەڵدەگرت و هەندێکی بەسەر لانەواز و بێدەرەتانەکان دەبەشیەوە و ئەوی ترم دەکردە قردێلە و دەمکردە سەروپۆڕی کچە هەژاران..!!!

❊❊❊❊

## پاکیزەکەم!

ئەوەی لە ناخی ناخی ناخەوەماندا هەیە، هەر یەکجار یەجگار لەگەڵ ئەم ڕووبازی و بێدەنگی و هێوریەمان ناپۆڕێ.. لە ناخماندا پەرادۆکسی دەیان دەزریکە و چریکە قریشکە و هەراو یاخیبوون و زایەڵە تێڕامان و هەڵکشان و داکشان و ڕاستی تەڵەی تەقاندووە و مۆڵی خواردووە، تریلیۆن تریلیۆن سەراسۆو سەرو سۆراخ و ڕوخان و بگربگر و هەڵچوون و داچوون و بزاڤ و ئاوزەنگی لێدان و سەرهەڵدان و ڕابوونی تێدا جۆشدراوە، زەریای لێشاوی بەڵەکبەڵەکی خەممان سەدان تۆربید و ڕادیۆتیلسکۆپ و هیلیۆگراف و ئاوبازییش دەرباز دەکا، هەزاران هەزار بنجەژاژ دەقرتێنێ و تەشقی هەزاران هەزار عاردوعاسمانانیش دەشکێنێ..! نەوەی حەو پەراسووی ئەم سەردەمەمان، کۆمپیوتەری هەموو چەشنە ئاراندن و هەڵەنگوتن و مەرگەسات و داڕسانی گیان و حیزە فرسەتی و تاکتیکبازێیکە، زایمۆمەتری ترشانی ژان و توڕەیی

و ئەزئەزی و دەمارگرژی و مەردی یە..! نەوەی بەرگی ئارایشدراوی پڕوشکی ئەتۆمی کوشندەیە.. دەسدەقەیەکە لە مەچەکی یادگار و مێژووی دێرینەی باووباپیران.. خاڵێکە لە مەمکی پاکشییری داووداپیران..! ئێمەمانان سەرمەشق بەزرموزامی ئازارەکانمان دەکەین و ئینجا دەیجاوین و دەیجاوین و دەیجاوین و کاوێژی دەکەینەوە و لەژێر کاکیلەماندا دەیهاڕین و لە پاشا بەسەریا باز دەدەین..!؟ وەک مۆم و چلچراین، ئاوی لێخنی نائومێدی خۆمان، سەرشۆڕیمان، ئاوزینگدانمان دەخۆینەوە..! بەڵام ئەوەمان هەڵنەبواردووە کە هەموو ڕێگایەک بۆ (بانە)یە.. بەلای ئێمەوە گەر هەموو بەزینێ مردن بێ، کۆتاییهێنانی قۆناخی بێ، لەنێو خۆلەکەوەکەیا، ژیانێکی نەوژەن چرۆی ئاگرین دەرئەدا..! خۆی بئاخنێتە نێو ڕشتەی تەمەن و ڕیزەکانمان، نێو دەروون و گیان و گیپاڵمان، ژێر پێست و ئێسقان و نێو نووکی قەڵەم و پەراوێزی کتێب و نەخشەی ڕۆژمێر وساڵنامەمان..! باسەد ئەوەندەش خۆی بقورتێنێتە نێو ڕەنگی مانشێتی ڕۆژنامە و دەنگی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئاژانسەکانا..! بەڵام ئێمە لە سۆتکی تووتنی شاوور و لەقەرەبرووتی داربەڕوو، پەیدەرپەی پەیکەرێکی مەزن، زۆر مەزن و بەرز و دامدار بۆ شەهیدان و ئەو شۆڕشگێڕە چاوەنۆڕکراوانە دادەتاشین، کە ئۆباڵی ئەم خەم و ئەرکە بخاتە سەر ئەسکوردی خۆی..!

ئێمە لە کامەرانی و پاراستی ئەم خاکە بەرپرسین، با ژیانمان سەد ئەوەندەش پڕبێ لە دردۆنگی و نیگەرانی و ئابڕووتکان و ئێشی نێش و ڕیسوابوون.. بەڵام ئێمە لە کەڵین و کونج و کاژێرکی ژانی ئەنجن ئەنجن کراومان سەرهەڵئەدەینەوە، هەموو شتێ لە پارسەنگی تەرازووی ڕاستیخوازی ئەدەین، ئەملایەمان بەردەقارەمانی سەربەرزی و ڕاستی و ڕزگاری، ئەولایەشمان چقڵی جادوبازی و پشتێکردن و مۆزە مۆز

و چڵێسی و خۆفشکردنەوە. قسە و ئاخافتنمان سەرلەنوێ لەداک ئەبێتەوە..! لە هەموو شتێکا: لە شیعرا، لە چیرۆکا، لە تابلۆدا، لە ڕۆمانا، لە پەیکەرا، لە شانۆدا، لە پەڕەمووچا، لە کاسێتا، لە ڤیدیۆدا، لە نۆتەدا و لە تامپۆدا.. لە گۆڤاردا..! ئەوساتە لەنێو پرتەوی سکڵی سوور و شاڵاوی فرۆکە و تەپوتۆزی دۆشکە و کاتێۆشاو سەنتیرن و مێگ و میراژ و تۆپۆلیف و سۆخۆی و بۆردومانا چاوهەڵدەگلۆفین و دەمامکەکان هەڵدەوەشێنین، دەرگاکانی کوردستان خڕ، لەبەردەم هاشاوڵی هۆلاکۆکان دادەخەین و تیربارانی سمی ئەسپ و چەناگەیان بزمارڕێژ و ژانی خورتی ئەم گەلەش دادەمرکێ.. خاکەکەیشی دەبێ بە خاکی ڕۆژی پەسان و هەموو میللەتە ڕۆچوو و نوێکانی لەسەر پشتیدا زیندوو دەکەینەوە..! داراوجەنگیز و ئەسکەندەری شاخدار و بانیپاڵ و ئەتاتورک و حەمەڕەزاشا و عەلی کیمیایی و ژەنراڵە قایش شلەکانی ئینگلیزی تێدا لەدار دەدرێن.. ئینجا خۆمان دەزانین چۆن کارگە و چۆن دەرمانخانە و چۆن خوێندنگە و چۆن ئامۆژگە و چۆن ئۆرکیسترا و چۆن فۆتۆتێلیگراف و ڕادیۆگرام و دەزگای دینامیتێک بسازێنین و لە بەریا شیعری بەنگینی برایەتی و دۆستایەتی مرۆڤایەتی بخوێنینەوە، ئائەو چرکانە، تاوانەکان لە گڕوقرچەی تاوانا دەتاوێنەوە، ئینجا پەرکەمی مژمۆڕ دڵی (کات) دەپووکێنێ، تاوانی (ئۆدیب)ی دایکی کورد بۆ تاوان و بۆ خۆکوشتن ڕادەکێشێ، ئینجا پۆڵووی نێو وشەکانمان پف دەدەین، تا فتیلەی بۆمبائاساکانی تێدا بتەقێتەوە..! بێگانە بۆ دەرەوە و وتە قۆقز و قیرۆسیاکان بۆ نێو زونگاوە گەنیوەکان، ئینجا ئاگری کینەی پیرۆزمان ئەخوسێتەوە و ئێمە و نەیاران فیتاوفیت، ئەوجا هەموو کوردێکی ڕەند، گۆرانی بۆ ((جوانێکی بەناو)) ئەڵێ.. کەسیش لە مەردایەتی دا تۆزی ناشکێنێ و لەبەر خورداریدا کەس نایگاتێ.. بارانی خاکەلێوەی شادمانیش، دەموچاوی شەیداکان ئاوپرژێن دەکا..!

# شەنگولەکەم!

ئەزانی ئەمڕۆ وایلێهاتووە، گەربێ و چاوی چەپەی دنکەکەی خۆتت ماچ کرد، یاهەر بەو چاوە چەپەت سەیری لاچەپی خۆر و خەروار و خورمات کرد، یا گوێچکەی چەپت مووچ و قیت کرد، یالاقی چەپت خستە سەر ڕاستت، یا بەپەنجەکانی دەستی چەپەت چەقەوانەت لێدا، یاشتێکی ناچەپی چەپت نووسی، یا بە گونی چەپت چەند گوێزێکی ئایدلۆژیت شکاند.. یا لە چەپی ڕیزیکابووی و چەپچەپانێت پێدەکردن، یا بە لادیوی چەپەی شۆستەێیکا ڕێت کرد و بەدەستی چەپ سڵاوت دایەوە.. یا لەلاچەپی مەلایێکا نوێژێکی چەپت بەست، یاڕاستێیکت کرد بە چەپ، یالە قومارخانەێیکا لاچەپ ئانیشکتدا، لە تیاترۆخانەێیکا لەلاڕانی چەپی کچە نەشمیلەیەکی سەماکەری چەپخواز، دەرکت بە دەیان ڕازوپرسی چەپ کرد، یا چەپێکت بەلینگەوقووچی کردت بە ڕاستی.. یا بەناوی چەپەوە، بەپێکی دەستی چەپەوە، بۆنی دارکنێرێکی زڕت کرد، یاگوێت، لە سەدان درۆی قەوزەداری چەپی کچەلێقەوماوێکا لە ئاتوونی چەپڕەوەی دا چوویتە ژێر حەوتەبەقەی زەوییەوە، یا لەسەر خوانێکی سووری شەوانەدا، لاچەپ و لەبەر ڕاستدانیشتی..!!؟ ئەوا هەرتۆی سەرخێڵ، هەرتۆی ئاوەدان و کۆمپیوتەری هەموو گوێز بژاردنێک، تۆ نەبی، چ مانگ هەڵدێ و چ خۆرئاوا دەبێ و چ کەڵەشێری بەربەیان دەقوقێنێ!؟ قەڵای ناوت تورەگەڕێژکراوە، تۆی خەوەنوچکەی هەژار و زگبرسی و بێنەوایان، خەڵک چاوەڕیی وتە و وتار و دەستودیاری شنگوهەڵەکۆکتە، گوڵدەستەی و تۆ نەبی، نە گوڵ دەمئەدا،

نه چاڵەگەنمەکان بۆ جوتێرو ئەبێ، کەپری سەپانانیش هەروا دەمینێ.. لە قاوەخانەدا بیبسیت و وێردەکردێ، لە سینەمادا بلیتت بۆ دەبڕێ، لە مەیخانەدا پارەی پێکو مەزەت لەسەر چاشبوەکانتە، لە ژووری پانسیۆن و ژووری لاتەریکی تەلارە باڵاکان دا، گیان و لەشی زڕکچەکان لەژێر پەنجەبازی و ئەفسانەسازیی تۆدا، دەکەوێتە ملۆچەکردن، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ئێزگەو تەلەفزیۆن و ئاژانس و میهریجان و پۆستەری سەردیواران ناوت: (بەرزە، بەڕێز، ئازیزە، قارەمانە، کۆڵنەدەرە، زۆرزانە) چونکە تۆی هەڕەمە، هەی هەڕەمە، هەی ژەکی هەموو مەرگەمووشێک، وەی سەرپشکی کاران..! بەڵام، واخ! کە پەردەکان سەرەنداز ئەکرینەوە، ئینجا من و تۆ و ئەم و ئەو و، ئەم هەموو چەپچەپیەت! هەی چەپی ناچەپ..!!! و وەی چەپی چەپگەڕ!!!

****

# نیگاراکەم

ئەو ڕۆژەی مامەی حەللاج، وەکو گویزی ناوبێژینگ لە بازاڕ و زیوار و کوچە و کۆڵانەکانی بەغدادا، بە دوای خۆلاوەند و نهێنی خۆشەویستی و خەون و جوانی و ڕاستیی چەرخی ئەدا، خەیام لەبەرماوەی پیاڵەی مەی دا، پەروەردیگاری ئەدۆزیەوە، کابە و بەردەڕەش و بوتخانە و تەزبیحی ویرد و سەڵەوات و جننەخانە، لەلای خوراسانیدا، یەکرەنگی ئەدایەوە، بە هەشتی نێو دڵی شێخی عەرەبی ببووە مێرگی ئاسکۆڵان ودیری ڕەبەنان و مزگەفتی ڕووت

و شڕەحەسیر، تیم تیم فریشتە شاپەڕ سپیەکانی مەولانیا ڕۆمی لە مەیخانەدا (چەریەو)یان لەگەڵا ئەکرد.. شێخی سەنعان لە بەرازەوانی شۆخێکی ئەرمەنا خۆی ئەسووتاند و ئەقرچا، تابگاتە خۆی و گیانیگیانان، ئەمانە قەقفەفی زریزەی ڕازەکانیان بۆ شیتەڵنەکرا، هەوڵیاندا زۆریش کۆششیان کرد، کرێشک و زیپکە و تامیسکەکانی نێو دڵە رژدوچرووک و چڵکنەکانیان بشۆن.. قەشە ئۆگستین بەورکەی دڵ، لە بینایی چاوان و لە خۆی ئەدوا و بە قووڵی دەرکی پێدەکردن.. زاناکان لە ئەنگێزەی تاقەساڵێکی ڕووناکییەوە، ملیار تریلیۆن، لەبەردەم نهێنی بوون و ماندا ئەحەپەسان و دۆش.. ئەوا نەوەی ئێمەش ئەوەی ڕاسان و لێتۆژینەوە و زرنگی ، نەوەی مامەخەمەی قۆچاخ و ملەملە؛ لەنێوان: زەرمەمەی کچێکا، لە جوتبوون و زاوێربوونێکا، لە شریخەی دیمەنە شیعرێکا، لە جروکەی پاساری گەلاڕێزانێکا، لە ساودانی هەسان و لە چریسکەی کێردێکا، لە تەشی ڕێسێکی بەربەربەڕۆچکەییکا، لە بەرسیلەی رەزێکا، لە ئاڵوودەبوونی گوڵەزیوان و پەخشانێکا، لە شەوگاری زامی زمانێکا، لە چاوی خەواڵووی ساواییکا، لە لاوک و دەشت و ئەوج و خوێنین و چوارگار و قۆریاتێکا، لە نقێژی ئێزدیان و سروودی یارسانێکا، لە بەندێکی هەتۆناپشتم و کاکەلاس و شائارسەر و بەهمەنیکا، لە گەرمەماچی نێوان جوانێک و ناشرینێکا، لە کەفچەڕینی چەم و تریسکەی زیخ و چەوێکا، لەنێوان هاڕژنی مایکرۆنی ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆنێکا، لەنێوان سفیگمۆگراف و ئۆزۆنوسفێرێکا، لەگەرمە برنینی نێوان دڵبەرو دڵدارێکا، لە چرپەی نێوان کۆنترالتۆوباصێکا، لە ناڵەی نەی و ڕنگەی پیانۆییکا، لە نرکەی نێوان سەمایەکی شێخانی تۆنگاو باڵێیکا، پلۆتۆبیوگرافێکا، لە قاژەقاژی کلاشینکۆف و قرمژنی شەستیر و گرمەی دۆشکا و سرتەی

بیکەیسی و مەکاریۆفێکا، لە بیری گەنمی قەندەهاری مامەهۆ و کاکە سارتەرێکا، لە شەمزاندنی بکەر و کراوێکا، لە منێکا لە تۆییکا... بە هاکۆوە، فێری یەکەم ڕازای ڕاوێژو خودۆزینەوە و خواو خۆشەویستی دەبین، بیرمان گەزگەز باڵا دەردەکاو دێتە خەمڵاندن، لە پەنای ئەمانەوەش، وڵاتەکەمان دەناسین و دەیپەرستین، لە میهروسینە سۆزەی مرۆڤەکەیدا، دەتلێینەوە، لە گەرمەتای بیری پێشکەوتووی کوردایەتی دا چاوهەڵدەگلۆفین، بەڕەخشی ڕۆستەم بۆ ناو لرفەی گەردەلوول تێشوو دەبەستین و دەپشکوێین و تەکان دەدەین..!
دەڵێن: ڕێگای یەزدان لە دڵەوەیە، لە درزێکی زۆر زۆر بچووکەوە خوا دەخزێتە نێو دڵەشێت و شەیداکانەوە.. گەر بریسکانی بۆ هەموو لایەک بێ و لەو شوێنەش بێ، کە ئاشتی و داد و جوانی ماف و یەکسانی تێدایە.. گەر خوا، خوای هەمووان بێ، باڕواڵەتەکەشی بگۆڕێ و بگۆڕدرێ: لەلای مرۆڤخۆرەکاندا جۆرێ، لەلای بازرگانانی شەڕ و بنارو ئاژاوەدا چەشنێ، لەلای خاچپەرستاندا چەشنێکی تر، لەلای زانا و فەیلەسووفاندا ڕەنگێ، دە ئەوا لەلای ئێمەدا، خوا خوای خۆشەویستییە: سەرچۆپی کێشانە بۆ ژیان، سەرمازۆ و گەرمازۆیە بۆ بێکەس و چاوقەتیسماوان.. چەپکەگوڵ و شانە هەنگوێنە بۆ منداڵان..!

****

# کناچێ گیان

لەم وێرانە خاکەی ئێمەدا، هەزاران ساڵە بە تەقڵودە و، ڕەشەڕاوە وە گوڵ وشکۆفەی گوڵ هەڵدەپرووێ و دڕکەزی و ژاڵە دەڕووێ، کرم و سن و کیسەڵ و شێرەکوللە و گوڵەسەگانە، بەخیو دەکرێ، هەورە چڵکنە بەری ئاسمانی داپۆشیوین، وشکەساڵە، وشکە شەوە، وشکە ڕۆژە، وەکو گای قەش، لەنێوان فاتەگاخۆرەکاندا بڕبڕ و سڕسڕ و دابەش دابەشبووین، تەقڵوشە قڵمان پێدەکرێ و هێشتان لەنێوان چاڵان و ماڵان داین، بووین بە کرمی ئاوریشمێک و قۆزاخەیەکی ڕەنگاڵەمان بۆ خۆمان لە تەونی فرۆسمێنراو چنیوە، نشاستەی خێروبێریشمان بۆ نەیارانە و خۆیشمان لەنێو قاوغە بەرتەسکەکەماندا ئاوزینگ ئەدەین و وەک (ڕۆبۆت)مان لێهاتووە.. هەزاران ساڵەکێشەی ئێمە بووە بە خوێنی سیاوەش و هەرنابڕێتەوە، وەک شێری سەمەندۆکمان بەسەرهاتووە، ئەوان کاروانچی و ئێمە خانچی، چوارچاویان کردووین و گلێنەمان گل و دووکەڵ لەتەوقەسەرمان بەرزەبێتەوە و ڕۆژانیش بە پەنجە دەژمێرین، بەرگی مەرگ و ماتەممان لەبەرکردووە.. ئێمە خۆرانگازی مارانگازی گورگانگازین..!

هەزاران ساڵە، شەمامەی تەڕ و ڕنک و پونگ و ڕبەنگی ڕیواس و کورۆسک و پەسیرەی دەماشن.. گوڵەستێرە و پەڕەسێلکە و ڕەوەژووژک و تفتیلک و پەپوولەی ڕاودەنێن.. لە پەراوێزی بیرەکانی ئاگردا تەمتەمی ڕژدودژوار هەڵدەنێن، دەیان پردی (برایم خەلیل)ەی بۆ دەکەن بە سەرەنێزە..! ملیۆنان (مین)ی ڕقی بۆ دەچێنن..!

هەزاران ساڵە، کڵۆ بەفرەکانی لاپاڵ و قەپاڵ و لاشانی ئەرارات بۆ

کاژە بەفرەکانی کلیمەنگارۆ و ئەلپ ئەلاوێنەوە، هەوای سازگاری نێرگزجاڕی سەردەشت و سورە گوڵی باخی شنۆ، و شنە با شاخی لوبنان هەڵئەمژێ، ترێی ئالان و گوێزی هەورەمان و هەناری قەڵای سەرپەچەی سەقز و کانییە شینەکانی لالش و بۆکان، دەگەڵ هەڵزیپانی کانیاوەکانی بەزمارای سیرامایسترا و هێمەلایا ئەشنێتەوە، دەراوی ئاوە پەرکەمگرتووەکانی سەرچەم و ڕووباری ڤۆلگا و نیل و ئەمازۆن و ڕاین و سەند و سین و دۆن و نیڤادا، تامەتامی لوێچەئاوێک و ماچێکی لێواری ڕوباری ئەڵوەند و چەخەتوو سیروان و بادینانە.. ئەستوندەکانی بەعلەبەک و نەخشی داراو کێلەبەردی حامورابی و باخچە هەڵواسراوەکانی بابیلۆن و ستوونی هێنگ و تەختی جەمشید، هەڵوەدای لارەملی و بێنازیی شانەدەر و کێلەشین و هەزارمێرد و نوزی و دەربەندی گەرۆ و گوندۆک و چەرمۆیە، هەورە بروسکەی سەرتاڤگەی نیاگارا، باوەش بۆ سازی سولاڤی خەمڕشێنی ئاشاوە و گەلی و کانی ڕێسێ دەکاتەوە.. قەیس و لەیلا و مەنیج و بێژەن و رومیۆو جوولێت، ڕەشبەڵەکێکی ڕەنگین، لەسەر گۆڕی مەمی ئالان و زینی بۆتان و دەرویش عەبدی و مەترانۆ جۆش ئەدەن.. سیڤەر دەموچاوی لۆزان بەتفی نەفرەت ماڵنج دەدا، پەیمانی کورد و ئازەر بۆ پەیمانی وارشەو ئەنووزێتەوە، سنتۆش ژەهرە خەنینەیان بۆ ئەگرێ.. ئاهووی خوتەنی لەوەرزاکانی چین، ڕوندکی خوێنین بۆ مامزی سەرپلپلۆکەی دەشتی شێراوانە و قەراج و وان و شارەزوور و مەریوان هەڵئەڕێژێ.. چینوماچینەکانی دزەییاتی خۆیان بۆ تاوسە ڕەنگینەکانی هیندستان گیڤ دەکەنەوە، بەهێی زەردو سێوە لاسوورەی هیران و نازەنین و هەرمێی باخی ورمێ، چاوشارکێ لە پورتەقاڵی یافاو لیمۆی شیرازی ئەکەن، بلیۆنان بلیۆن گوڵەگەنم، سۆز و ژانی ورد و پروشیان تێدا ئاخنراوە و دەزریکێنن.. ئاسیاوەکان ئاشبەتاڵ

و سایلۆکان تەنگاون و لە هاتەهات ئەدەن.. لە دڵی بەرشەبەقی شاخ و دۆڵ و دەوەن و ئاسمانی ڕەشوشینی ئەم ئازارستانە، هەزاران گرمەوگۆڵەی هەورەتریشکەو سایەقەی ساماڵ و هەورەچەخماخە پەنگی خواردۆتەوە، شەیدایە و ئاوس بووە و پەلدەهاوێ.. ڕەگی داربەڕووەکان، لە بیخی بەردەڕەق و قوڕەسوورەکاندا، تادێ خۆی گیرتر دەکا.. ئێمەش خۆشەویستیەکەی ئەم عیشقستانە، بەهەموو گوللـە تۆپ و لۆناوسێرڤیۆس و سکۆت و ڤانتۆم و سپۆتنیک و بنکە سوپایی و ئەتۆمییەکان و بەدەزگا ئەلیکترۆنی و سپەرنەتیکا و بەبرسیەتی و تینوویەتی ئاسمانەوانەکان ناگۆڕینەوە..! کوردستانی ئێمە، سەندووقە کۆنیاک و جگەرەی ڕۆسمەن و دەفتەرە دۆلار و جامپۆو نەشمیلەیەکی گەنمڕەنگ و نامەیەکی ئاوەکی و لاوەکی دکتۆرایەک نیە لە جوگرافیا و کیمیا و فیزیاو ئەندازیاری و هونەر و مێژووزمان و ماتماتیک..!

کوردستان بزەگریان و گوڵی سەرسەلەی کۆڕ و جڤات و دیوانە شیعر و ترانزستۆری بەرباخەڵمانە، قەلەمتراش و شواڕکی شل و قایشی جگەرە و کەپروساباتی فێنک و مزرۆکە و کولیچەی ماڵان و دەستاڕو گرگڕ و سواندۆکەی بانیژەو دارەوانی شاخ و سمۆرەی سەردار و مێرووڵەی باڵدار و نێرە زەردەواڵە و مازووچن و سەوەی بەرخی بەهار و ڕێواس ڕن و کادینی قوڕین و سەهۆڵبەندان و خەزێمی شۆڕ و چلەی گەورە و شەکردان و برێشکەی ترش و هەوێز و ئاغەڵی مەڕو مەڕوماڵات و تووتنی بێشەماو مێشگەزۆ و شائاوی دیدەی گریانی قووڵ و شلکەی حەیزەران و کارێزی بێبن و چارداغی ڕەزو گژنۆکی بناران و گادۆشی بێریڤان و زمهێرداخستن و دەستوسواڵەی سەپان و ڕێس و ڕستنی تەشیڕێس و دیوەخانی خڕاو خڕ و گزار گزاری چاوشان و بازگەی پەزەکێوی و هێستره شێتەو مەکۆی جۆلا

و شاڵوشەپک و پلپلەی سەرو کەمەرەی شل و تاس و گەردانە و شەرابی حەوساڵە و عەرەقی کەسکوون و ئەسپەشینە و هەڵەتاج و ئاینەمەل و شینەمراوی و ئەسپی ڕەخش و سپیوەز و شەودێز و گوڵگۆنە.. جریوەی ئەستێرەی ڕۆژێ و سێوەیل و دومدارە، ئاوی قوڕە و لاگۆپکەی هەڵووجەڕەشە و ئالووبەڵالووکە، ئەستوندەگی ئافتاو گەردان و ئەسرێلکی دارقەزوان و تووڕەشەیە، ئاڤزیم و پلوورەبارانە و ئاڤدەڤ و پاشخورج و شەیپوور لێدانی گەردەگۆچانی مەرگ و مردن و هاناو باناى دەروونمانە، دەستەچیلەی هزر و هزراندمانە، گوڵەجۆی شەشپەڕ و خارچکە گەنمێنە و تیتڵەکناچەو هەنجیرەکێویلە و شۆڕەگوڵ و کاڵەکی قاشقاش و قۆزاخە هەوریشم و مێوستان و بەهاربەند و پرزونگی باران و نێرەهەنگ و بێچووەکۆتر و مریشکی پاپەڕوین و داپسکانی کەڵەشێر و بەرەمۆم و بنەتۆم و بەفزەزیلە و باگژەجۆزەردانە، خەونێکی بەتام و ئاتەشگەدەی شییزو ئازەرین بوررزین میهری نێو دڵمانە، تارژەنیی مەزەندەی گوڵگوڵی ئەمڕۆ و سبەینێمانە، شیرینێکە ئێمە فەرهادەکەین، گیاسینەمێکە ئیمە لاژەوهۆرەی بۆ ئەچڕین.. لە جانی بن جانەوە، بە دوای پاشەڕۆژی زێڕبافتیدا وێڵین، کە تاشەبەفر و گوڵەکانی خۆی سپیپاتر و پاکتربێ، تامەرنەمووکە ڕژدەکان، وەک بیی ناو ئاو لە بەردەمیدا بلەرزن و ملشۆڕکەن، داوەڵی ترس و مەرگ دایانگرێ و ئەوکیان هەناسەبڕ بکرێ و لە گەرووی ڕووبار و لەبنەبنی زورگ و لە کلکەی شاخەدیوەکاندا، قشوونەکانیان ئاودیو بکرێ و ئاگرودوویان ببڕێ و لەکەوشەنی ڕەز و باخەکانا، هەڵەتە و شوێنەون بکرێ.. لەمەودوا لەگەڵ یەکتر سەرلەنوێ پەیمانی تازەدەکەینەوە: ((سوزو ویزیندبیزی، بەزە، یەزەز، دازانووزو، بەزەکورز دوزو، بەزە، مێزێ ژۆژو، بەزە خوزو وێزی نیزی، تزگازا رێزی، شەزەهیزی، دازانیزی،

کوزر دزی سزز، تازا نوزو، بەنزە، حەزەونەزە، سەزەوزەو، ئازاخیزی، هەزەموزو، سەزەکزردەزە، قازا، رەزە مازا نەزا کازا، بەزەهیزی وازاو، ئازا وازاتیزی ییزی، هەزەموزو، تێزێ کوزۆشەزە رەزن هەزەر، هەزە موزومازا، هەزە موزو، کزروزوپوزو، پازارتوزو، رێ زێک خزرزاوزو، دەزەسزز، ستزە، بەزەن دێزێ کیزی، ئەزەم سزز رەزو، ئەزو سەزەریزی، نیزیش تیزی، مازانیزی، دەزاییزی، لەزەمەزەو، دوزو وازا، جازا رێزێ کیزی، ییزی، تزر، لەزە روزی، یەزەک تزریزی دازا، چەزەک رێزێ شیزی، نازا کەزەیوزو، شەزەریزی، بزرازا کوزوژوزی، بزە نزا، بزە رزی، دەزە کەزە توزو، ریزێ گازاییزی، هەزەرەزە، پیزی روزۆیزی، دزرۆزو، شزەمزی، هزرەزا، بەزەرەزە، مازانزی، بەزە یەزە، کزویوزونزی، ریزی یزی کازانزی، کوزو دوزو، کوزو یوزو دازایەزە، تیزی دەزە بێزێ و بەزەسزی. لەزپێزێ نازاویزی، ئازادز، کزردزی نزی، زەربزسێز، یێزی کیزی، ییزی کوزردزی، ستز ئازانیزی، مەزەنز و وزو، دازا مازا رز، ئازان دزی، دەزەتیزێ کیزی، شازا ریزستا زان زی و مزرۆ رۆزۆڤ، دۆزۆ سزت.....!))[٨٢]

تاکەس لە پاشملە باسی نهێنیمان نەکەن، بە شێنەیی پوازی درەختەکان بە تەورداسی ڕقی دێرینەی کورد هەڵدەپڕوێنین، تا گوڵکوژە بتبژێنەکان تەشەنە نەکەن..!!!

---

٨٢- بەزاری ئەزەلەزە ئەبێ بە: ((سوێند بێ بە یەزدان و بە کورد و بە مێژوو، بە خوێنی ترگاری شەهیدانی کوردستان، بە خەونە سەوزە و ئاخی هەموو سەرکردە وارەمانەکان، بە هیواو ئاواتی هەموو تێکۆشەران، هەر هەموومان، هەموو گرووپ و پارت ورێکخراو دەستەبەندێکی ئەمسەرو ئەوسەری نیشتمانی دایک، لەمەودوا: جارێکی تر لە ڕووی یەکتردا چەکرێژناکەین و شەڕی براکوژی، بنەبڕ دەکەین و ڕێگای هەرە پیرۆز و دروشمی هەرە بەرزمان، یەکبونی ڕیزەکانی کورد و کوردایەتی دەبێ و بەس، لە پێناوی ئازادکردنی هەر بستێکی مەزن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی شارستانی و مرۆڤدۆست...)).

که له ناپلیۆنیان پرسی: بۆ ئیسپانیات پێداگییر نەکرا؟
گوتی:
- چونگە کلکەنەفتینە و شوان خەڵەتێنە و پیسکە وشۆڤار و سیخوڕێکی تێدانەبوو..!
لەمەودوا، بەهاکۆوە! دژەخە و دەبین و داروبەرد دەخەینە سەما، تاکەس بەسەرمانا شێرگییر نەبێ..! ئەبێ وەک داپیرۆچکە بیست چاومان هەبێ، لەژێر سێبەری هیچ جۆرە سەیوانێکی ڕزیودا ناکەوینە کەروێشکە خەو، ئیتر زینی بێ ماین ناکڕین و دەسنادەینە چزووی دووپشک، وزە تازە بابەتەکانی دیکەی مرۆڤی کورد، لەتەنوپەراسووی، پڕ لە دراماتیکای ئەدۆزینەوە، تاخۆی ببێ بەبەرەڤانی خۆی، تا بەری خەلەوخەرمان و زەوی دێمەکار و ئاوێژەی ئەم خاکە، تەنیا بۆ ڕینجباری کوردبێ و بەس، تا مناڵە بیژیەکیەی ناو پزدانی شارستانیی سەردەم (نۆبڵ)ی ستەملێکراو، بدرێ بە میللەتێ، نەک بە یەکێ، ئەو میللەتەی کە هەزاران تاریکە ساڵە و هەرشان ئەکوتێ و خۆی و زمان و ڕەچەلەک و خاک و ئاسمان و خەونەکانی خۆی پاراستووە و نووچی نەداوە.. ڕووبەڕووی هەموو پووتەیەک و بێ نموودو نابووت و هەپڵەگونێک بۆتەوە، تالە شەوبەراتی ژیاندا، هەر پایەبەرز و تەمەندرێژ و سەر بەرسق و پڕ لەنووربێ، تا بە چەرخاندنی میللی ئەنگوستیلەی زێڕبافتی حەزرەتی سولەیمان، نیشتمانێکی زێڕنیگار و میللەتێکی دڵ و سەرازاد بێنێتەکایە، تا یەکەم سەرگوزشتەی:
((هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە کورد بەجەرگتر و قارەمانتر و بەرخۆدانتر نەبوو..))
بۆ هەر هەموو گەلانی شەرافەتمەند و بەشانوباڵی دونیا بگێڕێنەوە.. ب.. ب.. ب.. بگێڕینەوە..! هەر دەگێڕینەوە..!!!

****

# سیامەستەکەم..!

نازدارەکەی بێنازەکەی گوڵنەژادەکەی یادگارەکەی سەرگەردانەکەی دڵاوێژەکەی یادگارەکەی سەرگەردانەکەی نمەکناسەکەی بەرگەشتەکەی هاوزێدەکەی خەمەنگیزەکەی گوڵەبەفرەکەی زامدارەکەی فەرهەنگۆکەکەی دڵنشینەکەی گوڵناوەکەی لالێیەکەی گوڵبەدەمەکەی خومارەکەی خانەگوڵەکەی هۆزاکەکەی ناسنامەکەی گوڵباوانەکەی دڵەنگێوەکەی دڵمەندەکەی پاکییزەکەی شەنگوڵەکەی نیگاراکەی کناچەکەی.. من..!..! بەشێنەیی، هێدی هێدی لەسەر زاکی پشت ڕاکشێ و پێت ڕاکێشەو پێلوەکانت لێکنێ و باموچرکێک داتگرێ و سێجار بینێکی درێژی گوڵاوی هەڵمژە، هەردوو باڵت والا، والا، والا ترکە، ئینجا بەنوێژەخەونێکەوە، هەردوو دەستت بە توندی بخە سەر هەردوو نەرمانەی چاوتەوە.. لەگەڵ ڕاداری وردە تەزووە ڕەشوسپییەکانی نێو ڕەشێنەت هەشتاوی، ساتێ، ساتێ، ساتێ، چەند ساتێ بژی و هێدمە نەتگرێ لەم دنیا زوشت و بێزەوەرە لاتەریک بەو پەستاپەستا لەنێو ئەو تاریکستانە پڕ لە وردە گوڵەستێرە پیرۆزەییەک وەک گرشە شۆڕبەرە نێو ئەو جیهانە بەسام و بێبنە، با تاسێک بتباتەوە، لەپڕ تا بە چەند میگاسایکلێکی دەروونی خودی خۆت دەگەیتە دەروازەیەکی زیوزێڕینەی چواردەری گوڵگوڵین، کە بەخەتێکی شاش و جوان کۆماری دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان United Kurdistan Republic Democrate))ی لەسەر نووسراوە..! بوەستە و دووجار و دەجار بیخوێنەوەو تێر تێر لێی

رامینێ و چەکەرەی لێمەکە، تێرتێریش دینگەکانی ئەو دەروازە زیوزێڕینە بەلێوە تامیسکەدارەکەت ڕاموسە بە حەز و گریانەوە رایمووسە و بیگرە هەمێز، بەڕووخۆشی (شەوباشێک) لەو کچە ئەسپ شێوە گوڵفرۆش و لە ئاوازەژنە دەروازەوانە ئاوڕنگەکان بکە، ئەوان بە چرپەوە، پێلوی نوازشتت بۆ لەیەکئەدەن لەیەکئەدەن و سەری سەربەرزانەت بۆ دادەچەمێنن و بەرزدەکەنەوە، شەرم مەکە و نزیک بەرەوە و هەڵوەستەیەک بکە و بە چاوی سۆزەوە سەیریان بکە و سەرو یەکماچ لە دیدەی گەشیان برفێنە و پێهەڵگرە...! پێهەڵگرە بۆ نێو ئەو بەهارەوارە سەوزەوە، تۆزێ سەرت لێئەشێوێ و گومڕا..! کەچی لەنکاوێکا، سروە فریشتەیەکی گوڵاوین لە لووتی قنجت ئەدا و پێشوازیت لێ دەکا و پژمینێکی خۆشیش ئەپژمی.. هاکا! سەرشانی شەکەت و سەری پرشوورت پڕ دەبێ لە پەڕەی گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و هەزاران پەپوولە دەموچاو و برژانگت ئەمژێ و هێلانە لەسەر ئەبرۆت دەکا..! گوێبستی سیمفونیایەکی فرۆسێنراوی بەنێوی (کوردایەتی) ئەبێت، خەوە نوچکەت دەپەڕێ و نەختێ دۆش دادەمێنێ، شنەی کورکە گریانێکیش ڕاتدەژەنێ..! جارێ ئەمە یەکەم هەنگاوتە! یەکگاو، دووگاو، سێگاو، لەم ئەگەر و نەگەر و مەگەرەدا، لەنێو گوڵستانە دڵپەزێڕەکەدا، ئەگەیتە سەر ئەستێرکێکی یەکجار گەورە و نەخشین و کریستاڵساری پڕ لە بەردەتراویلکە و کەفەرێژی جوانی و ژان..! بە بژنگە ساردەپڕ لە گریزانگەکانی، هیلاکیت - کامە هیلاکی؟ - لە لەش دەردەچێ..! لە سووچێکی دوورە دەستی ئەو گوڵستانەدا، یەک پۆلەکچی خەتووخاڵڕشتوو، دەگەڵ چەندین شۆڕەلاوی خاڵوبۆر بوو، وەک تیپی شکۆفە، بە مایۆی سپی و سوور و شین و نێرگزی و پەمەیی و بنەوشەییەوە، کەمەر بەستە و بەیاریی گەپوگۆبەند و توولەکێوە، وازی باسکتبۆل

و ڕێکتیان سازداوە و بزەخەنینە لە ژیلی مەمک و بازندی سرک و زیواری لێو و گوڵمەتەی گۆنای سووریاندا خەوتووە و چاوشارکێ لەگەڵ فریشتەی بەختەوەری دەکەن و لە تریسکە دەدەن..!

هەر لەم بانچیلە ڕەخشندەیەشدا، چەندین پیری هاوساڵ و سەرسەنگین و بە دەمار و چاوبڵند و لەش ساغ، بە گالۆکەکنێری دەستیانەوە، لە پاڵ چەند ژنە پیرەزاڵێکی تەڕپۆشێکەوە، لەسەرمێزێکی کاژینە دانیشتوون و پیاڵەی (زازاکۆلا) دەنۆشن و بە خەمۆشی گوێشەوانکێی ڕادیۆی مارکەی (کۆمپانیای موکریان)ن لەنێو شەپۆلی ڕەهای مۆسیقایەکی شیوەنامێزدا، ئاخافتیارە دەنگ زوڵاڵەکەی، بەزمانی ستاندارت، بە ئێرفۆنەوە: ((مێژووی شەڕی براکوژی)) و سەرنویشتەکەی دەگێڕێتەوە. بە سالاچووەکان سەرپاکییان هۆن هۆن فرمێسکی قەتیس وشک بەر ئەوکییانی گرتووە و سەری بۆ دەلەقێنن و ئاخی قووڵی بۆدەکێشن لەبەردەم خۆیانەوە، کەوتوونەتە ورتە ورتێکەوە و تۆش نازانی چی دەڵێن، ئەوەندە نەبێ ئەوە ئەزانی کە: نەفرەت لەو خوێنڕێژ و دەسڕەشانە دەکەن کەبوونە مایەی ئەو شەڕە بە دەنگێز و نەگریسانە! پەڕپەستە مەبە و تیر لەم دیمەنە ڕامینێ دەشتوانی بە مۆبایلە حەوڕەنگەکەی سەر قەراخ ئەستێرکە کە، هەمدیس ئەو بەرنامە جگەر تەزێنە، لە ئێزگەی ناوەندی.. بەڵێ: ناوەندی..! داوابکەیتەوە..! چەند کەسێکی ڕەهەندەی ستۆکهۆڵم هانۆڤەر و برۆکسل و بەغدا و تاران شام و ئەنادۆڵ، لەبەر شەڕی ناوخۆ سەریان هەڵگرتووە و بەفرۆکەی (زەردەشتی ئاسمانی-Zardasht Air Way) گەیشتوونەتە پایتەختی گەورەی (میدیا)ی کورد، شاری هەرە مەزنی ئازادی و دیموکراتی و مرۆڤایەتی و دڵنیایی و تەناهی و ڕابواردن.. لە فڕۆکەخانەی (ئەردەلان) دادەبەزن.. دەستە شۆخێکی دەماخسازی خوێنشیرینی بالابەژن، بە پاچڕکێ بە

پیریانەوە دەچن و سەرووییەک چەپکە نێرگزیان دەدەنێ، جانتاکانیان لە دەسوەردەگرن و دەیانبەنە ڕێستهاوسی (سۆران).. تانەختێ لەنێو شەپۆلی بەستەی هەرەتازە دابەشکراوی (کچان دەچنە ڕێواسان) بحەسێنەوە و قاوەیەکی خەستی کۆمپانیای (شەهیدان) هەڵقوڕێنن..!

هەر لەو ساتەدا کچە ئەفسەرێکی تووندوتۆڵ، بە چرپە و بە زمانێکی ڕەوانی ئینگلزی و فرەنسی لەگەڵیان دەپەیڤێ و داواشیان لێدەکا لەم گەشتەیاندا رابەریان بێ . ئەوان یەکە یەکە هەڵدەستن و تەوقەی لەگەڵ دەکەن، ئەو پێشیان دەکەوێ، تا لە دەرگای فرۆکەخانەکەوە ئاودیودەبن، ماشینێکی مارکەی (لوڕستان)ی شینەوەزی تریسکەدار، چاوەنۆڕە، سوار دەبن و ماشین خۆت بگرە..! لەم بەزمی تەماشایە و لە ڕێگادا و لەنێو لالەزاری فلکە نیگارینەکاندا، دەیان پەیکەری: خانی و ئەدیسۆن و مەدامکۆری ومام هەژار و نالی و مەدام دانیال و بێسکچی و جگەرخوێن و لەیلازانا و شڤانپەروەر و گۆگان و سیمۆن دیبۆڤوار و حاجی و مەولانای ڕۆمی و باباتایەر و مینۆڕسکی و داروین و ماتیس و پۆلکلی و سارتەر ئیلیوت و ئاینشتاین و ئۆسکارمان و مەستوورە خانم و ئابۆڤیان و لێرخ و ژابا.. تد.. دەبینین..! لەپڕ لەنێو گۆڕەپان و گوڵزاری باڵەخانەی ئوتوتێلێکی ڕوونمای حەفتا نهۆمی و بە سام و بەناو (پیرشالیار) ماشینەکە ئەوەستێ کە ئەو میوانە شەکەتبووە کورددۆستانە، دادەبەزن.. چەندین کچی زندە دڵی میناگەردنی کەیلانی جوانی، بە جلی ئاڵوو واڵای کوردییەوە، ڕێزیان بۆ دەبەستن و تەوقەیان لەگەڵ دەکەن و چەپکە بەیبوونی شاخانیان پێشکێش دەکەن.. لە پرسگەدا، هەریەکە، بەوپەڕی شکۆمەندییەوە، بەوپەڕی خاکەڕایی و ناسکییەوە، ناونووس دەکرێن و هەریەکەش کلیلی زیوینی ژووری تایبەتی خۆی بۆ تەرخان دەکرێ..!

لە پاش دوشێکی خۆش، سەرخەوێ دەشکێنن، ئینجا بەتامترین

خۆراکێکی کوردەوارییان لە بەردەم ڕیز دەکرێ و ماستاوی مارکەی (بێریڤان)یان دەخرێتە بەردەم.. زێڕەڤانێکی چوارشانە بەخۆی و جانتاڕەشەی دەستییەوە، یەکەیەکە بەسەریان دەکاتەوە و چەند هەزار دۆلارێکی کوردستانی و بۆ خەرجی گیرفان بەسەر دابەش دەکا پێشیان دەڵێ: ((تا ئێوە لێرەبن، لە میوانداری ئێمەدان، خۆگەر ئارەزووشتان کرد لە کوردستان پەنابەربن، ئەوا هەریەکە و ناسنامەیەکی کوردیتان بۆ ئامادە دەکەین دەشتوانن هەریەکە بە کارێکی بەسوود و پاک خەریک بن و ڕەنج بدەن..!)) لە پاشا گەنجێکی مووزەردی چاوشین ئەڵێ: ((ئێمە ئەزانین ئێوە چەند ماندوون و گەلانی ئێوەش چۆن بەدەستی شەڕی براکوژییەوە ئاگرزەدەبوون، دوای شەش مانگیش بۆتان هەیە لە ئەنجومەنی شارەوانییدا، دەنگبدەن و خۆیشتان بپاڵێون، دوای ئەوەش کە پێنج ساڵ بەسەر مانەوەتان لە کوردستان دەڕوا، دەلوێ بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بکەن بێ حزب و حزبایەتیش خۆتان هەڵبژێرن.. ئێوە میوانی ئێمەن و ئێمەش زۆر بەقووڵی لە دەردی کوشندەتان تێدەگەیــن..)). هەر لە تەنیشتەوە، ئافرەتێکی باڵازراڤی چاویلکەداری خوێنئاگر ئەڵێ: ((هەر گاڤێک و ویستتان سەر لە کتێبخانەی شاری (بدلیس) یامۆزەخانەی شاری (کرماشان) یا ئاتەشگەدەی شاری (مهاباد) یا گەلەری (شەرەفخان)ی شاری (دیاربەکر) یا گۆڕی مەموزین یا (Kurdistan Space Agency) شاری (سنە) بدەن، یا چەند ساتێ لە ئۆپیراخانەی شاری (سلێمانی) بژین، ئەوا ڕاستەخۆ بەم تەلەفۆنە: ((٢٢٣٢٢٢٥٥٥ ئاگادارامان بکەنەوە، ئێمە بە هیلۆکۆپتەری کارگەی (زەهاو) لە خزمەتتان دەبین..!)).

کە تۆ بە چاوانی خۆت، ئەم ڕەخشانە ڕۆژانەت بینی، سەری دڵت

بەهنوەوە و دانەچڵەکێی، چونکە ژیان لەم کۆمارەدا، ئاواو لەمەیش پشتگەرمترو دەسوازترە و ڕۆژانیشی جەژنێک و دوو نەورۆزە.. جەژنێک و دوو نەورۆزە.. جەژنێک و دوو نەورۆزە..! نەورۆزێک و دوو جەژن.. جەژن و نەورۆز..! ئێستا دەتەوێ هەمدیس ئەو خەونە شیرینە ببینیتەوە..!؟ دەی پێڵوەکانت لێکنێ و لەسەر زاکی پشت ڕاکشێ و پێت ڕاکێشە و موچڕکێکی دی بتگرێ وەک گرشە، شۆڕ بەرەنێو ئەو جیهانە بە سام و بێبنە، دەبا تاسێک بتباتەوە.. نانا.. بەڵام نا نەکەی لەو گەشتە من فەرامۆش بکەی!! نەکەی! نە..!!! با ئەو جەژنی دوو جەژنەیە و ئەو بە هاری دوو بەهارە و ئەو نەورۆزە، بەیەکمانەوە بێ! بەیەک، بەیەک، بەیەک!!!

****

# جرەیەک

براوخوشکی هاوژان و ڕازم:
پتر لە (٣٧) ساڵ و چارەگە سەدەیەکە، خەریکی ئەم تابلۆنووسینانە، یا ئەم نووسینە تابلۆیانەم.. تابلۆی وای تێدایە بە چەند دەقیقەیێ، وایی تێدایە بەچەند سەعاتێ، تێیدایە بەچەند ڕۆژو حەفتەیێ، وایشی تێدایە- لەبەر سەرقاڵی ڕۆژانەم!- بە چەند مانگ و ساڵێ داڕژاوە و خۆی بەسەر خامە و خەون و خەمما سەپاندووە..!!! مەسەلەکە، بنەمایەکی دەروونی یە و یەکجاریش دەروونی بووە و هەر ئەو حاڵەتە دەروونیەش پێی نووسیومەتەوە..!؟ بۆیە لەنێوان تابلۆکاندا - بەڕواڵەت! - هەندێ جار هەست بەجۆرە داپچڕانێ ئەکەیت!؟ بەڵام گەر لە باری دەروونی من و لەناخی نووسینەکە خۆی بەباشی حاڵیی بیت، ئەزانی پڕۆژە دەروونییە هێڵە درامیەکەی سەرجەم دەقەکە پچڕانی تێدانیە، وەک بڵێی: لەیەک دانیشتن و تێڕامان و لەیەک هزر و بیرکردنەوە و لە یەک ڕۆژدا نووسرابێتەوە وایە..!! بە هەرحاڵ! من لەم بەرهەمەما، تا ئەوپەڕی ڕاستگۆیی ڕاستگۆییم نواندووە و ویستوومە دەقێکی زیندووی لێ بریسکێ و جۆرە ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبیشی لێ سەرهەڵبدا و چێژەکەیشی سەرپەڕتربێ..! هەربۆیەشە هەرجارەی بۆ بەشێکی ئەو نووسەرە باڵادەستانەی وەک (مام هەژار) و (مام هێمن)م خوێندبێتەوە -

لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی ناوچەیی دەقەکەش!- بەتەواوی لەگەڵییدا جۆشاونو تێرتێریش گریاون و منیشیان گریاندووە و حەپەساندووە، ئەو دۆست و برادەرانەش کە لەگەڵ ئەم دەقەدا گریاون، زۆرن و ماون خوای مەزن لە گریانی ناوەختیان بپارێزێ..!!

هەر گیانفیرازبن

م. زامدار

هەولێر- ١٩٩١

❊❊❊❊

# سەرنج

١- لە کانوونی دووەمی (١٩٨٩) بە سەردان چووینە لای مامۆستا بابەشێخ لەگەڵ برایان خالید جووتیار و فەیسەڵ دێهاتی لە بێتواتە، هەر لە ڕێی ئەویشەوە دانیشتنێکی لەگەڵ سەرهەد ئەنوەربەگی بێتواتە بۆ سازداین و هەر ئەم دەقە لە ماڵەکەی خوێندرایەوە.

٢ - جگەلە چەندین دانیشتنی شەوانەی نووسەران و شاعیر و هونەرمەندان بەتایبەتی لە شار ە دێی پیرمام و خویندنەوەی هەر ئەم دەقە، ئەوا لە کانوونی دووەمی (١٩٩٠/١/٥) و بە ئامادەبوونی برایان دکتۆر مارف خەزنەدار و خالید جووتیار و سمکۆی گەیلانی و کاکەڕەش سابیر لە ماڵی کاک شێرزاد هەینی لە گەڕەکی برایەتی -هەولێر- خوێندرایەوە و بە کامێراڤیدیۆی کاک بونیاد خەزنەداریش تۆمارکرا.
٣- چەند تابلۆیەکی ئەم نووسینە (٣٧) ساڵ بەر لەمڕۆ لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (نووسەری کورد) بڵاوکرایەوە.